
# رۆژنامە ٧

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٦٠١) سێشەممە ٢٠١٠/٩/٢٨ | www.sbeiy.com | نرخ ٧٥٠ دینار

**جەلالی سام ئاغا:**

**ئەگەر کار بە راپۆرتەکانی چاودێریی دارایی بکرایە، دنیا بۆ گەندەڵکاران بەمجۆرەی ئێستا تەخت نەدەبوو**

ل...١٢

# کەمپەینی ئازادیی رادەربڕین دەچێتە هەولێر



فۆتۆ: رۆژنامە

رۆژنامە

چالاکییەکانی کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین‌و چالاکی میدیاکان، کەدژی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین دەستیانپێکردووە، بە مەبەستی زیاتر فشار خستنەسەر دەسەڵات، دەچێتە پایتەخت‌و چین‌و توێژەکانی هەولێریش پشتیوانیی لێدەکەن.

ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین، کە کۆمپانیای وشە رێکیخستووە، جەختی لەوەکردەوە؛ کە چالاکییەکانیان لە شاری هەولێر دەستپێکردووەو وتی: «لە ئێستادا رۆژنامەنووسان‌و رۆشنبیران‌و مامۆستایان‌و خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگەکانی شاری هەولێر سەرقاڵی رێکخستنی کەمپەینەکەن‌و لە ئاستێکی زۆرباشدا پشتگیریی لێدەکرێت‌و لە رۆژانی داهاتوودا چالاکی بەرچاو ئەنجامدەدرێت».

لەلایەکی دیکەوە، ماوەی هەفتەیەکە میدیاکانی هەرێمی کوردستان‌و لەناویشیاندا ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لەلایەن پارتییەوە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، لە گفتوگۆدان بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی گەورە لە شاری هەولێر.

ئاسۆس هەردی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە بۆ راگەیاندن لەبارەی چالاکی ئەو میدیایانەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «کەمپەینێکی کراوەمان دژی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین رێکخستووەو زنجیرەیەک چالاکی ئەنجامدەدەین‌و بەدڵنیاییشەوە رۆژی کۆتایی چالاکییەکانمان لە هەولێر دەبێت».

ئاسۆس هەردی، داوای لە سەرجەم ئازادیخوازان‌و رۆژنامەنووسان‌و رۆشنبیران کرد، کە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان‌و لە دەرەوەی وڵات پشتیوانیی خۆیان بۆ چالاکی‌و کەمپەینەکە دەرببڕن، کە دژی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین ئەنجامدەدرێت.

بۆ ل...٣و٤و٦و٧

## فڕۆکەخانەی سلێمانی دەدرێتە کۆمپانیایەکی گرووپی نۆکان



رۆژنامە

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی بەپێی گرێبەستێک (خزمەتگوزارییەکانی گەشتیاران‌و خزمەتگوزاریی سەرزەوی فڕۆکەکان) دەداتە کۆمپانیای ئەزمڕ ئەیر، کە یەکێکە لە کۆمپانیاکانی گرووپی نۆکان.

تاهیر عەبدوڵڵا هەورامی، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی، لەبارەی ئەو گرێبەستەوە بۆ رۆژنامە وتی: «فڕۆکەخانەی سلێمانی لەماوەی (٥)ساڵی رابردوودا خۆی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی گەشتیاران‌و فڕۆکەکان دەکرد، هەرچەند ئەوە بەدەرە لە هەندێک یاساو رێنمایی نێودەوڵەتی، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە کۆمپانیایەک نەبووە لەو بوارەدا ئەزموونی هەبێت‌و دڵنیابین لەوەی کە دەتوانێت ئەو کارانە بکات».

هەورامی پێیوایە: کۆمپانیای ئەزمڕ ئەیر کاری لەم بوارەدا کردووەو شارەزایی پەیداکردووە، بۆیە بەپێی رێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ پێشکەشکردنی (خزمەتگوزاریی گەشتیاران‌و خزمەتگوزاریی سەرزەوی فڕۆکەکان) بۆ ماوەی (٥) ساڵ ئیمزاکردووە، ئەگەر هەردوو لایەنیش پێیان باشبوو، دەتوانن دواتر گرێبەستەکە نوێ بکەنەوە.

ئەم وتانەی بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی لەکاتێکدایە، کە ئەزمڕ ئەیر بەپێی پێناسەکەی لە وێبسایتی رەسمیی گرووپی نۆکان، (کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانییەو لەساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوەو خزمەتگوزاریی گواستنەوەی ئاسمانیی کەلوپەل‌و هاوڵاتییان ئەنجامدەدات).

بۆ ل...٢

## «تا ئێستا حکومەت بەڵگەنامەکانی نەوتی نەخستووەتە بەردەم پەرلەمان»

ل...٣

## «پەرلەمان لە تاریکیداو دوور لەچاوی خەڵک دەڕوات بەڕێوە»

رۆژنامە

جارێکی دیکە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن داوا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەن، پرسی ئامادەبوونی راگەیاندن لە دانیشتنەکاندا بخاتە بەرنامەی کاری گفتوگۆکانی پەرلەمانەوە.

لە یاداشتێکیاندا کە دوێنێ ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، هەر سێ فراکسیۆنی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە پەرلەمانی کوردستان ئەوە دەخەنەڕوو؛ «لە رۆژی (٩/١٩) هەرسێ فراکسیۆن یاداشتێکمان ئاراستەی بەڕێزتان کرد دەربارەی ئامادەبوونی راگەیاندن لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا، داوامان کردبوو پرسی راگەیاندن بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی (٩/٢٠)وە، ئەوەی مایەی سەرنج‌و رەخنەی توندی ئێمەیە، نەک هەر ئەو داوا یاساییە رەوایە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو تائێستا هیچ وەڵامێکی رەسمیمان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەرنەگرتووەتەوە.

ئەوەشی تێدا هاتووە؛ «بەردەوامبوون لەسەر ئەم هەڵوێستە بە کارێکی نایاسایی دەزانین‌و پێمانوایە؛ شەرعیەتی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەخاتە ژێر گومانەوە، بۆیە داواکارین پرسی رێگەنەدان بە رووماڵکردنی دانیشتنەکان بخرێتە بەرنامەی کاری یەکەم دانیشتنی پەرلەمان لە داهاتووداو لەو بارەیەوە پەرلەمانی کوردستان دوا بڕیاری خۆی بدات».

لە یاداشتەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە؛ «بەو هۆیانەی سەرەوە ئێمە پێمانوایە پەرلەمان لە تاریکیداو دوور لە رای گشتیی‌و چاوی کۆمەڵانی خەڵک، کە ئێمەی پەرلەمانتاران نوێنەرایەتییان دەکەین، دەڕوات بەڕێوە».

## سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بە یاسایی دانرا؟

ل...١٣



**دەسەڵات بەوە بەهێز نابێت دەست بخاتە سەر دەمی ئازادیی رادەربڕین**

ل...٤



**(٥٢) رێکخراو داوای کەمکردنەوەی نرخی عیادەکان دەکەن**

ل...١٨



**هەڤاڵ کوێستانی:**

**نیوەی مووچەکانمان داوەتە خەڵکی کەمدەرامەت**

ل...٩

## ئەنجامی سەرژمێریی، رێژەی (١٧٪)ی بودجەی هەرێم دەگۆڕێت

چاوان عەلی

پێدەچێت بەهۆی ئەنجامی سەرژمێرییەکەی تشرینی یەکەمی ئەمساڵی عێراقەوە، بودجەی هەرێم بۆ ساڵی داهاتوو کەمبکات.

رێژەی (١٧٪)ی بودجەی هەرێم، ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی رێکەوتنێکی سیاسیی لە بودجەی گشتیی عێراق دیاریی کرا، بەو مەرجەی لەدوای ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراقەوە بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەرێم مامەڵە لەگەڵ بەشی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقدا بکرێت.

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستە روو؛ کە لە یاسای بودجەی (٢٠١٠)داو لە دەستووری عێراقیشدا ئەوە ئاماژەی پێکراوە، کە داهاتی سامانە سروشتییەکانی عێراق بەپێی ژمارەی دانیشتووان دابەش دەکرێت، هەربۆیە چاوەڕوان دەکرێت، کە رێژەی (١٧٪)ی هەرێم کە تائێستا بە رێکەوتنی سیاسیی دەستنیشان کرابوو، گۆڕانی بەسەردا بێت.

پێشبینی ئەوەشیکرد، ئەنجامی سەرژمێرییەکە لە قازانجی کورد نەبێت، چونکە بە وتەی ئەو؛ تەنیا دانیشتووانی (٣) پارێزگاکەی هەرێم بە دانیشتووانی فیعلی هەرێم دەستنیشان دەکرێن، کە لەچاو دانیشتووانی عێراقدا رەنگە نەگاتە (١٧٪)و بەمەش بودجەی هەرێم لەبری ئەوەی زیادبکات کەمدەکات.

# هەولێرو دهۆک، داکۆکیی لە ئازادیی رادەربڕین دەکەن

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

**رۆشنبیرو رۆژنامەنووس‌و مامۆستایانی زانکۆ لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک، ئاماژە بە هاتنەدەنگی شەقام دەکەن، کاتێک ئازادیی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی مەترسیی دەبێتەوە**

بە بڕوای چاودێران، کۆدەنگی‌و هاودەنگیی چین‌و توێژەکانی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکیکردن لە ئازادیی رادەبڕین‌و رۆژنامەوانیی، نیشانەی هۆشیاریی خەڵکە لە بەرفراوانکردنەوەی ئەو فەزا ئازادییەی کە سەرچاوەکەی راپەڕینی خەڵکی کوردستانە لە بەهاری ساڵی (١٩٩١).

کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین، لە (١٨)ی ئەم مانگەدا لەلایەن کۆمپانیای وشە بۆ راگەیاندن راگەیەندراو یاداشتی کەمپەینەکەش ئاراستەی جیهانی دەرەوەو ناوەوەی هەرێم کرا، تێیدا ئاماژە بەوەکراوە: «فشاری دەسەڵات لە هەرێم لەسەر ئازادیی رادەربڕین‌و میدیای ئازاد چڕتربووەتەوەو گەیشتووەتە ئاستێک، کە مەترسیی خستووەتە سەر ئازادیی رادەبڕین‌و ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان».

### هەولێر

دوای (١٠) رۆژ لە راگەیاندنی ئەو کەمپەینە، رۆژنامەنووسانی هەولێر جەخت لەسەر داکۆکیکردنی ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەوانیی دەکەنەوە.

مەسعود عەبدولخالق، خاوەن ئیمتیازی دەزگای راگەیاندنی ستاندارد لە هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: «زیاتر لە سەدەیەکە شۆڕشەکانی کورد لەژێر دروشمەکانی ئازادیی درێژەیان پێدراوە، ئێستا ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم دژ بە ئازادیی بوەستێت، یان لێی بترسێت، دەردەکەوێت ئەو دروشمەی بزووتنەوەی کوردی راست نەبووە».

ئەو نووسەرەی هەولێر، دەڵێت: «هیچ دەسەڵات‌و سیستمێکی سیاسیی دونیا بە قۆرغکردنی ئازادیی نە پێشکەوتووە، نە رزگاری بووە، نە کۆمەڵگەی مەدەنی دروستکردووەو نە ئەو میللەتانەش بوونەتە بەشێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی.

مەسعود عەبدولخالق ئەو هەوڵانەی ئێستا بە ئاراستەی کەمکردنەوەی ئازادیی رادەربڕین دەدرێن، دەگەڕێنێتەوە بۆ سیاسەتی دەسەڵاتی کوردی، کە لەدوای راپەڕینەوە هەوڵی بە مێگەلکردنی خەڵکیان داوەو ویستوویانە میللەت قسە نەکات، بەڵام ئێستا خەڵک بە دەنگی بەرز قسە دەکات، بۆیە پاڵپشتیکردن‌و بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕین، ژیان بەبەرهێنانەوەی رەوشی کوردایەتییە.

لەلایەکی دیکەوە، رێبوار کەریم وەلی، رۆژنامەنووس لە هەولێر، لەبەرامبەر ئەم پرسەدا ئاماژە بەوە دەکات: پێویستە خەڵک وەک گوتەزاکەی (تۆماس جیفرسیۆن)ی سەرۆکی ئەمریکا، لە بەرامبەر وڵاتێکی بێ رۆژنامەو رۆژنامەیەکی بێ وڵات ئیختیاری دووەم هەڵبژێرێت.

رێبوار رایگەیاند: «وەک رۆژنامەنووسێک لەسەر کەمکردنەوەی یەک زەرە لە ئازادییەکانی ئەو کایە بێدەنگ نابم، بەڵام پێموایە ئازادیی رۆژنامەگەریی بە ئیتیک دەپارێزرێت، ئەگەر لەگەڵ ئازادیدا ئیتیک نەبێت، رۆژنامەنووسان پاساو دەدەنە دەسەڵاتی سیاسیی سنووریان بۆ بکێشێت، یان بڵێت سنوورت تائیرەیە، لەکاتێکدا پێویستە راگەیاندنکاران خۆیان ئەو سنوورە بزانن».

> **رێبوار کەریم وەلی:**
> **ناچێتە عەقڵی مرۆڤەوە حیزبێک داوای نیو ملیار دینار لە رۆژنامەیەک بکات**

لە لێدوانەکەیدا بۆ رۆژنامە، رێبوار کەریم جگە لە رەخنەگرتن لە فەوزاو لەشکری رۆژنامەنووسانی ناپیشەیی، باسی لەوەکرد: ئازادیی رادەربڕین مافی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، بەشێوەیەک هیچ پاساوێک هەقی ئەوە نادات کە ئازادیی رادەبڕین‌و رۆژنامەوانیی بەرتەسکبکرێتەوە، چونکە وەک ئەو وتی: «کاتێک دەسەڵات رێگە لە خەڵک دەگرێت بیرورای ئازادی خۆیان لە رۆژنامەکان دەرنەبڕن، دەرگای ئەوە دەکاتەوە ئەو دەنگانە بەشێوەی نارێکتر دەربببڕدرێت، هەروەک مارکس دەڵێت: چەندە مافی ئازادیی شۆڕش‌و راپەڕین‌و بەرەنگاربوونەوە بدەیت، خەڵک کەمتر ئەو مافانە بەکاردەهێنێت».

رێبوار کەریم وەلی، کە بە رۆژنامەنووسێکی نزیک لە پارتی ناسراوە، رەخنە لە بڕی ئەو پارەیە دەگرێت، کە پارتی وەک قەرەبوو لە سکاڵاکانی لە چەند رۆژنامەو گۆڤارێک داوای دەکات‌و دەڵێت: «ناچێتە عەقڵی مرۆڤەوە حیزبێک داوای نیو ملیار دینار لە رۆژنامەیەک بکات، لە تورکیا کاتێک سەرۆکی تورکیا رووبەڕووی هێرشێک دەبێتەوەو داوا لەسەر رۆژنامەیەک تۆماردەکات، داوای یەک لیرەی تورکی وەک قەرەبوو دەکات!، چونکە ئەو داوایانە مەعنەویین، واتە زیاتر گەڕانەوەی ئیعتیبارە، نەک دەستکەوتی مادیی، بەڵام ئەوەی لێرە هەیە پێچەوانەی عورفی دونیایە».

### سلێمانی

سلێمانی مەڵبەندی رۆژنامەو گۆڤارە ئەهلیی‌و ئۆپۆزسیۆنەکانە، لەهەمانکاتدا پێگەی دەنگە نارازییەکان‌و بەرگریکردنی سەرسەختی ئازادیی رادەربڕینە، تایبەتمەندیی ئەو شوناسە، زۆربەی بڵاوکراوەکانی ئەو پارێزگایەی دووچاری داوا یاساییە لە ژمارە نەهاتووەکانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی کردەوە.

شوان ئەحمەد، نووسەرو رۆشنبیر لە سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات: ئازادیی رادەربڕین‌و قسەکردن مافی سروشتیی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، هەرکاتێک ئەو ئازادییە دەکەوێتە بەر مەترسیی دەسەڵات یان لایەنێک، پێویستە کۆمەڵگە خۆی بەرگریی بکات، بەتایبەت ئێستا لەبەردەم دووڕیانێکداین، رێگایەک بەرەو ئازادییەو رێگاکەی دیکەش گەڕانەوەی دۆخێکە پێشتر رژێمی بەعس خولقاندبووی.

لەوبارەیەوە، دەڵێت: «پێویستە خەڵک پشتگیریی ئەو کەمپەینەی کۆمپانیای وشە بکات، چونکە لەم قۆناغەداو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەوڵانەی دژی ئازادیی رادەربڕین هەن، پێویستی بە کۆدەنگیی خەڵک هەیە».

شوان ئەحمەد، جەختی زیاتر لەسەر هاتنەدەنگی خەڵک دەکات‌و پێیوایە: بەهۆی ئەوەی ئێستا خەڵک ئازاتر لە راگەیاندنەکان قسەدەکەن‌و رەخنە دەگرن‌و کەموکورتییەکانی دەسەڵات دەردەخەن، رۆژنامەنووسان دووچاری تیرۆرو تۆقاندن‌و کوشتن دەبنەوە.

### دهۆک

لەبەرامبەر ئەو دۆخەی لە هەرێمدا بەرامبەر ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەگەریی دروستبووە، خەڵکی دهۆکیش قسەیان هەیە.

د.موسا هەسنی، مامۆستای بەشی مێژوو لە زانکۆی دهۆک، رایدەگەیەنێت: «رۆژنامەگەریی‌و میدیاکان گوزارشت لە رای گشتیی خەڵک دەکەن، بۆیە ئەو کۆمەڵگەیانەی دیموکراسین، بەوپێیەی نرخی دەزانن زیاتر بایەخ بە دەسەڵاتی رۆژنامەگەریی دەدەن، بۆیە کاتێک دەسەڵات رێز لە میدیاکان دەگرێت، ئەوا رێزی لە خەڵک گرتووە، کە بۆچوونەکانی خۆیان خستووەتەڕوو، کاتێکیش سنووریان بۆ دادەنرێت، ئەوا بێڕێزیی بەرامبەر خەڵک کراوە».

هەسنی، پێیوایە: نابێت دەسەڵات پۆلێنبەندیی بۆ راگەیاندنەکان بکات، بەشێوەیەک ئەو رۆژنامانەی بە شان‌و باڵی هەڵدەدات، بڵێت باشەو ئەوانەی رەخنەدەگرن رووبەڕووی فشاریان بکەنەوە، پێویستیشە خەڵک بە دوای ئازادییەکانی خۆیدا بچێت‌و پشتگیریی لە هەر بزووتنەوەو گرووپێک بکەن کە جەخت لە دیموکراسییەت‌و ئازادیی دەکەنەوە، واتە دەبێت کۆمەڵگەش لەسەر ئازادییەکانی بێتە دەنگ.

لای خۆشیەوە، د.فرسەت مەرعی، مامۆستای کولێژی پەروەردە لە زانکۆی دهۆک، لەگەڵ جەختکردنەوە لە داکۆکیکردن لە ئازادیی رادەربڕین، پێیوایە: ئازادیی بەرپرسیارێتیشی لەگەڵدایە، کاتێک ئازادیی بێ بەرپرسیارێتی پراکتیک دەکرێت، هیچ دوور نییە خودی ئەو ئازادییە نەبێتە هێرش‌و مەترسیی بۆ سەر ئازادییەکانی کۆمەڵگە.

مەرعی وتیشی: «ئازادیی رۆژنامەوانیی زۆر گرنگە، چونکە لە نەبوونی ئەو ئازادییەدا، مرۆڤ ناتوانێت قسەبکات‌و رەخنە بگرێت».



# کەمپەینی وشە: دەربازبوون لە تونێلە تاریکەکە



سیروان رەشید

ئەو دۆخەی دەسەڵاتی هەرێم بۆ کایەی رۆژنامەگەریی‌و ئازادیی رادەربڕین خوڵقاندوویەتی، ئاماژەکانی پێمان دەڵێن، کە دەسەڵاتداران سیستمی حوکمڕانیی هەرێم بەرەو تونێلێکی تاریک‌و ترسناک دەبەن.

یەکێک لە پایە گرنگەکانی هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بریتییە لە ئازادیی نووسین‌و قسەکردن‌و دەربڕینی بیرو بۆچوون، هەربۆیە ناتوانین باس لە بوونی سیستمێکی دیموکراسی بکەین، ئەگەر زەمینەی کارکردن بۆ میدیای ئازاد نەڕەخسێنرێت.

لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە، خەبات لەپێناو ئازادیدا دەکات، میللەتان بۆ فەراهەمبوونی ئازادیی دەیان ساڵ قوربانییان داوەو لەپێناوی بیروڕادا هەزاران مرۆڤ گیانیان بەختکردووە.

میللەتی کورد تا ئەم چرکەساتەش، چ لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەو چ لەسەر ئاستی کوردستانی عێراقیش لەبەرامبەر داگیرکەران و هێزە شۆڤێنییەکاندا لەپێناوی ئازادیی زمان‌و سەربەستیی‌و رادەربڕیندا قوربانیی دەدات، حیزبە کوردییەکان دەیان ساڵ لەپێناوی دابینکردنی ئازادیدا خەباتیان کردووە، خێرە ئێستا هەندێک لەم حیزبانە هەوڵ بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی دەدەن!

شتێک کە بەردەوام بڕیاربەدەستانی هەرێم وەک وێردی سەر زمانیان لە کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتیی‌و لە حزووری میوانانی بیانیدا باسی دەکەن، شانازیکردنیانە بە بەرقەراربوون‌و رەخساندنی زەمینەی ئازادیی رۆژنامەوانیی‌و رادەربڕین لە هەرێمداو بەراوردکردنی ئەم فەزایەش بە دۆخی ناوچەکانی تری عێراق، بەڵام دەرکەوت چیدی مەنتیقی بەراورد بە بەغدا بەسەرچوو، چۆن؟ ئاخر ئەوە نییە تەنیا لەماوەی پێنج مانگی رابردوودا چەندین رێکخراوی گەورەی نێودەوڵەتیی، وەک رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی (Amnesty International)و رۆژنامەنووسانی بێ سنوور(Reporters without Borders)و کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەنووسان (CPJ)و چاودێریی مافی مرۆڤ (Human Rights Watch)و ماڵی ئازادیی (Freedom House) ئەمریکی‌و چەندینی تر، زیاد لە راپۆرت‌و بەیاننامەیەکیان لەسەر دۆخی ئازادیی‌و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە بۆ رای گشتیی دنیا باسکردووە، کە راپۆرتی ئەم رێکخراوانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وەک پێوەرێک بۆ ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەوانیی حسابی لەسەر دەکرێت.

شتێکی ئاساییە کە دەسەڵاتداران لە دادگا سکاڵا لەسەر رۆژنامەنووس‌و رۆژنامەکان تۆماربکەن‌و بەرگریی لە خۆیان بکەن، کە ئەمەش کارێکی ئیجابییەو حیزبە دەسەڵاتدارەکان لەباتی پەنابردن بۆ ئامرازی تر، پەنا دەبەنە بەر یاسا، بەڵام داواکردنی پارەی خەیاڵیی بۆ وشککردنی سەرچاوەی دارایی میدیای ئەهلیی‌و ئازاد، پێدەچێت وەک لاساییکردنەوەی حیزبە شمولیەکانی دنیا بێت، کە زۆرکات بە بەکارهێنانی قانوون رۆژنامەکان‌و نەیارانیان تەسفییە کردووە.

راستە لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا ئازادیی رادەربڕین رەها نییە، بەڵام وادیارە ئەم دەسەڵاتە دەیەوێت ئەو پەراوێزە ئازادییەی بەرقەرارە لەباری بەرێت، چونکە بەکارهێنانی دادگا وەک ئامێری سەرکوتکردنی ئازادیی لەژێر ناوی یاسادا، تیرۆری فیکریی‌و سیاسییە.

ئەم هەوڵ‌و رەفتارانەی لایەنی دەسەڵات، ئەو گومانەی لای کەس نەهێشتووەتەوە، کە دەیەوێت بە هەر شێوازو ئامرازێک بێت رۆژنامەنووس‌و رۆژنامەکان دەمکوت بکات‌و ئازادیی رۆژنامەگەریی‌و رادەربڕین بخنکێنێت‌و ئەو فەزای ئازادییە کەم بکاتەوە، بەو پاساوەی ئێستا دەسەڵات دەیەوێت:

١- کار بە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی نەکات، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووەو بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش ئیمزای لەسەر جێبەجێکردنی کردووە، بەڵکو بۆ بەگژداچوونەوەی ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەنووسان کار بە یاساکانی سزادانی عێراقی ساڵی (١٩٦٩) دەکەن.

٢- وەک دەردەکەوێت دەسەڵات دەیەوێت یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی هەمواربکات‌و مەسەلەی زیندانیکردنی رۆژنامەنووس‌و داخستنی رۆژنامەکان بخاتە ناو یاساکەوە.

٣- وەک باسیشدەکرێت پرۆژەیەک هەیە کە دەسەڵات دەیەوێت ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن لە هەرێم دروستبکات‌و هەموو کایەکانی میدیایی (بینراو و نووسراو و بیستراو و ئەلکترۆنی) پێ کۆنترۆڵ بکەن.

کەمپەینی کۆمپانیای وشە بۆ ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراقدا، بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو دۆخە ناهەموارەیەو دەربازبوون‌و رزگاربوونە لەو تونێلە تاریکەی دەسەڵات خوڵقاندوویەتی.

# حکومەت بەڵگەنامەکانی نەوت نانێرێتە پەرلەمان

ئاوارە حەمید

**فراکسیۆنی گۆڕان نیگەرانیی خۆی نیشاندەدات لەسەر جێبەجێ نەکردنی بڕیاری کۆبوونەوە هاوبەشەکانی حکومەت‌و پەرلەمان‌و داوادەکات، سەرۆکی حکومەت‌و وەزیری سامانە سروشتییەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن بۆ لێپرسینەوە**

لە یاداشتێکدا کە رۆژی ٢٠١٠/٩/٢٦ ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات؛ کە تائێستا هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ وردبینیی‌و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دەرهێنان‌و ناردنە دەرەوەی نەوت‌و هیچ بەڵگەنامەیەکیش لەلایەن حکومەتەوە سەبارەت بە مەسەلەی نەوت نەگەیشتووەتە پەرلەمان.

فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەشی روونکردووەتەوە؛ کە وەزیری سامانە سروشتییەکان‌و سەرۆکی حکومەت ئامادەییان نیشانداوە بۆ هاوکاریکردن‌و ناردنی ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە پەرلەمان پێویستی دەبێت، تەنانەت کۆنووسی کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای نەوت، دەڵێت: «لەو کۆبوونەوانەدا ئەو هەڵوێستەی حکومەتمان بەرز نرخاند، هەرچەند وەک دەزانین ئەوە مافی پەرلەمان‌و پەرلەمانتارانەو وتمان ئیتر پێویستە پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەستێت».

لە یاداشتەکەدا ئەوە روونکراوەتەوە: «ئەوەی جێی سەرنجە هیچ هەنگاوێک لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نەنراوە بۆ ئەو مەسەلەیە، نە لیژنەی تایبەت راسپێردراوە بۆ لێکۆڵینەوەو نە لیژنەی هاوبەش پێکهێنراوەو نە هیچ قسەیەک لەسەر کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکرێت، سەرباری ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەک نەگەیشتووەتە پەرلەمان‌و لیژنەی پیشەسازیی‌و وزە».

فراکسیۆنی گۆڕان جارێکی دیکە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو داخوازییانە دەکاتەوەو بەپێویستی دەزانێت پەرلەمان لێکۆڵینەوەی ورد بکات‌و ئاکامەکانی بەخەڵکی کوردستان بگەیەنێت.

لەوبارەیەوە، د.ڕێباز فەتاح، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، وتی: «لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی حکومەت‌و سەرۆکی پەرلەمان‌و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، کە (١٦) رۆژ لەمەوبەر ئەنجامدرا، سەرۆکی حکومەت بەڵێنی دا کە سەرجەم ئەو دۆکیۆمێنتانەی تایبەتن بە هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان، بنێرێت بۆ پەرلەمان، بەڵام تائێستا بە پەرلەمانتاران نەگەیشتووە».

لای خۆیەوە، سۆزانی خاڵەشەهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: بەڵگەکان هاتوون بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان‌و پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو بەڵگانە بنێرێت بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان، یان هەر ئەندامێکی پەرلەمان کە بیەوێت بەدواداچوون لەسەر ئەو بابەتە بکات.

لە یاداشتەکەیاندا فراکسیۆنی گۆڕان داوای دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش لە لیژنەکانی نەزاهەو دارایی‌و پیشەسازیی‌و وزە، دەکەن، بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیەو وردبینیکردن لە دۆکیۆمێنتەکانی حکومەت‌و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان‌و ئامادەسازیی بۆ کۆبوونەوەی تایبەتی پەرلەمان لەوبارەیەوە، هەروەک داوای بانگهێشتکردنی سەرۆکی حکومەت‌و وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەن بۆ لێپرسینەوە لەسەر جێبەجێ نەکردنی یاسای نەوت‌و غازی هەرێم.

«دەسەڵات بەوە بەهێز نابێت دەست بخاتە سەر دەمی ئازادیی را دەربڕین» 4

## سازشکردن لەسەر ئازادیی سازشکردنە لەسەر ژیان‌و کەرامەتی هاوڵاتییان

لە ئەنجامی زوڵم‌و ناعەدالەتیدا، نارەزایەتییەکی بێ ئەندازە لەناو چین‌و توێژە نەدارو کەمدەرامەتەکانی کوردستان، تەنانەت لەناو خۆشگوزەرانەکانیشدا پەیدا بووە، زۆر جار قسەی رەقی وات بەرامبەر دەسەڵاتی کوردی گوێ لێ دەبێ، ئەوەندە قورسە بڕوا بە گوێی خۆت ناکەی.

هەندێک رەوشەکە وایلێکردوون کە سەردەمی دەسەڵاتی بەعس لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆمالیی بە باشتر بزانن، بەڵام ئەم بەراوردکردنە لەجێی خۆیدا نییە، چونکە نابێت فەشەلی دەسەڵاتدارانی خۆمالیی‌و ناعەدالەتیی وامان لێ بکەن تاوانەکانی بەعسمان لە بیر بچنەوە، بەعس حیزبێکی شۆڤێنیی فاشی بوو، سیستماتیک هەولی تواندنەوەی نەتەوە ناعەرەبەکانی عێراقی دەدا لەناو بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا، کاتێک نەیتوانی کورد بتوێنێتەوە، بۆیە جینۆسایدی کرد.

ئەوە دەسەڵاتی کوردیە بە زوڵم‌و زۆر، ناعەدالەتیی، قۆرخکردنی بازاڕ، دابەشکردنی سامان‌و دەسەڵات لە بەینی خۆیاندا، بە شاردنەوەی ئاشکرای داهاتی سامانی نیشتمانی، بە شەڕی ناوخۆو دەرهاویشتەکانی، بە نەبوونی خزمەتگوزاریی لایق بە مرۆڤ، سەرەڕای هەبوونی توانای مادیی بێ سنوور، وایان لەو خەلکە کردووە فەزلی سەدام‌و رژێمەکەی بدەن بەسەر حوکمی خۆمالیدا، ئەمە بۆخۆی یەکێکە لە خەتاکانی دەسەڵات‌و دەرهاویشتەیەکی خەتەری فەشەلی دەسەڵاتدارانی هەرێمە لە گشت بوارەکانی ژیاندا.

قسەکردن‌و را دەربڕین بەشێکن لە ئازادیی تاک، مرۆڤ بە ئازادیی لە دایک دەبێ‌و دەبێ بە ئازادیی بژی‌و بە ئازادیش بمرێت. ئازادیی تاک یەکێکە لەو پرەنسیپانەی کە هەموو ئایینە ئاسمانی‌و زەمینییەکان، جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، رێککەوتن‌و پرۆتۆکۆلە ناودەولەتییەکان تەئکیدی لێ دەکەنەوە، چونکە کە ئازادیی هەبوو، مرۆڤ ئازادو هوشیار دەبێت. زانست‌و ئابووریی وڵاتیش بە مرۆڤی ئازاد پێش دەکەون‌و دەپارێزرێن.

دەسەڵاتدارانی ئێستای هەرێم کاتێک شۆڕشگێڕ بوون، لە دژی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان شەڕیان بۆ زامنکردنی ئازادیی دەکرد، کەچی ئێستا دەیانەوێت ئازادی لەناوبەرن.

چۆن دەتوانین بەر بە خەتەری قۆرخکردنی دەسەڵات‌و زەوتکردنی ئازادیی بگرین؟ بەوەی هەموو تاکێکی کۆمەڵ تێبگات ئازادیی چ نیعمەتێکە، چ پەیوەندییەکی بە ژیانییەوە هەیەو بۆچی نابێت هەرگیز سازش لەسەر بوونی بکەین؛ بەوەی چ بە کۆ یان بە تاک بەشێوازی دیموکراسی بەگژ زەوتکەرانی ئازادیی تاک‌و ئازادیی گشتیدا بچینەوە.

کە تاکی کوردستانی ئازاد دەبێت، کە ئازادیی ویژدان‌و رادەربڕین‌و خۆپیشاندان بەرقەرار دەبن؛ کە ئازادیی رۆژنامەگەریی بە فراوانی مومارەسە دەکرێت، کە ئازادیی سیاسیی بۆ هەمووان دەبێت، دەسەڵات ناتوانێت دیکتاتۆریی بێت، ناتوانێت ماڵی گشتیی بۆ خۆی بە حەڵاڵ بزانێت، ناتوانێت سامانی سەر ئەرزو ژێر ئەرزی وڵات بە هەر بیانوویەک بێت زەوتبکات، ناتوانێت بودجەی وڵات بشارێتەوە، یان لوش بدات، ناتوانێت لە باتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی لایق بە مرۆڤ، پارەی گشتیی بەکاربهێنێت بۆ کڕینی ویژدان‌و وەلا.

سەروەرێتی ئازادییە گشتیی‌و تایبەتییەکاندا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، عەدالەت‌و وەکیەکیی لەبەردەم یاسادا دێنەدی‌و ئەو موڵک‌و ماڵەشی ئێستا دەسەڵاتداران بە بیانووی جیاجیا بەشی شێری دەبەن بۆ خۆیان‌و دەدەن بە ئەندامەکانیان، دەبنەوە بە موڵکی خەڵک‌و ژیانی تاک‌و خێزان‌و ئابووریی کوردستانی پێ دەبووژێنرێتەوە.

کەواتە بەرگریکردن لە ئازادیی، بەرگریکردنە لە ژیان‌و لە کەرامەتی مرۆڤ؛ پێشگرتنە لە دروستبوونی دیکتاتۆرو دەسەڵاتی نادیموکراسی؛ پێشگرتنە لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی وێرانبوونی وڵات، بۆیە نابێت لە هیچ ئان‌و زەمانێکدا سازشی لەسەر بکەین.

رۆژنامە

# «ئایا حکومەتی هەرێم دەتوانێت لێپێچینەوە لە بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بکات؟»

رۆژنامە

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، داوای روونکردنەوە لە د.بەرهەم دەکات سەبارەت بە کارەکانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو پێکهاتەو یاسای کارپێکراوو پێگەی فەرمانگەو چالاکییەکانی لەناو حکومەتی هەرێمدا.

د.زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی‌و پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لە رێی چەند پرسیارێکەوە کە لە رێی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی د.بەرهەم سالح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، داوای روونکردنەوەی لێدەکات سەبارەت بە کاروباری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو شوێنی لە پێکهاتەی حکومەتی هەرێمدا.

لە نووسراوەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە؛ کە: «بەوپێیەی لە پێکهاتەی حکومەتدا وەزارەتێک نییە بە ناوی وەزارەتی پەیوەندییەکان‌و بە حوکمی ئەوەی بەڕێزیشتان وەزیری یەکەمن لە پێکهاتەی کابینەی شەشەمی حکومەتدا، لەبەر ئەوە پرسیارەکانمان دەربارەی ئەو فەرمانگەیە ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین».



سەبارەت بە پێگەی ئەو فەرمانگەیە لەناو پێکهاتەی کابینەی شەشەمدا، دەپرسێت: «ئایا ئەم فەرمانگەیە راستەوخۆ سەر بە کوێیە لەناو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا؟ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یاخود سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران؟ ئەمە لە کاتێکدا کە لە کاتی هەموارکردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران‌و پاشان متمانەدان بە کابینەی شەشەم لە ٢٠٠٩/١٠/٢٨دا، هیچ ئاماژەدانێک نەبووە بۆ ئەم فەرمانگەیە وەک بەشێک لە پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیران، یاخود پێکهاتەی یەکێک لە وەزارەتەکان».

لە نووسراوەکەی د.زانا رەئوفدا، کە وێنەیەکی لای رۆژنامەیە، داوای روونکردنەوە دەکات سەبارەت بە یاسای کارپێکراوو دەڵێت: «کامانەن ئەو یاساو رێنماییانەی کە ئەم فەرمانگەیە پشت بەست پێیان پێکهاتووەو جێبەجێیان دەکات لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکانیدا؟ ئایا گرنگترین کارو چالاکییەکانی ئەم فەرمانگەیە چین؟ ئەی چۆن کارەکانی رادەپەڕێنێت؟ ئەی مەودای دەسەڵاتەکانی ئەو فەرمانگەیە چەندە؟».

سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی حکومەت بەسەر فەرمانگەکەو توانای لێپێچینەوەشی، د.زانا پرسیاری ئەوەی کردووە، کە: «ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لێپێچینەوە لە بەرپرسی ئەو فەرمانگەیە بکات؟ ئایا لەسەر چ بنەمایەک لەم فەرمانگەیەو بەرپرسەکەی دەپێچێتەوە؟ ئایا سەرۆک، یاخود بەرپرسی ئەم فەرمانگەیە بە چ ناونیشانێک دامەزراوە؟ ئایا مافی بەشداریکردنی هەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا؟ بۆچی؟».

بۆدانان‌و لابردنی بەرپرسەکەشی، داوایکردووە زانیاریی پێبدرێت سەبارەت بەوەی «سەرۆکی فەرمانگەکە چۆن دادەنرێت؟ ئەی چۆن لادەبرێت؟ بۆچی؟».

## لەسەر راپۆرتێکی دیوانی چاودێریی، هەشت فەرمانبەری شارەوانی دەستگیردەکرێن

سەنگەر جەمال

هەشت فەرمانبەری شارەوانیی هەڵەبجە بە تۆمەتی «ئیختیلاس» دەستگیر دەکرێن‌و قایمقامی هەڵەبجەش دەڵێت: «ئەو کێشانە لە چەند شارەوانی‌و شوێن‌و ناوچەی تر هەیە، یان زۆر کێشەی گەورەتر هەیە، بەڵام نازانم بۆ بەتایبەت ئەمە ورووژێنراوە».

لەسەر راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، هەشت کارمەندو بەرپرسی شارەوانیی هەڵەبجە بەتۆمەتی ئیختیلاسکردن دەستگیر دەکرێن‌و قایمقامی پێشووی قەزاکەش بە تۆمەتی ئیختیلاس‌و گەندەڵیی لە بودجەی وشکەساڵیی فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو، دواتریش هەڵات.

گۆران ئەدهەم، قایمقامی هەڵەبجە لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە لە بارەی کێشەکەوە، وتی: «دەستگیرکردنی ئەو فەرمانبەرانە لەسەر راپۆرتی چاودێریی دارایی بووەو ئێستا دادگا ئیجرائاتی خۆی دەکات، ئێمەش پەیوەندیمان کردووە بە وەزارەت‌و بەڕێوەبەرێتی گشتیی‌و فەرمانگەکانی خۆیەوە، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بەزووترین کات یەکلایی بێتەوەو کاری هاوڵاتییان رانەگیرێت».

دەستگیرکردنی ئەو کارمەندانەی شارەوانیی هەڵەبجە رەخنەی ئەوەی لای بەشێکی هاوڵاتییان‌و بەرپرسانی ئەو شارە دروستکردووە، لەسەر ئەوەی کە ئەو ئیجرائاتانە تەنیا شارەوانیی هەڵەبجەی گرتووەتەوەو «لە زۆر شوێنی تر کێشەی گەورەتریش هەیە، بەڵام ئەوە زەقکراوەتەوە».

لەوبارەیەوە قایمقامی هەڵەبجە، وتی: «با دادگا کاری خۆی بکات، ئیتر دوای ئەوە فەرمانبەرەکان قسەی خۆیان دەبێت، ئێمەش چاوەڕێی وەڵامەکانی دادگاین، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینییە، ئەو کێشانە لە چەند شارەوانی شوێن‌و چەند ناوچەیەکی تر هەیە، یان زۆر کێشەی گەورەتر هەیە، بۆ بەتایبەت ئەمە ورووژێنراوەو بەوشێوەیە زەقکراوەتەوە، بۆیە دەبێت لەو شوێنانەی تریش ئیجرائات بکرێت، نەک لە هەندێک شوێن بکرێت‌و لە شوێنی تر نەکرێت».

## (١٠٠) کارمەند دەوام ناکەن‌و مووچە وەردەگرن

هەنگاو هاشم- هەولێر

زیاتر لە (١٠٠)کارمەندی تەلەفزیۆنی نەورۆز، دەوام ناکەن‌و مووچەکانیشیان پێدەدرێت، کە بەهۆی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە راگیراوە.

هەڵگورد عەبدولوەهاب، بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن لە وەزارەتی رۆشنبیریی بە رۆژنامەی راگەیاند: پاش ئەوەی کەناڵی نەورۆز بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، خرایە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، پەخشی ئەم کەناڵە وەستاوەو لەئێستاشدا تەنیا کەسە ئیدارییەکانی ئەم کەناڵە دەوام دەکەن‌و ئەوانی تر بەهۆی ئەوەی کاریان نییە، دەوام ناکەن.

وتیشی: تا ئێستا لە رووی ئیداریی‌و یاساییەوە، ئەم کەناڵە سەر بە ئێمەیە، بەڵام پەخشمان راگرتووە، هەروەها هەندێک ئامادەکاریی‌و سیمینار کراوە بۆ ئەوەی ئەم کەناڵە بخرێتە سەر وەزارەتی پەروەردەو ببێتە کەناڵێکی پەروەردەیی.

ئازاد ئەرگوشی، بەڕێوەبەری کەناڵی نەورۆز، وتی: لەئێستادا کارمەندانی کەناڵی نەورۆز، دەوام ناکەن، تەنیا کارمەندە ئیدارییەکان نەبێت، ئەوانی تر کە کارمەندە هونەرییەکانن، چاوەڕێن تا کەناڵەکە دەکرێتەوە، کە دەبێتە کەناڵێکی پەروەردەیی، ئەو کاتە دەست بەکار دەکەنەوە.

## لیژنەی رۆشنبیریی‌و راگەیاندنی پەرلەمان، لەسەر ئازادیی رادەربڕین دێتەدەنگ

دلێر عەبدولخالق

لە بەرامبەر ئەو دۆخەی لەسەر ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەوانیی دروستبووە، لیژنەی رۆشنبیریی‌و راگەیاندنی پەرلەمان، جگە لە نیشاندانی هەلویستیان، لەگەڵ بەڕێوەبەرو سەرنووسەری چەند کەناڵ‌و رۆژنامەیەک کۆدەبنەوە.

ئاسۆ کەریم، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان‌و رۆشنبیریی‌و راگەیاندن‌و شوێنەوارەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «کەمپەینکردن بۆ داکۆکیکردن لە ئازادیی رادەربڕین ئاساییەو مافی رۆژنامەنووسانە داکۆکیی لە ئازادیی رۆژنامەگەریی‌و داوای بەدەستهێنانی زانیاریی بکەن، هەروەک مافی یەکە یەکەی هاوڵاتییانیشە بەرگریی لە ئازادیی بیروڕا بکەن، چونکە ئەم ئازادییە بە هیمەتی هەموو لایەک بەدەستهاتووە».

سەرۆکی ئەو لیژنەیە پێیوایە؛ تا ئەندازەیەکی باش ئازادیی بیروڕاو ئازادیی بڵاوکردنەوە لە هەرێمدا هەیە، هەروەک چۆن بە سەدان کەناڵ هەیەو ئازادانە مومارەسەی کاری خۆیان دەکەن، بە بڕوای ئەو کێشەکە ئەوەیە، هەولدەدرێت بەرگێکی سیاسیی بە بەر ئازادییدا بکرێت‌و وەک مانشێتێکی سیاسیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەکاتێکدا نە هەڵمەتی هەڵبژاردن هەیەو نە رێگرییەکان زیادبوون، وتیشی: «ناکرێت بەدەستی خۆمان هەندێ شت خەڵق بکەین کە نییە، یان وا لەدنیای دەرەوەو یوئێن بگەیەنین ئازادیی رادەبڕین لە کوردستان مەترسیی لەسەرەو ئەوە تەنیا لایەنێکە بەرگریی لێدەکات‌و هێزێکی ستەمکار دژی وەستاوە».

ئاسۆ کەریم، پەرلەمانتاری کوتلەی پارتی‌و سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیریی‌و راگەیاندن ئەوەشی راگەیاند: «لە بەرئەنجامی ئەو حاڵەتەی دروستبووە، بڕیارمانداوە بە نووسراو هەلویستی خۆمان رابگەیەنین‌و چاومان بە چەند سەرنووسەرو بەڕێوەبەری کەناڵێک بکەوێت، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو دۆخە گفتوگۆ بکەین».

### پاشماوەی... فڕۆکەخانەی سلێمانی...

ئەو پێناسەیەی کۆمپانیای ئەزمڕ ئەیر لە وێبسایتی رەسمیی گرووپی نۆکان پێچەوانەی ئەو گرێبەستەیە کە بۆ خزمەتگوزارییەکانی گەشتیاران‌و خزمەتگوزاریی سەرزەوی فڕۆکەکان لەگەڵیدا ئیمزاکراوە، چونکە بەگوێرەی خۆناساندنی کۆمپانیاکە کارەکەی جیاوازە لەو کارەی کە گرێبەستەکەی بۆ ئیمزاکراوە.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەزمڕ ئەیر ئاماژە بەوەدەکات: ئەو زانیارییانەی وێبسایتی گرووپی نۆکان کۆنەو ئێستا ئەزمڕ ئەیر خزمەتگوزارییەکانی گۆڕیوە بۆ (خزمەتگوزاریی سەرزەوی فڕۆکە).

بەکر سەعید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەزمڕ ئەیر، لەبارەی کۆمپانیاکەیانەوە بۆ وەرگرتنی ئەو گرێبەستە، وتی: «هەموو مەرجەکانی وەرگرتن لە کۆمپانیاکەماندا هەیەو لە بەغدا سەرمایەی کۆمپانیاکەمان بە (٢٥) ملیۆن دۆلار دیاریکردووەو گەورەترین کۆمپانیا بووین کە ئەو سەرمایەمان هەبێت».

بەپێی گرێبەستەکە، کۆمپانیای جێبەجێکار پێویستە پابەندبێت بە هەموو رێنمایی‌و رێساکانی فڕۆکەخانەکانەوە،لەرووی ئاسایشی جێبەجێکردنی رێنماییەکان‌و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەگەشتیاران‌و فڕۆکەکان‌و ئەو کەسانەی هاتوچۆی فڕۆکەخانە دەکەن.

بەکر سەعید، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لەم گرێبەستەدا بەهیچ شێوەیەک دەسەڵاتی کۆمپانیای نۆکان بەکارنەهاتووەو دەڵێت: «تەحەدا دەکەم لە مەلەفەکەماندا نامەیەکی تێدابێت بۆ وەزیرێک یان بۆ بەڕێوەبەری فڕۆکەخانە، بەڵکو غەدریشمان لێکراوە».

ناوبراو، وتیشی: «یەکەمجار گرێبەستەکەمان لەگەڵ فڕۆکەخانە بەشێوەیەک بووە، کە پارەی ئەو کەرەستانەی کڕیومانە بە (٥) ساڵ بە قیست بیدەین، بەڵام لەکۆتاییدا وتیان دەبێت هەمووی بە کاش بدەن‌و ناچاریان کردین بە کاش پارەکەمان دا».

لەلایەکی دیکەوە، کارمەندێکی فڕۆکەخانەی سلێمانی جەختی لەوەکردەوە، کە ئەوان ئێستا مانگانە مووچە لە کۆمپانیای ئەزمڕ وەردەگرن، «ئەو گرێبەستە لەکاتێکدا دراوە بە کۆمپانیای ئەزمڕ ئەیر، کە چەند کۆمپانیایەکی بیانیی هەبوون تایبەت بە هەمان ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ئەزمڕ دەیکات، بەڵام گرێبەستەکە نەدراوە بەو کۆمپانیایانە».

لەبەرامبەردا بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی پشتڕاستی کردەوەو وتی: «کۆمپانیا زۆربووە کە هاتووە بۆ ئەوەی ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش بکات، بەڵام ئەو کۆمپانیا بیانییانە ئەوەندە قازانج داوا دەکەن، کە لە بەرژەوەندیی فڕۆکەخانەدا نییە گرێبەستیان لەگەڵدا بکات، چونکە کۆمپانیای بیانیی کە دێن، شارەزای بیانیی دەهێنن، ئەوەش تێچوونی زۆری دەبێت‌و لەسەر فڕۆکەخانە دەکەوێت».


تاهیر هەورامی، وتی: «ئەو کارمەندانەی لە فڕۆکەخانەدا کاریان کردووەو ئەزموونیان پەیداکردووە، بەپێی رێنماییەکی وەزارەتی دارایی ئیحالەمان کردوون بۆ کۆمپانیای ئەزمڕ ئەیر، بۆئەوەی ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش بکات».


لەبارەی ئەوەی هەر کۆمپانیایەک کە پێشتر داوای ئەو گرێبەستەی کردبێت، بەڵام بۆی دەرنەچووبێت‌و درابێت بە ئەزمڕ ئەیر، بەکر سەعید، وتی: «لەگەڵ چەندین کۆمپانیا قسە کراوە بۆ ئەو پرۆژەیە، بەڵام نەیانکرد، چونکە فڕۆکەخانەی سلێمانی فڕۆکەخانەیەکی لاوازەو گەشتەکانی کەمە، بۆیە کەس ئامادەیی تێدا نییە (٦) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار دۆلار بدات بە فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ (٥) ساڵ».

# کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و کەسایەتی ڕاپێچی دادگا دەکرێن






چاوان عەلی

**لێشاوی تۆمارکردنی سکاڵاو داوای چەندین ملیار دۆلارو دینار قەرەبوو لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەسەر ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆژنامەی ئەهلیی، بەردەوامە. ڕۆژنامەنووسان‌و نووسەرانیش پێیانوایە؛ ئەو هەڵوێستانە مەرامێکی سیاسییان لەپشتەو مەبەست لێیان ترساندنی خوێنەرانە، نەک ڕۆژنامەنووسان.**

سکاڵاکانی پارتی یان هەر حیزب‌و بەرپرسێکی سیاسیی، کە تائێستا کراوە لەسەر ڕۆژنامەو گۆڤارەکان‌و ڕۆژنامەنووسان، بەهۆی هەڵەی زانیارییەوە بووە، لەگەڵ ئەوەی دژی ئازادیی ڕادەربڕینیشن، بەڵام نەگەیشتبووە ئەوەی لەسەر لێدوانێک‌و دەربڕینی بیرو بۆچوونی شەخسی سکاڵا لەسەر نووسەران تۆماربکرێت.

بەهۆی دەربڕینی بیروڕایان لە بابەتێکدا لە گۆڤاری فشار، پارتی سکاڵا لەسەر (جەلال جەوهەر، عەدنان عوسمان، د.کامەران مەنتک‌و ڕێبین هەردی) تۆمارکردووەو ڕێبین هەردی، نووسەرو ڕۆشنبیر ئەو هەڵسوکەوتەی پارتی بە هێرش بۆ سەر بیروڕای ئازاد وەسف دەکات‌و دەڵێت: «هیچ لایەنێک بۆی نییە سنووری ئازادییەکانی بیروڕای مرۆڤەکان سنووردار بکات.

ئەو نووسەرە پێیوایە: سکاڵاکەی سەر ئەو نووسەرانەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش بەگشتیی، ئەوەندەی مەسجێکە بۆ دەمکوتکردن‌و ترساندنی خەڵک‌و خوێنەران، هێندە مەبەست لێی نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسان نییە.

هەرچەندە زۆرترین غەرامە، کە لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەریی کوردستاندا هاتووە، کە پەرلەمان دەریکردووەو سەرۆکی هەرێم ئیمزای کردووە، (٢٠) ملیۆن دینارەو تیایدا هاتووە کە لەو بڕە زیاتر نەبێت، بەڵام ئەو غەرامانەی پارتی داوای دەکات گەیشتووەتە ملیارێک دۆلار، وەک ئەوەی لەسەر ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) تۆماری کردووە، کە بە گەورەترین داوای غەرامەکردن لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی‌و عێراقیشدا وەسف دەکرێت.

بەجۆرێکی دیکە یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی پێشێلدەکرێت، بەوپێیەی هەرچەندە لە خاڵی پێنجەمی مادەی هەشتەمی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا هاتووە، کە نابێت دوای تێپەڕبوونی (٩٠) ڕۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوە، هیچ جۆرە ڕێکارێکی یاسایی لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووس بگیرێتەبەر، بەڵام یەکێک لە سکاڵاکانی سەر هەفتەنامەی ئاوێنە، کە لەلایەن پارتییەوە تۆمارکراوە، دوای چەند مانگێک لە بڵاوبوونەوەی بابەتەکە تۆمارکراوەو دادگاش کاری پێکردووە، چونکە وەک شوان محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە، باسی لێوەکرد: ئەو سکاڵایانە ئاسایی نین، چونکە ماوەی یاساییان بۆ تۆمارکردن بەسەرچووەو ئەگەر دادوەر لێکۆڵینەوەی لێبکات بۆی دەردەکەوێت کە بابەتەکان نەک تاوان دروست ناکات، بەڵکو تەشهیریشیان تێدا نییە، تەنیا بۆ ئەوە تۆمارکراون کە مەرامێکی سیاسییان لە پشتە.

هاوکات ڕۆژنامەنووسان ئاماژە بەوە دەکەن: پارتی لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان، کار بۆ لاوازکردنی سەندیکاو دانانی لیژنەیەکی سێبەر دەکات، تا یاسای ڕۆژنامەگەریی هەڵبوەشێنێتەوە.

کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی، باسی لەو هەوڵە کرد کە پارتی دەیەوێت لە ڕێگەی لێسەندنەوەی دەسەڵات لە سەندیکاو پێدانی بە لیژنەیەک بە ناوی لیژنەی باڵای ڕاگەیاندن، کە بچێتە ژێر کۆنترۆڵ‌و هەیمەنەی سەرۆکایەتیی هەرێمەوە، دەسەڵاتی سەندیکاو کارکردن بە یاسای ڕۆژنامەگەریی ڕابگرێت، بەوەی ئەو لیژنەیە ڕاسپێردراوە بەوەی پرۆژەیەک ئامادە بکەن بۆ پێداچوونەوە بە یاسای ڕۆژنامەگەرییدا.

زۆرێک لەو بابەتانەی کە پارتی سکاڵای لەسەر تۆمارکردوون، باس لە حکومەت یان هەردوو حیزبی دەسەڵات (یەکێتی‌و پارتی) دەکەن، بەڵام ئەوەی دەبینرێت یەکێتی بێدەنگەو پارتی سکاڵا تۆماردەکات، ئەمەش بە بڕوای ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە یەکێتی لەوە گەیشتووە کە ناتوانێت پاشەکشێ بەم شەپۆلی دیموکراتییە بکات کە هاتووەتە پێشەوەو دەبێت دانیش بەوەدا بنێن کە باڵێکی ئازادیخواز لە نێو یەکێتیدا هەیە جیا لەوەی پارتی، کە باڵێکی سەربازیی تەحەکوم بە پیادەکردنی ئەو حیزبەوە دەکات لە پارێزگای سلێمانی‌و ئەم دەزگا ئەمنییەش ناتوانێت لەگەڵ میدیای ئازاددا خۆی بگونجێنێت.

لەلایەکی دیکەوە، شەنکار عەبدوڵڵا، سەرنووسەری گۆڤاری ڕێگا مەگەزین، کە گۆڤارەکەی دوو داوای یاسایی لەسەرەو پارتی داوای ملیارێک دیناریان لێدەکات، ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم هێرش‌و لێشاوی سکاڵایانەی پارتی مەبەست لێی سەرقاڵکردنی ڕۆژنامەنووسانە بەم کێشانەوە، تا لە کاری خۆیان دووریان بخاتەوە.

شارەزایانی سیاسیی باس لەوە دەکەن، کە ئێستا دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتیی گەیشتووەتە ئەو ڕاستییەی کە بارودۆخی کوردستان‌و عێراق گۆڕاوەو هەر توندوتیژییەک کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان یان حیزبەکان یان بەکارهێنانی زمانی زبریش بە قازانج ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، بەڵکو بە وتەی ئازاد چالاک سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: ئەو هەڵسوکەوتانە کاردانەوەی خراپی بۆ ئەو کەس‌و لایەنانە هەبووە کە پەنایان بۆ بردوون، بەتایبەت لە ئێستادا، چونکە ئەو هەڵسوکەوتانە هی زەمەنێکە کە بەسەرچووەو کاردانەوەی خەڵکیش بەرامبەر ئەو لایەنانە باش نابێت.

ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونە بوو کە هێمن کەریم، سەرنووسەری گۆڤاری فشار، جەختی لەسەر کردەوەو وتی: «ئێمە میللەتێکین لە دەست ئەم هەڵسوکەوتانە مەینەتیمان چەشتووەو ئەو دەسەڵاتانەی وا هەڵسوکەوتیان کردووە زەرەریان کردووە».

ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەسەر بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێک لە ژمارە (٦١١)ی ڕۆژنامەکەیاندا سکاڵا لەسەر خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ڕۆژنامەکە تۆمار کراوەو داوای (٥٠٠) ملیۆن دینار وەک قەرەبوویان لێکراوە لەلایەن پارتییەوە.

دەربارەی ئەو سکاڵایە، کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە جەختی لەوەکردەوە، کە ئەو هەڵوێستەی پارتی بەیاساییکردنی ئەو هەوڵەیە کە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین دەدرێت‌و بەشێوەیەک لە شێوەکان کاردانەوەی مەترسییەکە، کە ئازادیی ڕاگەیاندن دروستیکردووەو ئەوان ترسیان لە قەڵەمی ئازاد هەیەو بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت بەر لە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بگرن، بەمەش بەرلەوەبگرن کە ڕووبەڕووی ڕەخنەو گازندەی خەڵک ببنەوە.

شارەزایانی بواری کاروباری سیاسیی‌و ڕۆژنامەگەرییش، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دەبێت لە دەسەڵات بپرسین بەوشێوەیەی لە سلێمانی ساڵانێکە میدیای ئازاد هەیەو ڕۆژنامە دەردەکەن توانیویانە بەردەوام بن‌و کەسیش بەو شێوەیەی ئەم دواییەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرۆکی پێنەگرتوون، وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ئاماژەی پێکرد: دەیانەوێت وەک مەبەستێکی سیاسیی ئەوە بە خەڵک بڵێن، کە بوونی ئۆپۆزسیۆن لەم شارە وای کردووە کە ڕۆژنامەگەریی ئازاد هەبێت، لەکاتێکدا بەر لە دەرکەوتنی گۆڕان‌و ئۆپۆزسیۆن، ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسی ئازاد بوونیان هەبووە، بەڵام ئەو هێرشانە بە بڕوای سەرنووسەری ئاوێنە بێئەنجام دەبێت، چونکە شاری سلێمانی شارێکی سەرکەشەو لە سلێمانییەوە کۆتایی بە حیزبی بەعس هات‌و لێرەوە خەڵک فێری ڕەخنەگرتن‌و نەترسیی بوو، فێری ئەوە بووە کە بە ئازایەتی‌و نەترسیی شت باس بکات‌و بێتە سەر شەقام‌و بڵێت نا.

باشترین نموونەش ئەو کاردانەوەیە بوو کە بەرامبەر مەسەلەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) بینرا، کە خەڵک بەیەک دەنگ‌و بەگشتیی دژی وەستانەوەو دژی ئەوەبوون کە حکومەتی هەرێم نەتوانێت پارێزگاریی لە هاوڵاتییانی خۆی بکات، ئەمە قۆناغێکی نوێیە لە هەرێم.

بەڵام ڕۆژنامەنووسان دەپرسن، کە ئەم هەڵوێست‌و نموونانە وایان کردووە هیچ بەرپرسێکی هەرێم بیر لە توندوتیژیی نەکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەکان‌و پەنا بۆ یاسا بەرێت، گرتنەبەری ڕێگای دادگاش لەلایەن پارتییەوە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان لەم چوارچێوەیەدایەو بۆ ئەوەیە کە یاسا بەرقەرار بێت یان بەکاردەهێنرێت وەک ئامرازێک بۆ تۆڵەسەندنەوەو بەکارهێنانی فشاری سیاسیی‌و بۆ دەمکوتکردنی بیروڕای ئازادو ڕۆژنامە ئەهلییەکان.

ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان لە کام ڕوانگەیەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا کردووە، لەو ڕوانگەیەوە کە باوەڕیان بە یاسا هەیەو وەک پارتی دەیانەوێت بیسەلمێنن کە زوڵمیان لێکراوە، یان دەیانەوێت لە ڕێگای دادگاو یاساوە مەبەستی سیاسیی بپێکن‌و فشار لەسەر ڕۆژنامەو بیروڕای سیاسیی دروست بکەن؟

ئازاد چالاک، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، پێیوایە: ئەگەر ڕێگەی یەکەمیان بێت، ئەوا پێویست بەو قەرەبووە خەیاڵییە ناکات کە پارتی داوای دەکات‌و خۆشی نابێتە جێگری دادوەرو بڕیار بدات‌و غەرامەکە دیاریی بکات، هەر بۆیە پەنابردن بۆ یاساو بەکارنەبردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی پرسیارەکە ئاوەژوو دەکاتەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە پەنابردن بۆ دادگا تەنیا مەبەست لێی گرتنەبەری یاسا نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەکارهێنانی یاسایە بۆ فشار خستنە سەر میدیای ئازادو ڕۆژنامەنووسان بۆ دەمکوتکردنیان.

بەڵام سەرنووسەری هاوڵاتی سووربوو لەسەر ئەو بۆچوونەی کە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان هەرچی شێوازە بەکاریانهێنا بۆ نەهێشتنی قەڵەمی ئازاد، هەر لە کوشتن‌و لێدان‌و ئازاردان‌و لێسەندنی کامێراو شکاندنی کەسایەتییان‌و بەرپەرچدانەوەو دروستکردنی کەناڵی سێبەرو داخستنی دەرگای زانیاریی بە ڕووی ڕۆژنامەنووسان‌و بەخشینەوەی پارەو زەوی بەسەر هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان، کە (٨٠٪)یان ڕۆژنامەنووس نین، هەموو ئەمانەیان کرد نەیانتوانی ڕۆژنامەی ئازادو خوێنەر لەیەک بکەن، هەربۆیە ڕێگەی دادگاو یاسا دوا کارتە بەدەستیانەوە، نەک باوەڕبوونیان بێت بە یاسا.

گۆڤاری لڤینیش بێبەش نەبووە لەو سکاڵایانەی پارتی‌و داوای غەرامەی (٥٠٠) ملیۆن دیناریان لێدەکرێت، سەیر لەوەدایە دوای تۆمارکردنی سکاڵایەک لەسەر گۆڤارەکەو ئامادەبوونی سەرنووسەری لڤین لە بەردەم دادگا، دەرکەوتووە کە ئەو بابەتەی سکاڵاکەی لەسەر تۆمارکراوە لە ژمارە سفر تا ئێستای لڤین بابەتی وا بڵاونەکراوەتەوەو دواتر پارێزەرەکەی پارتی ڕایگەیاندووە کە ئەوە هەڵەی کۆمپیوتەریی بووە ئەو بابەتەیان داناوە.

زۆرێک یان هەموو ئەو سکاڵایانەی لەم دواییەدا لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە تۆمارکراون، لەسەر ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕۆژنامەنووسانی ئازادی سنووری پارێزگای سلێمانین، ئەمەش جێگای پرسیارە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە ئەحمەد میرە لەم بارەیەوە دەڵێت: «پارتی پشتی بەوە بەستووە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و دادگا لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدان، بۆیە باکی نییە».

ئەمە جگە لەوەی زۆرێک لەو سکاڵایانە لە هەولێر تۆماردەکرێن، بە بیانووی جیاجیاوە ڕەوانەی دادگای سلێمانی ناکرێنەوە، کە وەک هێمن کەریم، سەرنووسەری گۆڤاری فشار، جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەگەر پارتی پێیوایە کە دادگاکانی سلێمانی جیاواز نین لە هەولێرو حیزب کۆنترۆڵی دادگاکانی هەولێری نەکردووە، با ئەو سکاڵایانە بگوێزرێنەوە بۆ سلێمانی‌و ئەگەر یاسا بۆ هەمووان بێت، ئەوا سکاڵاکان دەگەڕێنرێنەوە بۆ سلێمانی، ئەگەر وانەبێت ئامادەنیم بچمە بەردەم دادگایەک کە یاسا سەروەرنەبێت تیایدا، وەک ئەو دادگایەی چووین لە هەولێر.

کەمپەینی کۆمپانیای وشە درێژەدانە بەو کەمپەینانەی لەماوەی ڕابردوودا لەلایەن ڕۆژنامە ئەهلییەکانەوە ڕاگەیەنراون، چونکە ئەمە بووەتە واقیع‌و ناتوانرێت لە کوردستان بە زەبرو زەنگ‌و تۆقاندن، بیروڕاو بۆچوونی خۆت بسەلمێنیت.

تاچەند ئەم کەمپەینە دەتوانێت سنوورێک بۆ هێرشەکانی سەر ڕۆژنامەنووسان‌و قەڵەمی ئازاد دابنێت، ئەوە دەوەستێتەوە سەر فراوانبوونی کەمپەینەکەو سەرنووسەری گۆڤاری لڤینیش فراوانبوونی کەمپەینی کۆمپانیای وشە بۆ ئازادیی ڕادەربڕین بە گرنگ دەزانێت‌و پێیوایە: چاوەڕوان دەکرێت کاریگەریی گەورەی هەبێت، چونکە ئەم کەمپەینە لە ئاستی ڕۆشنبیران‌و ڕۆژنامەنووساندا دەرچووەو بووەتە مەسەلەیەکی گشتیی‌و گرنگە ببێتە مەسەلەیەکی جەماوەریی، بۆیە پێویستی بەوەیە بێتە سەرشەقام تا دەسەڵات ناچار بکات کە واز لە دەمکوتکردنی ڕۆژنامەنووسان بهێنێت.

هاوکات ئازاد چالاکیش جەختی لەوەکردەوە، کە مەبەست لەم کەمپەینە ئەوەیە هاوڵاتییان لەوە بگەن ئەم مەسەلانە تەنیا پەیوەندیی بە دیموکراسی‌و ئازادیی بیروڕاوە نییە، مەسەلەکە لەمە زیاتر ورد دەبێتەوە بۆ ژیانی خەڵک‌و قووتی هاوڵاتییان‌و گیرفانیان، چونکە کاتێک باس لە بێپلانی‌و ناڕێکوپێکیی سیستمی حکومڕانی‌و گەندەڵیی‌و بەهەدەردانی سەروەت‌و سامانی گشتیی‌و بەقاچاخبردنی نەوت‌و چاوسوورکردنەوەو هەڕەشە دەکەیت، ئەمە تەنیا پەیوەندیی بە ئۆپۆزسیۆن‌و چەند ڕۆژنامەیەکەوە نییە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن، ئەمە پەیوەندیی بە هەموو تاکێکەوە هەیە، چونکە ئەو سەروەتە هی هاوڵاتییانەو هی حیزب‌و پارتە سیاسییەکان نییە.

گۆڤاری فشار-یش بەشی خۆی لەو سکاڵایانەی پارتی وەرگرتووەو بەتایبەت ژمارە (١١)ی گۆڤارەکە لە سەرنووسەرەوە تا دەگاتە ستافی گۆڤار داوایان لەسەر هەیەو تەنانەت ئەو نووسەرو سیاسییانەش کە لێدوانیان داوە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە.

سکاڵاکانی سەر ئەم گۆڤارە کراوەتە دووبەش، ئەو سکاڵایەی کە داوای قەرەبووی (٥٠٠) ملیۆن دینار دەکات لە گۆڤارەکە، لە هەولێر تۆمارکراوەو سکاڵاکەی دیکە کە لەسەر گۆڤارەکەو نووسەران تۆمارکراوە، ڕەوانەی سلێمانی کراوەتەوەو دەڵێت کاری یاساییان لەگەڵ بکرێت.

لەگەڵ بوونی گشت ئەو داواو سکاڵا یاسایی‌و خەیاڵییانەدا کە پارتی بۆ سنووردارکردنی ڕای ئازاد تۆماری کردوون لە دادگاکان بەتایبەت لە هەولێر، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان، کە وەک نووسەر سکاڵا لەسەر ئەویش تۆمارکراوە، لە وەڵامی داواکەیدا دەڵێت: «بێمنەتم با دە دەعوای تریشم لەسەر تۆمار بکرێت، بەڵام دەڵێم: وەرە کوردستان ئەزیزم گەر حوکمی قەرەقووشت دەوێت».

پشتیوانییەکی بەرفراوان بۆ پشتگیریی لە کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی ڕادەربڕین 6

# شەقام دژی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕینە




ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

سەرجەم چین‌و توێژەکانی کوردستان داوا دەکەن پانتایی ئازادیی ڕادەربڕین فراوان بکرێت‌و حکومەت‌و سەرۆکایەتی هەرێم هەلی گونجاوتر بۆ ئازادیی ڕادەربڕین برەخسێنن، نەک خۆیان هۆکارێک بن بۆ بەرتەسککردنەوەی.

## ئازادیی ڕادەربڕین وەک پێویستی

چۆمان دەلۆ، مامۆستای زانکۆ ئاماژە بـەوە دەکـات؛ کە وەک لە جاڕنامەی گـەردوونـی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە: هەموو مرۆڤێک ئازادانە لەدایک دەبێت، هەربۆیە پێویستە ئازادیی ڕادەربڕینی بۆ فەراهەم بکرێت‌و ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو: «مرۆڤ ئازادە لە خستنەڕووی بیروبۆچوون‌و دەربڕینی هزری خۆی، هەموومان پێویستە ئازادانە بیربکەینەوەو ئاخاوتن بکەین لە ڕۆژنامەو گۆڤارو گشت کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە پێشێلی ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەمان کردووە، بەڵکو دەبێت ئەو ئازادییە بقۆزینەوە بۆ باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵگەو بەرەو پێشچوونی تاکو کۆی کۆمەڵگە لە گشت بوارێکی ژیاندا».

ئـــازادیـــی ڕادەربــــڕیـــــن‌و کـــاری ڕۆژنامەگەریی فاکتەرێکی بەهێزە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکو بەرەوپێشبردنی

> گرنگیی ئازادیی ڕادەربڕین‌و ڕۆژنامەگەریی لەوەدایە، کە هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی زانیارییە گرنگ‌و شاراوەکان‌و دەرخستنی ڕاستییەکان

کۆمەڵگە، چونکە کاری ڕۆژنامەگەریی‌و ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمەو دەتوانێت چـاودێـرێـکـی بـاش بێت بـەسـەر سێ دەسەڵاتەکەی تـرەوە، بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵیی‌و نەهێشتنی ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر مافەکانی هاوڵاتی دەکرێت.

بــەڵام بـە بــڕوای ســاڵـح ڕەحـمـان، ڕۆژنامەنووس‌و هەڵسووڕاوی بواری مافەکانی مرۆڤ، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەرێمی کوردستان‌و ناوچەی خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـتـدا بە گشتیی، هێشتا وەکو پێویست بوار بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی نەڕەخسێنراوە، تا بتوانێت دەسەڵاتەکانی خۆی پیادە بکات‌و ڕۆڵی کاریگەر ببینێت لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتی‌و دەرخستنی ڕاستییەکاندا، وتیشی: «ڕاستە میدیاکارانی جدیی‌و کادیرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کەم تا زۆر هەوڵیانداوە ئەو بازنەیە بشکێنن، کە دەسـەڵات بە بەردەوامیی دەیەوێت بەرتەسکی بکاتەوە».

پانتایی ئـازادیـی هـەمـوو جـۆرە ئازادییەکان لەخۆدەگرێت لە ئازادیی تاک، بیرکردنەوە، خواست، بیروباوەڕی دینی، بیروباوەڕی سیاسیی، ڕادەربڕین‌و ڕۆژنامەگەریی، هەروەک مافی ئازادیی ڕادەربڕین بە هەنگاوی یەکەمی کۆمەڵگەی دیموکراسی دادەنرێت.

هەربۆیە لە دیدی د.محەمەد ئەمین، پزیشکی نەشتەرگەریی، گرنگیی ئازادیی ڕادەربڕین‌و ڕۆژنامەگەریی لەوەدایە، کە هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی زانیارییە گـرنـگ‌و شــاراوەکـــان‌و دەرخستنی ڕاستییەکان، کە ئەمەش خزمەتێکی گەورە بە تاکی کورد دەکـات‌و کۆمەڵگە بەرەو پێش دەبات، بێجگە لەوەی بەفیعلی یارمەتی حکومەت دەدات لە دەستنیشانکردن‌و خستنەڕووی کەلێن‌و گەندەڵییەکان.

ئەو پزیشکە بۆ ڕۆژنامە دواو وتی: «لە کوردستان ڕۆژنامە ئازادەکان کاری خۆیان کردووەو زۆر ڕاستییان خستووەتە بەرچاوی هاوڵاتییان لە بەهەدەردانی بودجەی وڵاتەوە بۆ بەقاچاخبردنی نەوتی کوردستان، شەهیدکردنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)و چەندین مەسەلەی تر کە زۆرجار بە قازانجی حکومەتی هەرێم گـەڕاوەتـەوە، بـەڵام لەبەر ئـەوەی ئێمە لەڕاستیدا حکومەتەکەمان حیزب دەیبات بەڕێوە، بۆیە لەجیاتی خەڵاتکردنی میدیای ئـازادو ئۆپۆزسیۆن، پانتایی ئازادییان لێدەگیردرێت‌و هەوڵی کۆیلەکردنیان دەدرێت بە تاوانبارکردنیان بە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردو تەنانەت تەخوینکردنیشیان».

## بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین

لەئێستادا کۆمپانیای وشە بۆ ڕاگەیاندن کەمپەینێکی لە دژی بەرتەسککردنەوەی ئـازادیـی ڕادەربــڕیــن ڕێکخستووەو چەندین لایـەن‌و ڕێکخراوی ناوخۆیی‌و دەرەکیی پشتیوانیی خۆیان بۆ دەربڕیوەو کەمپەینەکەش داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەریـی دەکـات، کار بە یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەریی بکەن‌و ڕێگە نەدرێت ئازادیی ڕادەربڕین لەسەر حسابی بەرژەوەندیی تاکە کەس‌و حیزب بەرتەسک بکرێتەوە.

لەو بارەیەوە چۆمان دەلۆ، بەپێویستی دەزانێت دەسەڵاتدارانی هەرێم پارێزەرو کارپێکەرێکی تـەواوبـن بـە یاسای ڕۆژنامەگەریی کە پەرلەمانی کوردستان دەریـکـردووە، وتیشی: «وام بیستووە پەرلەمان بەنیازە هەندێک دەستکاریی یاساکە بکات، ئیتر نازانم بەرتەسکی دەکاتەوە یان نا، بەڵام ڕەوڕەوەی ژیان بەرەوپێش دەڕوات‌و دەبێت دەسەڵات پانتاییەکانی ئازادیی پان‌و پۆڕ بکات، نەک لە قاڵبی بدات، دەنگ‌و ڕەنگ‌و مینبەری جیاواز لە کوردستاندا هەیە، بۆیە دەڵێم مەحاڵە ئازادییەکان بەرتەسک بکرێنەوەو پێش بە ڕەوتی گەشەکردن‌و نەشونمای ئازادیی لەم هەرێمەدا بگرێت، بەتایبەتی ئێستا کە سـەردەمـی گلۆباڵیزەیشن‌و جیهانگیرییە، بۆیە دەبێت هەموو لایەک لەگەڵ باهۆزەکەدا بسازێن».

ئەو ڕۆژنامەنووسە پێی وایە: کە لە بەرامبەردا هیچ گرەنتییەک بۆ پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووس نییەو هیچ دەزگاو دامەزراوەیەکی تایبەتیش بوونی نییە، کە بتوانێت بەدواداچوون بۆ ئەو بوارە بکات‌و بگاتە ئەنجامێکی تـەواوەتـی، «بەڵگەشمان ئەو ئامارانەیە کە ئاماژە بە دەستدرێژیکردنە سەر ڕۆژنامەنووسان دەکەن‌و هیچ بەدواداچوونێکیان لەبارەوە نەکراوە، چەندین ڕۆژنامەنووسیش تیرۆر کراون، بەڵام دۆسییەکانیان بەشاراوەیی دەمێنێتەوە، یاخود دەپێچرێتەوەو دەسەڵات لەئاستیان بێدەنگە».

لـەمـاوەی چەند ساڵی ڕابـــردوودا هـەوڵـەکـانـی دەسـەڵاتـی کــوردی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین‌و ڕۆژنامەگەریی بریتی بووە؛ لە ڕێگرتن لە بەدەستهێنانی زانیاریی‌و تۆمەت خستنەپاڵ دەزگـا میدیا سەربەخۆکان تـاڕادەی تەخوینکردن‌و لەمپەردانان لەبەردەم کاری ڕۆژنامەگەریدا، دواترین هەوڵیشیان داواکردنی قەرەبووی مادیی خەیاڵییە لە شکاتەکانیان لە ڕۆژنامەو دامودەزگا ئیعلامییەکان.

ئـەم حاڵەتانە ئـەو بڕوایەیان لای د.محەمەد دروستکردووە، کە دەسەڵاتی سیاسیی کورد تووشی قەیران بووەتەوە لەدوای ئەوەی کە ئەو کارانەی لە تاریکیدا ئەنجامی داوە ئێستا پەردەی لێهەڵماڵرێت «دەنا داواکردنی سزا بەو بڕە پارە خەیاڵییە لە ڕۆژنامەکان‌و ڕۆژنامەنووسان کە بیانەوێت خزمەت بە حکومەتی هەرێم بکەن، مانای چییە؟! ئەگەر شەڕی کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی‌و مافی چارەنووسین بووبێت، دەبـێـت ئـەمـڕۆ هـەوڵـی سەقامگیریی ئـازادیـیـەکـان‌و مافەکانی هـاوڵاتـی‌و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بدەین لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون، نەک بنەمای حیزبیی‌و خزمایەتی بۆ گەیشتن بە دادی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی بە سەروەریکردنی یاسا.

بێدەنگکردنی ڕۆژنامەنووسان لە ڕێی هەڕەشکردن‌و سکاڵا تۆمارکردن لەلایەن دەسەڵاتەوە، بە بڕوای هاوڵاتییان دیدێکی ناشرین دەبەخشێتە سیاسییەکانی هەرێم، بەتایبەت کە ئێستا کوردستان لەبەر چاوی هەموو ڕێکخراوە جیهانیی‌و نێودەوڵەتییەکانە.

فەرمان حسێن، فرۆشیار پێیوایە؛ کورد لەماوەی ڕابــردوودا بــەردەوام کوشتەی دەستی بێدەنگکردن بــووە، هەتا کاتێک کە ڕاپەڕین کراو هاوڵاتییان دڵیان بەوە خۆش بوو، کە ئیتر لەئاست ناهەقییەکاندا بێدەنگ نابن‌و دەتوانن ڕای خۆیان بە قسەو بە پێنووس دەربـڕن، بەڵام بینرا کە ئەو دۆخە بە پێچەوانەوەیەو خەڵک ناتوانێت قسە لەسەر ئەو شتانە بکات کە دەسەڵات بەدڵی نییە، یان هـەوڵ بۆ شاردنەوەی دەدات، وتیشی: «ئەمەش نیگەرانیی‌و ترسی لە دڵی خەڵکدا دروستکرد بەرامبەر بە حوکمی خۆبەخۆی کورد، ئێستاش کە ئەو هەلە هاتووەتە بەردەست کە میدیای چاونەترسی ئازادو ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لە کوردستاندا بوونیان هەیە، پێویستە دەسـەڵات پشتگیرییان بکات‌و خەڵکیش بەگژ هەموو بچووککردنەوەیەکی حەجمی ئازادی ڕادەربڕیندا بچنەوە.

# «دەسەڵات بەوە بەهێز نابێت دەست بخاتە سەر دەمی ئازادیی ڕا دەربڕین»

شێرکۆ بێکەس

ئەوەندەی من بزانم، عەقڵی سیاسیی نییە، هەمیشە عەقڵی پاشکۆی سیاسیی دەوروبەرمان بــووە، ئەم پاشکۆیەتییە ڕەگو ڕیشەی بۆ مێژوویەکی دوور دەگەڕێتەوە، دیارە یەکێک لەو پاشماوەی خەسڵەتە دزێوانە عەقڵی حوکمی تاکڕەویی‌و پاوانکردنی هەموو دەسەڵاتەکان بووە، بۆیە من پێموایە دەبێت لەم ڕوانگەیەوە تەماشای مەسەلەی ئازادیی‌و ئازادیی ڕادەربڕین بکەین، لەلایەکی تریشەوە من وای دەبینم دیموکراسی‌و سیستمی دیموکراسی لەم وڵاتانەدا لە ئیدیعا زیاترو لە دروشم‌و توێکڵ‌و پەراوێزێکی کەم بـەولاوە زیاتر شتێکی تر نییە، بەکورتی هێشتا زۆر زۆری ماوە بۆ ئەوەی دیموکراسی لەم وڵاتانەدا بکەوێتە سەرپێ‌و هۆشیاریی کۆمەڵ بەگشتیی لەو ئاستەدا بێت کە بۆ مافەکانی خۆی بووبێتە پێگەیەکی چەسپاو و بەرگریکاری کۆمەڵی مەدەنی‌و مەسەلەی دیموکراسی‌و ئازادیی ڕادەربڕین بەتایبەتی، وەک هەموانیش دەزانین دیموکراسی پەیوەندییەکی بنەڕەتی بەلایەنی ڕووناکبیریی هەر میللەتێکەوە هەیە.

لەناو کولتووری خێڵەکی‌و عەقڵی تۆڵەو پاوانکردندا، لە کۆمەڵێکدا کە بەشی هەرە زۆری شوێنکەوتووی خورافات بن، ئایین‌و ئایینزا تێکەڵ بەسیاسەت کرابێت‌و یاساو ڕێسای بۆ دروستکرابێت، مەحاڵە لەکەش‌و هەوایەکی وا نالەباردا چاوەڕوانی ئەوە بین دیموکراسی بـژی‌و گەشە بکات، ئـەوەی لە وڵاتـی ئێمەدا بۆ دیموکراسی کـراوە، لە هەندێک پەراوێزو دەستبردن بۆ توێکڵـی دیموکراسی بەولاوە خۆ لە قەرەی جەوهەری نەدراوە.

هــەر لــەبــەرئــەوەیــشــە دەبینین هەموو هەڵبژاردنەکان نوقسان‌و کەلەلاو پڕ لەساختەو ساختەکارین، بە دەستێک هەندێ ماف‌و ئازادیی وەردەگـــری‌و بــەڵام بە دەستەکەی تر لێت دەسەندرێتەوە.

لە وڵاتی ئێمە دیموکراسی خوێناویی کراوە، ئازادیی تاک نییەو ئازادییەکانی دیکەش کەوتوونەتە ژێر چاودێریی دەسەڵاتەوەو هەر ڕۆژەی کۆت‌و پێوەندێکیان بۆ دروست دەکرێت، ڕەنگە باشترین نموونە ئەو نابەرامبەریی‌و نایەکسانییە بێت کە مافی ژنانی تێدا هاڕراوە، ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین تاوانی کوشتنی ڕووناکبیران‌و ڕۆژنامەنووسان، بکوژانی دیموکراسی، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن‌و جۆگەلە خوێنەکان دەکرێن بەژێر خۆڵەوە، حاکمی سیاسیی لەم ناوچەیەدا دەبێت حاکمی ئەبەدی بێت، بۆ خۆی یان نەوەکانی، دەســتـــوورو هەموو یاساو ڕێساکانیان بۆ دەگۆڕێ تەنها بۆ ئەوەی بمێننەوەو لەو کورسییە نەیەنە خوارەوە! ملیۆنان دۆلار دەخورێ‌و هیچ ئاسەوارێکیش لەدوای خۆیانەوە بەجێنامێنـێ، پەرلەمان هەیەو نییەو لەپشتی ئەوانەوە سوڵتەیەکی دیکەی تەشریعی هەیەو حکومەتیش چەند حکومەتێکە، باشە ئیتر دیموکراسی چی‌و چی بۆ دەمێنێتەوە؟! لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی‌و عەرەبیدا، دیموکراسی دەمامکێکە لەژێر ئەو دەمامکەوە ڕووی ڕاستەقینەی دڕندەکان هەن، ئاخر لە فیکری فاشییەکان‌و ڕەگەزپەرست‌و میتۆدی شیعەگەرایی‌و سوننەگەرایدا دەبێت دیموکراسی چۆن جێگەی بووبێتەوە؟! دەرهەق بە خۆشمان‌و لەم بەشەی کوردستاندا، دیارە لە ئێستادا ناهەقی دەکەین ئەگەر بڵێین (ڕای ئازادیی دەربڕین نییە) باشترین نموونەیش ئەو چەند ڕۆژنامەو گۆڤارانەن کە بەدەنگی بەرز قسەی خۆیان دەکـەن‌و (تا ئەم ساتە وەختە وەک میدیای سەربەخۆو ئازاد بیروبۆچوونی خۆیان ئازادانە بڵاودەکەنەوە)، بەڵام ماوەیەکە هەست دەکرێ لەلایەن هەندێک لایەنەوە هەوڵـی بەرتەسککردنەوەو جۆرە گوشارێکی سیاسیی خراوەتە سەر ئەو ڕۆژنـامـەو گۆڤارانە کە هەڕەشەی جدیی لە ئازادیی ڕا دەربڕین دەکەن، بۆیە لەجێگەی خۆیدایەتی، هەر لە ئێستاوە لەپێناوی پاراستنی ئەو دیموکراسی‌و ئازادیی ڕا دەربڕینەدا بەر لەو هەوڵانە بگیرێ‌و بەدەنگی بەرز بەرگریی لە مافی ئازادیی‌و مافی تەواوی ڕا دەربڕین بکرێت.

دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا هەرگیز بەوە بەهێز نابێت دەست بخاتە سەر دەمی ئازادیی ڕا دەربڕین، یان گوشاری هەڕەشەو ترس لەڕێگەی بەرتەسککردنەوەی ئەو مافانەوە بەکاربێنێت، بە پێچەوانەوە هەتا مەودای ئازادیی ڕا دەربڕین فراوانتر بکات، متمانەی خەڵکی



کوردستان زیاتر بەدەست دەهێنێ، چ لە ڕووی سیاسیی‌و چ لە ڕووی بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەییەوە پاشەڕۆژ بۆخۆی زامنتر دەکات، دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا، بەبێ بنکە فراوانەکانی خەڵک، لەسەر هەموو ئاستێک لە پاشەکشەدا دەبێت، پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا چاو لە ئەزموونە خراپەکانی ئێران‌و سوریاو میسرو عەرەبی سعودی نەکات، چونکە وەک سەرئەنجام تووشی گۆشەگیریی تەواو و دابڕان دەبن، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق، کەم تا زۆر هەندێ ئاماژەی گرنگیان لــەدوای خۆیانەوە بەجێهێشت، کە پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی لەم وڵاتەدا بەهەند وەریانبگرێت. خراپترین ئەزموون کە دەسەڵاتی سیاسیی‌و دەزگـا ئەمنی‌و حکومییەکان لە کوردستاندا تێـی کەوتن‌و نەیانتوانی وەڵامێکی دڵنیاکەریان بۆ ئەو خەڵکە هەبێت، کوشتن‌و تیرۆرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بوو، لەمەیش خراپتر ئەو سیناریۆیانەی دوایی بوو کە بۆ تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان) دروست کرابوون، من نازانم ئایا منداڵەکانی ئەو کەسانە خۆشیان بڕوا بەو حیکایەتە بـێ سەروبەرانە دەکـەن، ئایا خستنەڕووی ڕاستییەکان وەک خۆیان چۆنن متمانەی زیاتر لەناو خەڵکیدا بۆ ئەو دەسەڵاتانە پەیدا ناکەن؟! ئایا لە گەمەکانی دیموکراسیشدا کردنی هـەزاران دۆلار بە ماڵ بەسەر ڕۆژنامەنووس‌و ڕۆژنامەیەکەوە بە مانای چاوترسێنی قەڵەمی دیکەو لەهەمان کاتدا دانانی بەربەست‌و لەمپەر لەبەردەم ئازادیی ڕادەربڕیندا نایەت؟!. لەم لای تریشەوە قسەی دۆستانەو

> لە وڵاتی ئێمە دیموکراسی خوێناویی کراوە، ئازادیی تاک نییەو ئازادییەکانی دیکەش کەوتوونەتە ژێر چاودێریی دەسەڵاتەوە

دڵـسـۆزانـەی من بۆ هەندێ لـەو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسە ئۆپۆزسیۆنانە ئەوەیە: هەمیشە مەوزوعیانە تەماشای مەسەلەی ئازادیی‌و ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستاندا بکەن، واتە قوڕ نەدەن بە هەموو پەنجەرەکانداو بڵێن؛ هیچ جۆرە ئازادییەک لە ئارادا نییە!، چونکە لە ڕاستیدا هەر قسەکردنی خۆیان ئەوە دەسەلمێنـێ کە تائێستا هەندێ پەنجەرە بۆ ئەو هەناسەدانانە هەن، ئەگەرچی بەلای هەموانەوە هێشتا کەمن‌و پێویستە بەدەیان پەنجەرەی دیکەش لەسەر ئازادیی‌و دیموکراسی بکرێنەوە.

ئەمە جگە لـەوەی کە ئازادیی ڕادەربڕین ئەرک‌و بەرپرسیارێتیشەو بەتەنیا هەر ڕەخنەو ڕەخنەکاری نییە، ڕاستە خەوش‌و خەتاو تاوانەکان زۆرن، بەڵام دەبـێ بەوردیش ئاگامان لەوە بێت ئەم ئەزموون‌و ئازادییەیش لەخۆوە نەهاتووەو باوەڕیش ناکەم (ڕووخـان‌و لەناوچوونی) لە بەرژەوەندیی وڵات‌و هیچ لایەنێک بێت، وەلـێ نابێ هەرگیز بێدەنگیش بین.

ببوورە! لەوەڵامێکی سەرپێییدا هەر ئەوەندەم پێیە!

*** ئەم نووسینەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس لەوەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەکەماندایە، کە داوامان لێکردبوو سەبارەت بەو ژینگەیەی دەسەڵات لەهەمبەر ئازادیی ڕادەربڕین خولقاندوویەتی وەڵامی (ڕۆژنامە) بداتەوە**

# بەشێک لە دەنگدانەوەی کەمپەینەکەی کۆمپانیای وشە لە میدیاکاندا

ئا: بەرهەم خالید

**لەدوای راگەیاندنی کەمپەینی کۆمپانیای وشە بۆ ئازادیی رادەربڕین، رێکخراوە نێودەوڵەتیو ئاژانسەکانی راگەیاندن بە بایەخەوە باسیان لە کەمپەینەکە کردووە، ئەمەش بەشێکە لەو دەنگدانەوەیە.**

**کۆمیتەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان:**

ژمارەیەک رۆژنامەنووس لە کوردستانی عێراق نامەیەکیان ئاراستەی هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمو جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق کردووە سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی لە هەرێمی کوردستان دژ بە رۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێتو داوایان لەو دوو سەرکردەیە کردووە سنوورێک بۆ ئەو پێشێلکارییانە دابنێن.

**رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی:**

هەست بە بوونی فشار لەسەر ئازادیی رادەربڕین دەکەین لە هەرێمو زۆر نیگەرانین لە بە دادگادانی رەخنەگرانی دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقو ئەو هەڕەشەیەی کە ئەو دەسەڵاتە لەسەر ئازادیی رادەربڕین دروستی دەکات لەو هەرێمەدا.

**پەیامنێرانی بێسنوور:**

ململانێی کەڵەکەبوو لەنێوان دەسەڵاتو رۆژنامەنووسان لەکوردستان ئێمەی نیگەران کردووە، بەتایبەت لەنێوان هێزە ئەمنییەکانو ئەو حیزبانە لە لایەکو رۆژنامەنووسانو مێدیا نوێیەکان لەلایەکی دیکەوە.

**عێراق ئەپدەیت:**

پشتگیریکردن لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق.

لە هەرێمی کوردستان دەسەڵات فشارەکانی بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین بە گشتیو ئازادیی رۆژنامەوانیی چڕکردووەتەوە.

**کوردیش میدیا:**

پشتگیریی ئازادیی رادەربڕین لە کوردستان.

ئەرکی خۆمانە کە دڵنیابین حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمان هەڵەی یەکێتیی سۆڤیەتی جارانو چینو ئێران دووبارە ناکاتەوە، کە هاتنە سەر دەسەڵات ئەرکی خۆشمانە دڵنیابین، کە رۆژنامەنووسان ئاگادارو رەخنەگرو پرۆفێشناڵ بن، ئەگەریش بەرپرسان گومانیان لە بابەتی هەڵەو کەسانی ناپرۆفێشناڵ هەیە، ئەوا دەبێت کێشەکە لە دادگا چارەسەر بکرێت.

**وێبلاگی (وڵاتە یەکگرتووەکانی کوردستان):**

پشتگیریی کەمپەینەکەی کۆمپانیای وشە دەکات بۆ ئازادیی رادەربڕین دەربارەی ئەو هەوڵانەی دەسەڵات بۆ سنووردارکردنی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەگەریی لە کوردستان دەستیپێکردووە.

**تۆڕی زەهیرای هەواڵی:**

راگەیاندراوەکەی کۆمپانیای وشەی بۆ ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق بڵاوکردووەتەوەو ئاماژە بە هەوڵەکانی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕینو سنووردارکردنی دەکات لە هەرێمی کوردستان.

**رادیۆ سەوا:**

هەڵمەتی بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستان.

چالاکوانانی بواری ئازادییە مەدەنییەکان لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکیان بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕینو بیروڕا دەستپێکردو لەو میانەشدا پەیامێکیان ئاراستەی نەتەوەیەکگرتووەکانو ژمارەیەک لە سەرۆکی وڵاتانو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە بۆ ئاگاداربوون لە رەوشی ئازادیی رۆژنامەگەریی لە کوردستان.

**سۆمەرییە نیوز:**

ئۆپۆزسیۆنی کوردی کەمپەینێکی دژ بە دادگادانی هۆیەکانی راگەیاندنو رۆژنامەنووسان راگەیاند.

بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستان کەمپەینێکی دژ بەو هەوڵانە راگەیاند، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین لە ئارادایەو داواش لە دەسەڵات دەکەن یاسای کاری رۆژنامەنووسی جێبەجێ بکەن.

**ئاژانسی هەواڵی عێراق:**

کۆمپانیای وشە کەمپەینێکی بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق راگەیاند.

کۆمپانیای وشە بۆ راگەیاندن کەمپەینێکی بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان راگەیاندو تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە؛ ماوەیەکە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان فشارێکی چڕیان بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەگەریی دەستپێکردووەو ئەوەش هەڕەشە لە ئازادی رادەربڕین دەکات.

**تۆڕی رۆژنامەوانیی ئازاد:**

گرژی لەنێوان دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستانو رۆژنامەنووساندا هەیە، ئەوەش رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی ئەو بوارەی نیگەران کردووە

ئیکورد: پشتگیریی کەمپەینی بەرگریکردن لە ئازادی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق دەکەین.




# پسپۆڕانی عێراقی داوادەکەن ئازادیی رادەربڕین لە هەرێم سنووردار نەکرێت

راپۆرتی: کاروان عومەر

چەند پسپۆڕێکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنیو ئازادییەکان لە عێراق بە گرنگی دەزانن ئازادیی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان سنووردار نەکرێتو هەنگاونان بۆ سزادانی رۆژنامەو رۆژنامەنووسانیش بە هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی ئازادیی لە هەرێم لە قەڵەم دەدەن.

هەفتەی رابردوو کۆمپانیای وشە کەمپەینێکی بەرفراوانی راگەیاند بەناوی (کەمپەینی بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق)داو تیایدا داوایکرد؛ فشارو دەستتێوەردان لە دەسەڵاتی دادوەریی بۆ فشار خستنە سەر میدیای ئازاد رابگیرێتو پشتیوانیی لە ئازادیی رادەربڕینو میدیای ئازاد بکرێت لە هەرێمی کوردستانداو بەهەمان شێوەش فشار بخرێتە سەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ کۆتاییهێنان بەو هەڵمەتەی لە دژی میدیای ئەهلیی دەستیان پێکردووە، کەمپەینەکە داواشی لە سەرۆکی هەرێمو سێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریی هەرێمی کوردستان کرد بە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کاری رۆژنامەوانیی کاربکەن.

هاوکات پسپۆڕانو چالاکوانانی بواری ئازادییو کۆمەڵگەی مەدەنیش پشتیگریی لەو کەمپەینەی کۆمپاینای وشە دەکەنو لەوبارەیەوە هەنا ئەدوەر، چالاکوان لە بواری ئازادییەکانو کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی، وێڕای پیشاندانی ئاگاداریی خۆی لەو کەمپەینەی کۆمپاینی وشە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پشتیگریی لەو کەمپەینە دەکەنو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «جۆرێک لە لاوازیی متمانەی لەنێوان دەسەڵاتو

> سەڵاح یونس:
> ئەگەری ئەوە هەیە ئەو جۆرە داوا یاساییانە لە دژی رۆژنامەو رۆژنامەنووسانی هەرێم ببێتە مایەی کەمکردنەوەی ئازادییەکان

کەناڵەکانی راگەیاندنو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراقدا بوونی هەیەو هەمیشە دەسەڵاتدران بەچاوی گومانەوە وەکو سەرچاوەی تەشهیرو ناوزڕاندن تەماشای کەناڵەکانی راگەیاندن دەکەنو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو میدیاکان دەبێت رۆڵی خۆیان هەبێت».

راگەیاندنی ئەم کەمپەینەی کۆمپانیای وشە لەدوای ئەوەوە هات، کە پارتی دیموکراتی کوردستان زنجیرەیەک داوای یاسایی لەسەر رۆژنامەی رۆژنامەو هاوڵاتیو ئاوێنەو گۆڤاری لڤینو چەند گۆڤارو نووسەرو رۆژنامەنووسێکی تر لە دادگا تۆمارکردووە بە بازدان بەسەر یاسای کاری رۆژنامەوانیی لە هەرێم، کە لە ساڵی (٢٠٠٧) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بە یاسای سزادانی عێراق ساڵی (١٩٦٩)ی حیزبی بەعس داوای قەرەبووی مادیی خەیاڵیی لەو رۆژنامانە دەکات.

هەنا ئەدوەر، چالاکوان لە بواری ئازادییەکانو کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقیش، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو هەڵسوکەوتانە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی ئازادیی رادەربڕین، بەڵام بە وتەی ناوبراو رێبازی ئازادیی رادەربڕین بەردەوام دەبێت، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت فرە حیزبیو بوونی راوبۆچوونی جیاوازو ئازادیی رادەربڕین پەکبخات».

هەندێکی تر لە پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن؛ پێویستە هەرێمی کوردستان پەیوەست بێت بە دەستووری عێراقەوە، کە تیایدا ئازادیی رادەربڕین وەک مافێکی هاوڵاتییانی عێراق ئاماژەی پێدراوە.

سەڵاح یونس، ئەندامی دەستەی باڵای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی، ئاماژەی بەوەدا: دەستووری عێراق مافی رادەربڕینو بڵاوکردنەوە مسۆگەر دەکاتو هەرێمی کوردستان وەکو بەشێک لە عێراق دەبێت پابەند بێت بەدەستووری عێراقو بڕگەکانییەوەو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەری ئەوە هەیە ئەو جۆرە داوا یاساییانە لە دژی رۆژنامەو رۆژنامەنووسانی هەرێم ببێتە مایەی کەمکردنەوەی ئازادییەکان لە هەرێمی کوردستانو داواکارین لە حکومەتی هەرێم پابەند بێت بە یاساکانو دەستووری عێراقەوە».

ئەو پسپۆڕەی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی بە گرنگی زانی دادگاکانی هەرێمی کوردستان ورد بێت لە بڕیاردان لەسەر هەر بابەتێکی لەوبارەیەوەو رەچاوی سەرجەم یاساکان بکات کە لە هەرێمی کوردستان دەرچووەو پەیڕەودەکرێت، وەک ئاماژەیەک بۆ پەیڕەونەکردنی یاسای کاری رۆژنامەوانیی لە هەرێمی کوردستاندا، کە لەو داوا یاساییانەدا پشتی پێنەبەستراوە.

لەلایەکی ترەوە پسپۆڕانی بواری یاسایش پێیانوایە؛ مەرج نییە داوای یاسایی لەسەر کەناڵەکانی راگەیاندنی هەرێمی کوردستان سەربگرێتو بە بەرژەوەندیی لایەنی سکاڵاکەر بشکێتەوە.

لەوبارەیەوە تارق حەرب، پسپۆڕی بواری یاسا، وێڕای ئاماژەدان بەو داوا یاساییەکەی کە لەسەر رۆژنامەی رۆژنامە بە بڕی یەک ملیار دۆلار بەرزکراوەتەوە روونیکردەوە؛ ئەو داوایە ئەوە ناگەیەنێت کە دادگا ئەو سزایە بەسەر ئەو رۆژنامەیەدا دەسەپێنێتو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «دواکاریی شتێکەو بڕیاری دادگا شتێکی ترە»

تاریق حەرب، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە یاسای رۆژنامەگەریی


> تارق حەرب:
> داواکردنی ئەو بڕە زۆرە وەک قەرەبووکردنەوە لە رۆژنامەکان مەرج نییە دادگا ئەو سزایە بسەپێنێت

لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام هیچ بڕگەیەکی تیادا نییە ئاماژە بە قەرەبووکردنەوە بدات، بۆیە لایەنی داواکار پشتی بەستووە بەیاسای مەدەنی».

لە چارەنووسی (٢٠) بێسەروشوێنکراوی ئیسلامیی دەکۆڵرێتەوە 8

# پشتیوانییەکی بەرفراوان بۆ پشتگیریی لە کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین

ئا: بەرهەم خالید




**بزووتنەوەی ئایندەی گەلی کوردستان لە بادینان پشتگیریی خۆیان دەردەبڕن**

بزووتنەوەی ئایندەی گەلی کوردستان لە ناوچەی بادینان لە پەیامێکدا پشتیوانیی خۆی بۆ کەمپەینەکە راگەیاند، لە پەیامەکەیاندا بزووتنەوەی ئایندە وێڕای پشتگیریکردنیان لە کارو چالاکییەکانی کەمپەینەکە، نارەزایی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بە بەرتەسککردنەوەی مەودای ئازادیی رادەربڕینو فشارخستنەسەر میدیای ئازاد لەلایەن دەسەڵاتەوە.

**لە ئەورووپاش کەمپەینی (بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق) دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کرد**

رێکخەرانی کەمپەینی کۆمپانیای وشە بۆ (بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق) راگەیەنراوی کەمپەینەکەیان بە زمانی ئینگلیزی ئاراستەی سەرجەم سەرۆکو ئەندامە پەیوەندارەکانی هەر حەوت فراکسیۆنەکەی پەرلەمانی ئەورووپاو کۆمسیۆنەکانی مافی مرۆڤو پەیوەندییەکانی دەرەوەو گەشونماکردنو ئازای سیڤیل لە پەرلەمانی ئەورووپا.

**کوردستانییانی نەرویج پشتیوانیی کەمپەینەکە دەکەن**

لە راگەیاندراوێکی ژمارەیەک لە کوردستانییانی وڵاتی نەرویج پشتیوانیی خۆیان بۆ (کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق) رادەگەیەنن.

لە راگەیاندراوەکەدا هاتووە: «ئێمە وەکو کوردانی تاراوگە لە وڵاتی نەرویج پشتگیریی خۆمان دەردەبڕین بۆ کەمپەینەکە لەپێناو بەرگریی لە ئازادیی رۆژنامەو راگەیاندنە ئازادەکان، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە فشاریان دەخرێتەسەر بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین».

**رۆژنامەنووسانی بێسنوور: نیگەرانین لە ئاڵۆزییەکانی نێوان دەسەڵاتدارانو رۆژنامەنووسان**

رێکخراوی رۆژنامەنووسانی بێسنوور نارەزایی خۆیان پیشانداوە سەبارەت بە گرژیی نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانو رۆژنامەنووسانو کەناڵەکانی راگەیاندنی میدیای ئازاد.

**رۆژنامەنووسانی رانیە پشتیوانیی دەکەن**

رۆژنامەنووسانی رانیە پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو کەمپەینە راگەیاندو ئاماژە بۆ مەترسییەکانی سەر رۆژنامەنووسان دەکەن بەهۆی فشارە بەردەوامەکانی دەسەڵات بەمەبەستی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین.

**کوردانی تاراوگە پشتیوانن**

لە پشتیوانینامەیەکدا ژمارەیەک کوردی تاراوگە بڵاویان کردەوە، پشتیوانیی خۆیان بۆ (کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق) دەردەبڕنو ئەو توندوتیژییانەش ئیدانە دەکەن کە لە هەرێمی کوردستانەوە بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان دەکرێت

**چوار حیزب پشتیوانیی لە کەمپەینی (بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین) دەکەن**

دوابەدوای راگەیاندنی کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لەلایەن کۆمپانیای وشەوە بۆ راگەیاندن، تا دێت پشتگیرییو پشتیوانیی لەو کەمپەینە بەرفراوانتر دەبێت، لەو چوارچێوەیەشدا چوار حیزبی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان پاڵپشتیو پشتیوانیی خۆیان بۆ کەمپەینەکە دەردەبڕن، کە بریتین لە یەکگرتوو و کۆمەڵو بزووتنەوەی ئیسلامییو حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان، ئەوەش لە زاری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبانەوە راگەیەندراوە.

**دەستەی سەربەخۆیی رۆژنامەنووسانی گەرمیان پشتگیریی خۆیان راگەیاند**

دەستەی سەربەخۆیی رۆژنامەنووسانی گەرمیان لە راگەیەندراوێکدا پشتگیریی خۆیان دەربڕی بۆ کەمپەینی داکۆکیکردن لە ئازادیی بیرورا، کە (کۆمپانیای وشە) رایگەیاندووە: بێدەنگبوون لە ئاست ئەو بەربەستانەی دەسەڵات دەیخاتە بەردەم ئازادیی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان، زیان بە پرۆسەی ئازادیی دەگەیەنێت.

**رێکخراوی کوردۆساید- چاک، پشتیوانیی خۆیان راگەیاند**

رێکخراوی چاودێریی کوردۆساید-چاک لە راگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ سایتی (سبەی) نێردراوە، پشتیوانیی خۆیان راگەیاند بۆ (کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق).

لە بەشێکی راگەیاندراوەکەدا هاتووە: «ماوەیەکە کوردستانی باشوور بە بارودۆخێکی مەترسیداردا هەنگاو دەنێت،

**رێکخراوی رۆشنبیریی پەرەپێدانی چالاکی یاسایی لە هەولێر، پشتگیریی لە کەمپەینەکەی کۆمپانیای وشە دەکات**

رێکخراوەکە لە بەیاننامەیەکدا دەڵێن: لەبەر پەرۆشیمان بۆ سەروەریی یاساو ئازادیی رادەربڕین وەک رێکخراوێکی یاسایی، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین پشتگیریی لەم کەمپەینە بکەین لە رووی یاساییەوە.

**کۆمیتەی سەردەشت بۆ بەرگریی لە ئازادیی لە وڵاتی سوید، پشتیوانیی خۆیان بۆ (کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق) دووپات دەکەنەوە**

کۆمیتەی سەردەشت لە سوید لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە: ئێمە لە کۆمیتەی سەردەشت عوسمان لە وڵاتی سوید دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئێوە بۆ داکۆکیی لە ئازادیی رادەربڕین (وشە) لە کوردستاندا.

**سوید: ژمارەیەک کۆمەڵە پشتیوانیی لە (کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق) دەکەن**

(کۆمەڵەی لاوان، کۆمەڵەی مەتین، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە یۆتۆبۆری) لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەیان بەوە داوە: «پشتیوانیی لە کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی دەکەین، کە لەلایەن کۆپانیای وشەوە لە هەرێمی کوردستان راگەیەندراوە، هەروەها بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە لە هەر شوێنێک بەیداخی گردبوونەوە هەڵبدرێت بۆ داکۆکیی لە ئازادیی، ئێمە لەوێین».

**سلێمانی: (١٢٨) پارێزەر پشتگیریی خۆیان بۆ کەمپەینەکە دەردەبڕن**

(١٢٨) پارێزەری سلێمانی لە راگەیەندراوێکیاندا پشتگیریی خۆیان بۆ کەمپەینەکە راگەیاندووەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن: پێویستە سنوورێک دابنرێت بۆ سووکایەتیکردن بە رۆژنامەنووسانو دەزگای دادوەرییش وەک چەکێک لە دژی رۆژنامەو رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان بەکارنەهێنرێت.

**رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانی سنووری چۆمان پاڵپشتیی کەمپەینەکە دەکەن**

رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانی سنووری قەزای چۆمان پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئەو کەمپەینە راگەیاند.

کۆمەڵەی لاوانی گەش لە ئەورووپا، پشتیوانیی خۆیان بۆ کەمپینەکە راگەیاندو لە پشتگیرینامەیەکدا ئەوەیان خستووەتەڕوو: «ئێمە لە کۆمەڵەی لاوانی گەش پشتگیرییو پشتیوانیی لەم کەمپینە دەکەین دژ بە سەرکوتکردنی بۆچوونی ئازادو دەنگی سەربەخۆ».

**دانیشتوانی ناحیەی بەکرەجۆ پشتیوانیی خۆیان بۆ کەمپەینی ئازادیی رادەربڕین راگەیاند**

ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی ناحیەی بەکرەجۆ بە سەرجەم چینو توێژەکانییەوە لە پارکی هەزارمێرد لە ناحیەکە، پشتیوانیی خۆیان بۆ کەمپینەکە راگەیاندو نیگەرانییان دەربڕی بەرامبەر ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە بەرامبەر رۆژنامەنووسانو ئازادیی رادەربڕین.

**چینو توێژە جیاجیاکانی شارۆچکەی پیرەمەگروون پشتیوانیی خۆیان بۆ کەمپەینی ئازادیی رادەربڕین راگەیاند**

ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانو گەنجانو کاسبکارانی شارۆچکەی پیرەمەگروونو دەوروبەری پشتیوانیی خۆیان بۆ کەمپینی ئازادیی رادەربڕین دەربڕی، تاچیتر ئازادیی رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان پێشێل نەکرێت.

**کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردو فینلەندا پشتیوانیی لە کەمپینی ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق دەکات**

کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردو فینلەندا لە وڵاتی فینلەندا پشتیوانیی خۆیان بۆ کەمپینی ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق راگەیاندو هاوکات دژی ئەو فشارانە دەوەستنەوە کە بەرامبەر میدیای ئازاد لە کوردستان دەکرێت.

**ئەڵمانیا: رادیۆی دەنگی وڵات پشتگیریی لە کەمپەینی ئازادیی رادەربڕین دەکات**

پشتگیرییەکان لە کەمپەینی ئازادیی رادەبڕین لە ناوخۆی هەرێمو دەرەوەی وڵات تا دێت فراوانتر دەبێتو لەو چوارچێوەیەشدا رادیۆی دەنگی وڵات لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا پشتگیریی خۆیان بۆ ئەو کەمپەینە راگەیاند.

لە بەیاننامەیەکی رادیۆی دەنگی وڵاتدا هاتووە:ئێمە لە رادیۆی دەنگی وڵات وێڕای پشتگیریمان لەم کەمپەینە، بانگەواز دەکەین بۆ هەموو ئازادیخوازانی نیشتمان پشتگیریی لێبکەنو با لەپێناوی بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕیندا کۆمیتەی ئازادیی بەرێبخەین.

**هەولێر: مامۆستایانی زانکۆ پشتگیریی خۆیان رادەگەیەنن بۆ (کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق)**

مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین پێیانوایە؛ راگەیاندنی کەمپەینەکە لە ئێستادا پێویستییەکی حەتمییەو پشتگیریکردنیشی ئەرکی سەرجەم هاوڵاتییانی کوردستانە.

**رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی دەربەندیخان پشتیوانیی خۆیان راگەیاند**

ژمارەیەک رۆژنامەنووسو رۆشنبیرو نووسەری خەڵکی شارۆچکەی دەربەندیخان لە پارکی شاری دەربەندیخان کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییان رێکخستو پشتیوانیی خۆیان بۆ (کەمپەینی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق) دووپات کردەوە.

**رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانی قەزای شارەزوور پشتیوانیی خۆیان راگەیاند**

لە بەیاننامەیەکدا رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانی قەزای شارەزوور ئاماژەیان بەوە کردووە: ئازادیمان ژیانمانەو کەس پێی نەبەخشیوین هەتا بتوانێت لێمان بسێنێتەوە، ئەوەی ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستان بەرهەم هاتووە موڵکی هەموو کوردەو هیچ حیزبو لایەنێک بەتەنیا خاوەنی نییە.

**نێوەندو گۆڤاری رۆشنگەریی پشتگیریی کەمپەینەکەی کۆمپانیای وشە دەکەن**

لە بەیاننامەیەکدا دەڵێن: «لە هەرێمی کوردستاندا سات لە دوای سات پاشەکشێیەکی ترسناک بەدیدەکرێت لەو ئازادییەی لەسەرەتای راپەرینەوە بەدەستهاتووە.

سەرەتای پاشەکشێکە لەو کۆتوبەندانەوە دەستپێدەکات، کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی دروستیدەکەن، بۆیە بەوپەڕی جورئەتەوە پشتگیریی لە کەمپەینەکەی کۆمپانیای وشە دەکەین».

**«ئازادیی بوونمانە، کەس پێی نەداوین تا بتوانێت لێمان بسێنیتەوە»**

رۆشنبیرانو خوێندەوارو گەنجانو مامۆستایانی ئازادیخوازی شاری کفری، دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی ئەو ئازادیخوازانەی کۆمپانیای وشە کە کەمپینی (بەرگری ئازادی رادەربڕین لە کوردستانی عێراق)یان راگەیاندووەو دەڵێن: «بە هەموو شێوەیەک پشتگیریی لە کەمپەینی ئازادیی رادەبڕینی کۆمپانیای وشە دەکەینو دژی سەرکوتکردنی ئازادییو بۆچوونی سەربەخۆین».

**ماڵی کوردو ئەڵمان پشتگیریی کەمپەینەکە دەکات**

لە راگەیاندراوێکی ماڵی کوردو ئەڵمان لە ئەورووپا پشتگیری کەمپەینەکەی کۆمپانیای وشە دەکەنو تێیدا هاتووە: نیگەرانین لە رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستانو دڵگرانین لەهەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی هەرێم، کە هەوڵدەداتو دەخوازێت دەست لە گەرووی هەموو دەنگە ئازادەکان بنێو نووکی گشت پێنووسە ئازادەکان بشکێنێت».

# دەیان کورد، دەچنە پەرلەمانو شارەوانییەکانی سویدەوە

چاوان عەلی



پێنج کورد بوونە ئەندامی پەرلەمانی سویدو دەیان کوردی دیکەش لە ئاستی ئەنجومەنی شارەوانییەکانو پارێزگاو هەرێمەکاندا بوونەتە ئەندامو چاودێرێکی سیاسیش، شکستی سۆسیال دیموکرات لەو هەڵبژاردنەدا بۆ پێویستیی ئەو پارتە بە نوێبوونەوە دەگەڕێنێتەوە.

(١٩)ی ئەم مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانیو هەرێمەکانی سوید ئەنجامدرا، لەو هەڵبژاردنەدا جەبار ئەمین لە پارتی ژینگە/ سەوزەکە، کە خەڵکی کوردستانی عێراقە، شادییە حەیدەری لە پارتی سۆسیال دیموکراتو ئامینە کاکە باوە لە پارتی چەپ، کە هەردووکیان خەڵکی کوردستانی ئێرانن، رۆزا گوجلو هێدین لە پارتی سۆسیال دیموکرات، کە خەڵکی کوردستانی تورکیایە لەگەڵ ئیسماعیل کامیل لە پارتی گەلی لیبراڵەکان، کە خەڵکی کوردستانی سوریایە وەک ئەندامی پەرلەمانی سوید دەستنیشان کراون.

هەرچەندە ئەمە یەکەمجارە کە راستەوخۆ کورد بۆ پۆستی پەرلەمانی سوید سەربکەوێتو پێشتر چەند ئەزمونێک هەبووە کە ئەندامی یەدەگی پەرلەمانی ئەو وڵاتە بوون.

پشکۆ نەجمەدین، رۆشنبیر، پێیوابوو: خودی ئەو کوردانەی کە چانسی ئەوەیان هەبووە هەڵببژێردرێن بۆ پەرلەمانی سوید، کەسانی چالاکن لە نێو حیزبەکانی خۆیانو بوونیان هەیە، هەربۆیە ئەمانە زۆرینەی دەنگی خۆیان لە خەڵکی بە رەگەز سویدیو ئەوانەی لە دەرەوەی سویدیش هاتوونو لێرە دەژین وەرگرتووە، هەربۆیە «ناتوانین سەرکەوتنیان تەنیا بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە کوردنو تەنیا کورد دەنگی بۆ داون».

هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی سوید بۆ هێزی چەپو دیموکراتیخواز، پرۆسەیەکی سەرکەوتوو نەبوو و شکستیان هێناو لەنێوان درزی راسترەوو چەپەکان هێزێکی زۆر توندرەوی دژ بە خەڵکانی بێگانە لە سوید دەرکەوتن، کە توانییان (٢٠)کورسی بەدەستبهێننو ئەمەش لایەنی شکستی ئەم هەڵبژاردنەبوو.

ئەمە جگە لەوەی بە بۆچوونی شارەزایانی سیاسی، پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدیش، شکستی هێناو نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، لەگەڵ ئەوەی لایەنی کوردیش زۆر پشگیرییان بوون لە هەرێم. پشکۆ نەجمەدین ئاماژەی بەوەش کرد: شکستی سۆسیال دیموکراتەکان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە: لایەنی راسترەوو لیبراڵەکان، بەرنامەیەکی وایان هەیە کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ بەرنامەو سیاسەتی سۆسیال دیموکراتەکان کە داخوازیی کۆمەڵە خەڵکانێکن کە پێشتر ئەو خەڵکانە داواکارییەکانی خۆیان لە بەرنامەی سۆسیال دیموکراتدا بینیوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، وەک پشکۆ نەجمەدین روونی کردەوە: رای زۆرێک لە شارەزایانی سیاسیشە، پۆلێنکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ئەورووپا وەک (٢٠)ساڵ لەمەوبەر نییە، ئەمەش لەبەرچاو نەگیراوە لەلایەن سۆسیال دیموکراتەوەو سیاسەتی سۆسیال دیموکراتەکان لە بەرژەوەندیی چینی ناوەند نایەتەوەو سیاسەتو بەرنامەی سۆسیال دیموکراتو ئەدای سیاسیشیان پێویستی بە نوێکردنەوەیە، ئەمانە هۆکاری سەرنەکەوتنیان بوون لەم هەڵبژاردنەدا.

کوردی هەرێمی کوردستانو پارتە سیاسییەکان، بانگەشەیان بۆ سۆسیال دیموکرات دەکرد، بەڵام بێئەنجام بوو، ئەمەش بە بڕوای ئەو چاودێرە سیاسییە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە بانگەشەیو پشگیریی کورد بۆ سۆسیال دیموکرات تەنیا مەعنەوییە، چونکە ژمارەی کورد کەمەو بەسەر حیزبەکاندا دابەشکراون، ئەمە جگە لەوەی دەنگی رەوەندی کورد، ئەوەندە زۆر نییە تا هاوسەنگییەکە بگۆڕێت.

### هەڤاڵ کوێستانی، پەرلەمانتاری گۆڕان:

# نیوەی مووچەکانمان داوەتە خەڵکی کەمدەرامەت





سازدانی: بەرهەم خالید

**هەڤاڵ کوێستانی، پەرلەمانتاری گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەبارەت بە تێڕوانینی فراکسیۆنەکەی لەبارەی کارکردنیان لەپەرلەمانی عێراق و بەرگریکردن لەخواستەکانی کورد لەبەغداو هاوکاریکردنی خەڵکانی کەمدەرامەت، بۆ رۆژنامە دەدوێت.**

**رۆژنامە: لیستە براوەکانی کوردستان، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیان پێکهێناوە، وەک جۆرێک لە کاری هاوبەشی کورد لە بەغدا، ئێوە ئەو هەنگاوە چۆن هەڵدەسەنگێنن‌و پێتوایە، ئەو ئیئتیلافە توانیویەتی وەک یەک کوتلەی بەهێز، نوێنەرایەتیی کورد بکات، ئایا یەکێتی‌و پارتی رۆڵیان داوە بەلایەنەکانی دیکە؟**

* دیارە تەبایی‌و یەکدەنگیی کورد لەبەغدا لەسەر مەسەلەنەتەوایەتی‌و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، مەرجێکی گرنگی بەهێزی پێگەی کوردە لە بەغدا، هەربۆیە دروستبوونی ئیئتلافەکە کارێکی باش بوو، هەرچەندە تا ئێستا لە گفتوگۆکانیاندا هیچ ئاکامێکی وایان بەدەست نەهێناوە.

من، دوو رەخنەم لەسەر پێکهاتەو شێوازی کارکردنی ئیئتیلافەکە هەیە، یەکەمیان: دەبوایە ئیئتیلافەکە وەک ئیئتیلافی دەولەتی یاساو ئەلعێراقییە سەرۆکی هاوتای ئەوانی هەبوایەو لەهەموو گفتوگۆکاندا بەشداربوایە، دووەمیش: هیچ هەماهەنگی‌و راوێژ لەنێوان ئەندامانی ئیئتیلاف‌و وەفدەکەش لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکان نابینم، بەوەی خۆشمانەوە، ئەمەش بۆ خۆی ئاست‌و جۆری نوێنەرایەتییەکە بۆ ئاستێکی لاواز دادەبەزێنێت.

سەبارەت بەو بەشەی پرسیارەکەش کە دەڵێت، ئایا پارتی‌و یەکێتی رۆڵیان داوە بەلایەنەکانی دیکە، من پێموایە، هەر لەبنچینەدا مەبەستی پارتی‌و یەکێتیش لە مەبەستی گۆڕان‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو جیاواز بووە. پارتی، دەیەوێت لەرێی ئیئتیلافەکەوە، بەلایەنە عێراقییەکان بڵێت، هەموو لایەنە کوردییەکان لەژێر رابەرایەتی پارتی‌و سەرۆکی پارتیدا کۆبوونەتەوە، هەربۆیە لایەنە عێراقییەکان، بەتایبەتی سەرۆکی لیستەکان زیاتر مەبەستیانە سەرۆکی هەرێم ببینن تا وەفدی ئیئتیلافەکە.

یەکێتیش، دەیەوێت ئیئتیلافەکە بۆ ئەوە بەکاربهێنێت کە بڵێت، کورد لە پشتیوانیی مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری یەکدەنگە.

نیازێکی دیکەی یەکێتی‌و پارتی لەم ئیئتیلافە، دەرفەت نادات بەلایەنە عێراقییەکان کە بێن‌و راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕان‌و ئەوانی دیکەشدا بکەن‌و بەپێچەوانەشەوە.

**رۆژنامە: بە بڕوای ئێوە، کاری لایەنەکان لەنێو ئەو ئیئتیلافەدا، توانیویەتی کەشێک بڕەخسێنێت بۆ ئـەوەی ئەو گرژییەی لە رابـردوودا لەنێوان دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆندا هەبوو لە کوردستان، نەیهێڵێت؟**

* تا ئێستا نەخێر، هۆکاری سەرەکیی ئەو گرژییەش دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی پارتی‌و یەکێتی لە رۆڵی خۆیان‌و ئۆپۆزسیۆنیش، ئەوکاتەی ئەوان لەوە گەیشتن کە دیموکراسی، مانای قبووڵکردنی یەکترو دەستاودەستکردنی دەسـەڵات لەسەر خواست‌و دەنگی خەڵک، ئەوکات کەشی ئارام دروست دەبێت، هەربۆیە پێکەوە کارکردنی لایەنەکان لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، دەبێتە ئاکام بۆ ئەو یەکتر قبووڵکردنە، نەک هۆکار.

**رۆژنامە: ئەگەر باسی پرۆژەو بەرنامەی ئێوە بکەین وەک فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی بەغدا، ئایا چۆن خۆتان ئامادە کردووە بۆ کارکردن لە پەرلەمانی عێراق، بە تایبەت کە بەرنامەی لیستەکەتان بەڵێنی کاری جیاوازو باشتری بۆ خەڵکی کوردستان تێدا بوو، جیاواز لەوەی لە رابردوودا کراوە؟**

*وەک شتی نووسراو، تا ئێستا پرۆژەیەکی نووسراوی ئامادەکراومان نییە، بەڵام بەگشتیی کار لەسەر جێبەجێکردنی خاڵ‌و برگەکانی (ئەوەندەی بکرێت) ئەو بەرنامەیە دەکەین کە لەوەختی هەڵبژاردندا رامانگەیاندبوو، لە راستیدا کاری جدیی ئێمە لەناو لیژنەکاندا دەبێت، هەوڵدەدەین هەریەکەمان بچینە ناو یەک لە لیژنە گرنگترەکانەوەو بۆ هەر یەکێکیشمان ستافێکی شارەزاو پسپۆڕ لەم بوارەدا دروست دەکەین‌و بۆ هەر وەرزێکی پەرلەمانیش، ئامانجێک دادەنێین‌و کار بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجە دەکەین، ئێمە لە بەرنامەماندایە لە رێی پەرلەمانی عێراقەوە، لە زۆر بواری جیادا خزمەت بە مەسەلەی گەلەکەمان بکەین، لـەوانـە؛ هـەوڵـدان بۆ دروستکردنی لۆبییەکی بەهێز لەناو پەرلەمان بۆ پشتیوانیکردنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەوەش لە رێگای دروستکردنی چەند رایەڵەیەکی پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتان‌و رێکخراوو پەرلەمانە پێشکەوتووەکانی دنیادا.

دەبێت ئێمە نموونەیەکی جیاواز لە پەرلەمانتار پێشکەش بکەین، ئێمە لەوێ شەڕ لەسەر داخوازییە نەتەوایەتییەکان‌و مەسەلە مرۆییەکان دەکەین، نەک پۆست‌و پایەو پارە.

هەوڵدەدەین لە لیژنەکاندا رۆڵی کاریگەر بگێڕین‌و لەگفتوگۆکانی ناو هۆڵی پەرلەمانیشدا چالاک‌و کارا بین‌و دەبێت ئێمە شێوازێکی جیاواز پێشکەش بکەین‌و هەوڵدەدەین نموونەیەکی نوێ‌و جیا لە پەرلەمانتاری کورد پیشانی لایەنە عێراقییەکان بدەین، ئەوەندەش کە لە کوردستانین، پەیوەندیی بەهێزمان لەگەڵ خەڵکدا دەبێت‌و تێکەڵاوی خەم‌و موعاناتەکانیان دەبین‌و نوێنەری خواست‌و خەونەکانیان دەبین.

**رۆژنامە: لەکارکردنتان لە بەغدا، مەرجەعی ئێوە کوێ دەبێتە بزووتنەوەی گۆڕان، یان فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان‌و جۆری ئەو پەیوەندییە چۆن دەبێتە بە تایبەت کە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانییەکی زۆری لە ئێوە هەیە لە بەغدا؟**

* هەرچەند زۆرمان، خۆمان هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕانین، بەڵام سەربەخۆیی‌و ئازادیی زۆرمـان هەیە، ئێمە تەختەڕەش نیـن، بـزووتـنـەوەی گــۆڕان چـی بوێت لەسەرمان بنووسێت، یان بسڕێتەوە، بەڵام لەکۆتاییشدا ئێمە نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕانین‌و نوێنەرایەتی سیاسەتەکانی ئەو بزووتنەوەیە دەکەین‌و لە مەسەلە هەستیارو چارەنووسسازەکاندا، راوێژ بە بزووتنەوەکە دەکەین.

ســەبـارەت بــە هەماهەنگیش لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، حەتمەن هەماهەنگی دەکەین‌و کاری یەکدی تەواو دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی هەماهەنگیمان هەیەو کەڵک لە شێوازو ئەزموونی ئەوان وەردەگرین، بەڵام حەتمەن مەیدانی کارکردنمان لەوان جیاوازەو شێوازی جیاوازی کارکردنیشمان دەبێت، بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە حەزدەکەم ئاماژەی پێبدەم، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە پەرلەمانی عێراقدا، هەشت ئەندامین، ئەگەرچی لە رووی چۆنایەتییەوە خۆمان بە بەهێز دەزانین، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم کە بەڵێنی زۆر بە خەڵکی نادەین‌و کەشێکی گەشبینی وا لای خەڵک دروست ناکەین کە وا بزانن هەر پەرلەمان بکەوێتە کار، ئیتر ئێمە خاڵ بە خاڵی ئەو بەرنامەی هەڵبژاردنەی کە هەمانبوو، جێبەجێدەکەین، تا نەچینە بەغداو دەست بە کاری جدیی نەکەین، ناتوانین بزانین چی‌و چۆنمان پێدەکرێت.

**رۆژنامە: لە خولی نوێی پەرلەمانی عێراقدا، لەبەرامبەر چەند سەعاتێک کۆبوونەوەدا، پەرلەمانتاران مووچەیەکی زۆریان وەرگرتووە، بەڵام هەندێک لە پەرلەمانتارانی لیستەکانی دیکە، بەشێک لە مووچەکانیان بەخشیوەتە خێزانە هەژارو نەداراکان، ئێوە لەو بارەیەوە چ هەنگاوێکتان ناوە؟**

* دەمەوێت بڵێم، ناعەدالەتی لەمووچەدا، سـەرتـاپـای عـێـراقـی گـرتـووەتــەوە بە هەرێمیشەوە، لەکوردستاندا چەند هەزار

> **دەبوایە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان سەرۆکێکی هەبوایە**

کەسێک بە مووچەی وەیـزو زیاتریش بە مووچەی جێگری وەزیـرو بەرێوەبەری گشتیی‌و پلەی بەرزی سەربازیی خانەنشین کراون، کەچی لەبەرامبەر ئەوەدا زۆرینەی خەڵک لەسەر مووچەیەکی کەم دەژین کە رەنگە نەگاتە یەک لەسەر دەی مووچە پلە بەرزەکان، بۆیە من پێموایە، دەبێت سیستمێکی نوێی دادپەروەرانە بۆ مووچە دامەزرێت کە بتوانێت جیاوازیی نێوان مووچەی بەرزو نزم کەم بکاتەوە، یەکێک لە کارەکانی ئێمەش لە پەرلەمانی عێراق، هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە زۆرە لە سیستمی مووچەدا.

دەربـــارەی پـرسـیـارەکـەی ئـێـوەش، خۆم‌و ئەوەندەش ئاگادارم ژمارەیەک لە هاوڕێکانیشم، نیوەی مووچەی ئەو ماوەیەیان بەسەر ئەو خەڵکانەدا دابەشکردووە کە پێویستیان بەدەستگیرۆیی‌و یارمەتی بووە.

---

### پەرلەمانتار د.سەروەر عەبدولڕەحمان:

# لەگەڵ ئەوەدا نیم ڕێگە لە ڕاگەیاندن بگیرێت بێتە هۆڵی پەرلەمانەوە



سازدانی: کۆسار جەلال

**د.سەروەر عەبدولڕەحمان، بڕیاردەری لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، یاسای رۆژنامەگەریی لەهەرێمی کوردستان بە یەکێک لە یاسا هەرە پێشکەوتووەکانی ئەو بوارە دادەنێت‌و بە پێویستیشی دەزانێت رێگا بە رۆژنامەنووسان‌و کەناڵەکانی راگەیاندن بدرێت بچنە هۆڵی پەرلەمانەوە.**

**رۆژنامە: لەپەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێک یاسا دەرچوون، بەڵام جێبەجێناکرێن، ئێوە هۆکاری جێبەجێنەکردنی یاساکان لە هەرێمی کوردستان بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

*سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاساکان، ئێمە کێشەمان هەیە، چونکە هەندێک یاسا دەرچوون، بەڵام وەکو پێویست جێبەجێنەکراون، بۆ نموونە یاسای دیوانی چاودێریی کە دوو ساڵە دەرچووە، بەڵام ئێستا دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، یاخود ئەو یاسایەی کە باس لە دروستکردنی خانوو لەلایەن حکومەتەوەو پاشتر تەملیککردنی دەکات بۆ هاوڵاتییان، بۆ نموونە ئێستا لە زانکۆکانی کوردستاندا خانوو بۆ مامۆستاکان دروستدەکرێت، بەتایبەتی لە چوار زانکۆ سەرەکییەکەی دهۆک، سلێمانی، سەڵاحەدین‌و کۆیە، بەڵام لە هەریەکەیان بە جۆرە بڕیارێکی جیاواز تەملیک دەکرێت، کە هیچکام لە بڕیارەکان یەکناگرنەوە، زۆر یاسای دیکەش هەیە لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ ناکرێت. یەکەم هۆکاریش بۆ جێبەجێنەکردنی یاسا لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە لەوانەیە وا لێکبدرێتەوە کە کوردستان هێشتا ماویەتی بۆ ئەو یاسایە، دووەم هۆکار، پشتگوێخستنی یاساکانە لەلاپەن حکومەتەوە، هەر کامێک لەم دوو حاڵەتە بێت، پێویستە پەرلەمان بـەدواداچـوونـی بۆ بکات، ئەگەر یاساکە ناتەواوەو لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا ناگونجێت، یاخود زەمینەی بۆ خۆش نەکراوە، ئـەوا دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت‌و یاسایەکی گونجاو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا دابنرێت.

**رۆژنامە: ئەی ئەگەر هۆکارەکە پشتگوێخستن بێت لەلایەن حکومەتەوە، دەتوانرێت چی بکرێت؟**

* ئەگەر هۆکارەکە پشتگوێخستن بێت لەلایەن حکومەتەوە، ئەوا دەبێت پەرلەمان زیاتر لە هەموو کاتێک چاودێریی حکومەت بکات‌و وای لێ بکات یاساکان جێبەجێ بکات.

**رۆژنامە: رەخنە لەوە دەگیرێت کە یاسای رۆژنامەگەریی جێبەجێ ناکرێت، هەوڵێکیش هەیە بۆ هەمووارکردنەوەی، ئێوە تێڕوانینتان بۆ ئەمە چییە؟**

* سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای رۆژنامەگەریی، منیش تەنیا لە کەناڵەکانی راگەیاندن بیستوومە، بە رەسمیی بۆمان نەهاتووە، ئەگەر شتێکی وا هەبێت‌و یاسایەک بە رەسمیی هەموار بکرێت، بێگومان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت لە پەرلەمان‌و بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا دابەشدەکرێت، تائێستا هیچ شتێک لەو بارەیەوە بە ئێمە نەگەیشتووە لەناو پەرلەماندا، لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە یاسای رۆژنامەگەریی کەموکوڕیی تێدایەو باشتر وایە یاساکە لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا بگونجێنرێت.

**رۆژنامە: چۆن بگونجێنرێت؟**

* ئەو یاسایەی کە لە خولی پێشووی پەرلەماندا دانــراوە، تایبەتە بـە کـاری رۆژنامەنووسیی، یەکێکە لە پێشکەوتووترین یاساکانی رۆژنـامـەگـەریـی، بـەڵام ئەم پێشکەوتنە خۆی لە خۆیدا هەندێک کێشەی نـاوەتــەوە، یـان کێشەی بۆ نـراوەتـەوەو لەبەر ئەو کێشانە نەتوانراوە بەشێوەیەکی تەندروست هەڵسوکەوتی پێبکرێت لە بواری رۆژنامەگەرییدا، چ لەلایەن هەندێک لە رۆژنامەنووسان خۆیانەوە بووبێت، یاخود لەلایەن کەناڵەکانی دەسەڵاتەوە. پیشەی رۆژنامەنووسیش کۆمەڵێک مەرج‌و تایبەتمەندیی‌و سیمای خۆی هەیە، کە پێویستە رەچاوبکرێن، بۆیە دەبێت رۆژنامەنووسان ئەوە بزانن کە ناکرێت کەسێک تۆمەتبار بکەن بەبێ بەڵگە، کە تۆمەتباریشیان کرد بەبێ بەڵگە، بێگومان ئەو کەسەش مافی خۆیەتی سکاڵاو داوای یاسایی لەسەر ئەو رۆژنامەو رۆژنامەنووسانە تۆمار بکات‌و داوای قەرەبوو، یان هەر شتێکی تر بکات، پیشەی رۆژنامەنووسیی‌و بەرەوپێشچوونی، بەشێکە لە کلتووری دیموکراسییەت‌و ئێمە هێشتا ماومانە وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو پیادەی بکەین.

**رۆژنـامـە: بە رای تۆ چی بکرێت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە؟**

* من دەڵێم ئەو یاسای رۆژنامەگەرییە یان دەبێت سەداسەد کاری پێبکرێت لە بواری رۆژنامەنووسیداو کار بە هیچ یاسایەکی تر نەکرێت، یانیش ئەگەر ئـەو یاسایە جۆرێک نەگونجانی تێدایە، بیگەڕێننەوە بۆ پەرلەمان‌و لەوێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت‌و هەمواربکرێتەوە، چونکە ئەو یاسایە خۆی لە پەرلەمان دەرچووەو ناکرێت جێبەجێنەکرێت‌و کار بە یاسایەکی کۆنتر بکرێت، ئەمە خۆی کارێکی نایاساییە.

**رۆژنامە: تۆ وەک پەرلەمانتارێک، تا چەند لەگەڵ ئەو بڕیارەدایت کە رێگە لە راگەیاندنەکان بگیرێت بچنە هۆڵی پەرلەمانەوە؟**

* من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم کە رێگە لە راگەیاندن بگیرێت بێتە هۆڵی پەرلەمانەوە، هەقە رێـگـە بـدرێـت خـۆیـان‌و کامێراو ریکۆردەرەکانیان بێنە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە جۆرێک لە رێکخستنی کارەکان هەبێت‌و ناکرێت هەر کەسێک‌و بەهەر شێوەیەک بیەوێت بجوڵێتەوە لە ناو هۆڵی پەرلەمان، هەرچەندە پەرلەمان بەرنامەی ئەوەی هەیە کە یەکەیەکی راگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەبێت، دەکرێت هەتا ئەم یەکەیە پێکدێت رێگە بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان‌و رۆژنامەکان بدرێت بێنە هۆڵی پەرلەمانەوە.


ئەفسەرانی تورکمانی کەرکوک، بڕیارێکی تاڵەبانی ڕەتدەکەنەوە 10

# کورد کۆنفرانسی نەتەوەیی نابەستێت

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

**ئەو کۆنفرانسە نەتەوەییەی زیاتر لە دووساڵە دەنگۆی ڕێکخستنی دەکرێت، ناکۆکیی گرووپە سیاسییە کوردییەکان‌و پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ لەلایەک‌و بەدەنگەوەنەهاتنی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەکی تر، زەمینەی بەستنی لەباردەبات.**


د. فایەق گوڵپی


ئەحمەد دەنیز


جەوهەر نامق


ئازاد جوندیانی


د. عەبدولسەلام بەرواری

کورد، نەتەوە بە ژمارە زۆرە بێدەوڵەتەکەیە! ئێستاو دوای چەردەیەک لە خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەیی، دەرئەنجامە کوشندەکانی مێژوو، هێشتا بە چەند پارچەیەک بەسەر دەوڵەتەکانی عێراق‌و ئێران‌و تورکیاو سوریا دابەشی کردووە. ئیدارەی کوردستانی عێراق کە دانپێدانراوی دەستوورییەو خاوەنی هەرێمێکە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵدا، جێگەی ئومێدو ئاسۆی چاوەکانی کوردانی پارچەکانی تری بەچڕیی لەسەرە، بەڵام هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە هەڵوێستە نەتەوەییەکانی ئەم قەوارەیەی زۆر بەنهێنیی هێشتووەتەوە.

بەگەڕانەوە بۆ مێژوو دەردەکەوێت: (١٣٠) ساڵ لەمەوبەر، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (لە شۆڕشەکەیدا ١٨٠٠-١٨٠١)، لەساڵی (١٨٨٠) کۆنفرانسێکی بۆ سەرانی خێڵە کوردەکان گرێداو کۆمەڵەی کوردی دروستکردووە. لەناو میرنشینە کوردییەکاندا، بەدرخان پاشای میرنشینی بۆتان (پەیمانی پیرۆز)ی لەنێوان ڕێبەرانی کورددا دامەزراند کە تێیدا سەرۆک عەشیرەتەکانی بانگ کرد بۆ قسەکردن لەسەر پاشەڕۆژی کورد.

سەرچاوە مێژووییەکان جەختدەکەنەوە: یەکێک لەو هۆکارو خاڵانەی شکستهێنانی کۆی شۆڕشە نەتەوەییەکانی کورد، چ لە دەمی دەسەڵاتی عوسمانی‌و سەفەوی، یان چوار دەوڵەتەکانی ئێستای لەسەر بەندە، پەرتەوازەیی، یەکنەگرتوویی دەسەڵاتە پارچە پارچەبووەکانی کورد بووە.

لەسەردەمی نوێدا، کورد یەکێکە لەکێشە درێژخایەن‌و بۆماوەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، دوای ئەزموونێک لەشکستی مێژوویی، هێشتا بەرژەوەندییە حیزبییەکان تەحەکوم بەسەر ڕێڕەوی سیاسەتی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە دەکەن.

سەرەتای ئەم مانگە، ئەحمەد تورک، سەرۆکی کۆمەڵگای دیموکراتی‌و وەفدێکی پارتە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، کە یەکێک لە پەیامە سەرەکییەکانی تورک بۆ جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق‌و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، پشتگیرکردنی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی بووە، بە ئامانجی یەکخستنی هەڵوێستی کورد بەرامبەر ململانێ سیاسییەکانی ناوچەکە.

هــەروەک ئەحمەد تـورک لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەیدا کە رۆژی (٢٠١٠/٩/٦) لە سلێمانی بەڕێوەچوو، رایگەیاند: «ئامادەسازیی دەکەن بۆ بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی بۆ کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بۆ یەکخستنی هەڵوێستی کورد لەسەر پرسە نەتەوەییەکان».

لەبارەی ئەو کۆنفرانسەوە، فایەق گوڵپی، چاودێری سیاسیی، روونی دەکاتەوە، چەند ساڵێکە داوا لە حیزبەکانی باشووری کوردستان دەکرێت، پشتیوانیی کۆنفرانسی نەتەوەیی بکەن، بەڵام بەهۆی بەهێزیی پەیوەندیی‌و بەرژەوەندییەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیاو وڵاتانی دراوسێ، ئەم داوایە بەئەرێنی وەڵامی نەدراوەتەوە.

گوڵپی دەڵێت: «جەلال تاڵەبانی، بەوپێیەی سەرۆک کۆماری عێراقەو لەلایەک سەرقاڵە بـەکـاروبـاری عێراقی‌و لەلایەکی تریش پەیوەندییە بەهێزەکەی لەگەڵ ئێران‌و تورکیا، ئومێدی ڕێگاخۆشکەری بۆ ناکرێت، ئەوەی پەیوەندیی بە پارتیشەوە هەیە، کاتێک پشتیوانیی لەو کۆنفرانسە دەکات کە خۆی رۆڵی سەرەکی تێدا بگێڕێت‌و بە ڕەزامەندیی ئێران‌و تورکیاو بەشدارییپێکردنی هەندێک لایەنی تر بەڕێوەی ببات، واتە ئومێدەکان بۆ بەستنی ئەو کۆنفرانسە بە بەشداریی پارتی‌و یەکێتی لاوازە».

سـەرۆکـی یەکەمی خولی پەرلەمانی کوردستانیش، ئاماژە بەوە دەکـات: کاتی بەستنی یەکەم کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد، ئەگەر درەنگ نەبوو بێت، ئێستا دۆخەکەی لەبارە.

جەوهەر نامیق سالم، وتیشی: «ئەرکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی ئـیـدارەی هەرێمی کوردستانە کە بەم جۆرە کارانە هەستێت، وەلێ لە واقیعدا ئەم حکومەتە وەک حکومەت نە سەربەخۆیە، نە یەکگرتوو و خاوەن بەرنامەیەکی نیشتمانی‌و نەتەوایەتییە، نە ئازادە لە هەڵوێست‌و بڕیارەکانی».

جەوهەر نامیق دەڵێت: «لوتکەی ئەو ئیدارەیە دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتیە، ئەوان خاوەن دەسەڵات‌و بڕیارو پەیوەندین، تێکەڵبوونی بنەماو ئاست‌و شێوازی پەیوەندییەکانی ئەو دوولوتکەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ‌و بنەمای بیرکردنەوەیان لەمەڕ رۆڵی فاکتەری دەرەکیی‌و وڵاتانی ئیقلیمیی سەبارەت بە پرسی کورد لە ئاستێکدایە بێ را و تەکبیر».

پـارتـی کـرێـکـارانـی کـوردسـتـان کە جەمسەرێکی گرنگی کێشەی کـوردە لە باکووری کوردستان، هــەروەک پرسێکی کراوەو ئاڵۆزیشە لە پەیوەندییەکانی ئیدارەی هەرێم‌و دەوڵەتانی تورکیاو ئێران، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو پارتە، جەخت لەسەر پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی کورد دەکاتەوە.

ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆما جڤاکێن کوردستان، بە رۆژنامەی وت: «ئێستا سیاسەتی نوێ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دیزاین دەکرێت، لەکاتێکی وادا پێویستە کوردیش یەکێتیی خۆی دروستبکات‌و ببێتە خاوەن ئیرادەو حسابی بۆ بکرێت، لەم دۆخەدا دەرفەتی مێژوویی هەیەو هەلومەرجی کورد لەهەموو پارچەکاندا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەروەک دەستکەوتەکان لە باشوور بەرچاون، شۆڕشیش لە باکوور سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوەو پێویستە ڕێکبکەوین لەسەر سیاسەتێکی ستراتیژیی نەتەوەیی».

لەبارەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان، ئەو بەرپرسەی پەکەکە، وتی: «دەڵێن پێویستە، بەڵام کردار نییە، لەسەر مەترسی سیاسەت ناکرێت، لەسەر مۆڵەت‌و ڕەزامەندیی ئەم دەوڵـەت‌و ئەو دەوڵـەت سیاسەت ناکرێت، سیاسەت بەهێزو یەکگرتوویی دەکرێت، چەند یەکێتیی کورد فراوانتر بێت، حسابی زیاتری بۆ دەکرێت».

لای خۆشیەوە، ئـارام عەلی، شـارەزا لەکاروباری تورکیا، بـڕوای وایـە: کێشەو ململانێکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەرفراوان دەبن‌و ڕێگاچارەکانیش بەرتەسکدەبنەوە، بەوپێیەی کورد لەناو ئەو ناکۆکییانەدا شوێنی خۆی هەیە، پێویست دەکات ئیدارەو ئەحزابی کوردی، بە وردیی ئەو واقیعە بخوێنێتەوەو بە یەکگرتوویی خۆیان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکەن.

لەگەڵئەوەی ئارام عەلی پێیوایە: دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەکردار هەنگاو بۆ بەستنی ئەو کۆنفرانسە نانێت، بەڵام بەستنی ئەو کۆنفرانسە بە سەرەتایەک دەزانێت بۆ خۆئامادەکردنی کورد لە رووی سیاسیی‌و دیبلۆماسی تا حاڵەتی سەبازیش بۆ هەر ئەگەرێک کە لەناوچەکەدا رووبـەڕووی دەبێتەوە.

بۆچوونەکان بە ئاراستەی پێکانی بەرژەوەندییە حیزبییەکان‌و دوورکەوتنەوە لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان ئاراستە دەکـرێـن، بەوپێیەی دەوتـرێـت، تۆپەکە لەقاچی سیاسییەکانی کوردستانی عێراقەو زیاتریش مەبەست لەدوو هێزە سەرەکییەکە (یەکێتیی نیشتمانی‌و پارتی دیموکراتە)، ئەوانیش بۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەو پرسە دەخەنەڕوو.

وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات: ئەوان وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکن لەژێر دروشمی ئاشتی، نەک کۆنگرەی نەتەوەیی.

ئـازاد جوندیانی، وتـی: «کۆنگرەی نەتەوەیی، لە رووی دەستەواژەو مێژوویی‌و دەلالەتە سیاسییەکەشیەوە، ناوێکی کێشە ورووژێنە، هـەروەک لە رووی ستراتیژیی کۆنفرانسەکەشەوە دەورووبەر ئاڵۆز دەکات، بۆیە ئێمە لایەنگری ئەوەین کۆنفرانسێک بە بەشداری نوێنەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان بکرێت‌و ئامانجەکەی دۆزینەوەی نەخشەڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد بێت بەشێوەیەکی ئاشتییانە».

جوندیانی دەڵـێـت: «چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی ئەرکێکی هاوبەشی کوردەکانی هەر پارچەیەک‌و دەوڵەتەکانیانە، پاراستنی پەیوەندیی دۆستانەی هەرێم‌و هەریەک لەو وڵاتانە، کە هەموویان هاوسێمانن‌و کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەشمان هەیەو کۆمەڵێک خاڵی ئەوتۆش لەنێوانماندا هەن، کە ئەگەر وردو واقیعییانە ئاگامان لێی نەبێت، دەتوانن ببنە هۆی ئاڵۆزکردنی ئەو پەیوەندییانە»

وتەبێژی یەکێتیی نیشمانیی، ئەوەش روونده‌کاتەوە: ئەگەر کۆنفرانسێکی لەو شێوەیە کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، ناکرێت‌و لە بەرژەوەندیدا نییە لە پشت وڵاتانی دەوروبەر بە تایبەت تورکیاو ئێرانەوە بکرێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت: «لەیەک کاتدا، کاریگەریی سلبی لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم‌و بەسەر کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکیش جێدەهێڵێت، هەروەک ئاگاداری یاسای نێودەوڵەتیی بین بە تایبەت بۆ سەرۆک تاڵەبانی، وەک سەرۆک کۆمار، واتە رەهەندە یاساییەکەشی لەبەرچاو بگیرێت».

ئەندامێکی پارتیش لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە: هەندێک خەڵک تایبەتمەندیی کوردستانی عێراق لەبەرچاوناگرن کە لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیدایەو جۆرێک لەپەیوەستبوونی هەیە، ئەمەش لای ئەو خەڵکانە خوێندنەوەی هەڵەی بۆ دەکرێت.

عـەبـدولـسـەلام بـەرواری، وتیشی: «حیزبەکانی کوردستانی عێراق، لەچوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵیدا ئیش دەکەن‌و پەیوەستن بەچەند بنەمایەکەوە، بـەڵام حیزبەکانی پارچەکانی تر، لەدەرەوەی سیستمن، دانیان پێدا نەنراوە، یان دان بە مافەکانی کوردیشدا نەنراوە، ئـەوان ئازادترن، واتە سیاسەتی حیزبەکانی کوردستانی عێراق بە مانای خۆدزینەوە نییە لە دروشمە نەتەوەییەکان، بەڵکو بەشێکن لەعێراق‌و دەبێت پابەندی دەستوور بن، لەو چوارچێوەیەشدا هەڵوێستی ئاشکرای ئێمە کاریگەریی دەبێت لەسەر سیاسەتی ناوچەکە».

بەرواری، تۆمەتبارکردنی چەند حیزبێک بە پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بە ناهەقی دەزانێت‌و دەڵێت: «بەهۆی تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، یەک حیزبی نییە لەهەر چوارپارچەکە، جۆرێک لە پەیوەندیی نەبێت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی بەسەریاندا دابەشبووە، ئەم پەیوەندییەش بە مانای ئەوە نییە، بۆ قازانجی ئەو دەوڵەتانە بێت».

ناکۆکیی‌و بیرکردنەوەی دیارترین پارتە بەهێزەکانی کـوردسـتـان، لەسەر جۆرو میکانیزم‌و ئامانجی ئەو کۆنفرانسەو هەڵوەستەکردن لەسەر پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ئەنجامە کۆتاییەکانی ئەم راپۆرتە بەوە دەگەیەنێت کە پرۆژەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەهەوڵی بچووکردنەوەدایە بۆ کۆنفرانسی ئاشتی تایبەت بە پارچەیەکی کوردستان.

جەوهەر نامیق، ئاماژە بەوەدەکات: ئەوە کورد نییە کە چاوەڕوانی مۆڵەت‌و ڕەزامەندیی وڵاتان بکات بۆ پرۆژەیەکی لەو شێوەیە، بەڵکو ئەوە سەرانی بزاڤەکەن کە گیرۆدەی ئەو دەردە بوون پاش چەندین شکست‌و وانەی مێژوویی دڵتەزێن دەستی لێهەڵناگرن، چونکە هەمیشە لە دواهەنگاوی جدیی زلهێزەکان، بەلای دەوڵەتانی داگیرکەری کورستان دەشکێنەوە.

لەوبارەیەوە، دەڵێت: «مەگەر هەر ئەوان نەبوون کە کوردستانیان دابەشکرد، مافی بڕیاری چارەنووسی کوردیان زەوتکرد، لە عەهدو پەیمانی دۆکیۆمێنتکراوی خۆیان لەمەر کیانی کوردی پاشگەزبوون، پشت‌وپەنای حکومەتە یـەک لە دوایەکەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بـوون، هاوکارو رێنیشاندەری زۆربـەی زۆری تاوانەکانی ئەو حکومەتانە بوون دژ بە کورد لە ئاستی نکۆڵی لە مافەکانمان‌و راگوێزان‌و ئەنفال‌و جینۆسایدکردنمان».

# لە چارەنووسی (٢٠) بێسەروشوێنکراوی ئیسلامیی دەکۆڵرێتەوە

بەرهەم خالید

پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی چارەنووسی ئەو (٢٠) کەسە دەکات، کە چەند ساڵێکە دەستگیرکراون‌و چارەنووسیان نـادیـارە، ئـەوەش پاش ئەوەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی رایگەیاندبوو، کە دەیـان کەسی لایەنە ئیسلامییەکان لە زیندانەکانی هەرێمدان.

ئـارام قـادر، پەرلەمانتاری کوردستان لـە فراکسیۆنی کـۆمـەڵـی ئیسلامیی، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: (٢٥) ناو هاتووەتە لیژنەی مافی مرۆڤ‌و هەندێکیان دۆزراونەتەوە، کە لە کوێن، بەڵام هەندێکیان هێشتا چارەنووسیان نـادیـارە، کە (٢٠) کەس دەبن‌و هەمووشیان ئیسلامیی نین، بۆ بەدواداچوونی چارەنووسی ئەو کەسانەش، لیژنەی یاسایی لەگەڵ داواکـاری گشتیی قسەیان کردووەو داوایانکردووە ئەوانیش رۆڵیان هەبێت‌و هەڵوێستیان هەبێت، ئەوانیش پێیان راگەیاندوون، کە کەسوکاری ئەو بێسەروشوێنانە بچن زانیارییان بدەنێ هەتا بەدواداچوونی بۆ بکەن.

ئارام وتیشی: «ئێمە وەک پەرلەمانتاران لە بەدواداچوونی ئەو کەسانە بـەردەوام دەبین بۆ ئـەوەی چـارەنـووسـی ئەوانە دیاریبکرێت‌و ئەوانی تریش کە تائێستا دادگایی نەکراون، دادگایی بکرێن، کە خەڵکی سەردەمی شەڕی ناوخۆشی تێدایەو تائێستا هیچ چارەنووسێکیان دیار نییەو تەنانەت ئاسایشیش زانیارییان نییە دەربارەیان».

پێش چەند رۆژێـک سەعید بومدوحە، وتەبێژی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، بە رۆژنامەی ئەلزەمانی لەندەنی راگەیاند: دەیان کەسی ئیسلامیی بە گومانی لایەنگرییان بۆ لایەنە ئیسلامییەکان بێ دادگایی‌و تەنانەت بێ ئاراستەکردنی تۆمەتیش، بەندکراون.

هـەروەهـا پـەرلـەمـان لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی ئەوکەیسە پێکهێنا، لەوبارەیەوە نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمان، رایگەیاند: هەوڵدەدەن لە پەرلەمانی کوردستان سۆراخی ئەو (٢٠) کەسە بکەن کە چارەنووسیان نادیارەو داوا لە ئاسایش بکەن چارەنووسیان دیارییبکەن.

لـەلای خـۆیـەوە، ئـەحـمـەد وەرتـی، پـەرلـەمـانـتـاری کـوردسـتـان لـە لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی، دەڵێت: ئەوان چوار کەسیان بێسەروشوێنە، کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە دەستگیرکراون لەلایەن هەردوو دەزگای ئاسایش‌و دژەتیرۆرەوەو تائێستا چارەنووسیان ئاشکرانەکراوە، وتیشی: «پەرلەمان لیژنەی بۆ بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیە دروستکردووە لەبەر رۆشنایی سکاڵاکانی ئەو کەسانە، بۆیە ئەگەر ئەو لیژنانە ئەنجامیان نەبوو، ئەوا ڕێگەی یاسایی دیکە دەگرنەبەر، چونکە ئەوە پەیوەندیی بە مافی مرۆڤەوە هەیەو کەسوکاریان چاوەڕێی ئەوەن کە چارەنووسی ئەو گیراوانە بزانن‌و پێویستە پەرلەمان بەشێوەیەکی جدیی‌و بێلایەنانە لە ڕێگەی ئەو لیژنانەوە بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە بکات‌و لێی بێدەنگ نەبێت».


فۆتۆ: رۆژنامە



# «مالیکی ناگۆڕین»
# عەلی عەلاق، بۆ رۆژنامە: دانوستانەکانی عێراقییە شکستیهێنا

هەستیار قادر



عەلی عــەلاق، گــەورە ســەرکــردەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ئاماژە بەوە دەکات؛ کە تاووتوێی پێشنیازی نوێی کورد دەکەن بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیــران، بەڵام دەڵێت: «کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانە پێویستی بە هەموارکردنی دەســتــوورەو بە رێکەوتنی سەرکردە سیاسییەکان جێبەجێ ناکرێت».

عەلی عەلاق، لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە نوری مالیکی ناگۆڕن بە هیچ پاڵێوراوێکی تر کە لایەنە شیعەکانی تر داوای دەکەن‌و هەندێک لە سەرکردەی لیستی عێراقییەش بە تـونـدڕەو نـاو دەبــاتو دەڵـێـت: «ئەو سەرکردانەی عێراقییە شکستیان هێنا لە ئیدارەکردنی دیالۆگی پێکهێنانی حکومەتداو ئـەو پرۆسەیەیان بە رێگەیەکی تردا بردووە».

پێشنیازی نوێی سەرۆکی هەرێم‌و ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بەم دواییە باسی لێوەدەکرێت‌و گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لەنێو ئەو پێشنیازەدا باسی لێوە دەکرێت، دابەشکردن، یان کەمکردنەوەی دسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراقە، کە بووەتە جێگەی تێبینی سوننەکان بەگشتیی‌و لیستی عێراقییە بەتایبەتی، عەلی عەلاق، گەورە سەرکردەی ئیئتیلافی دەولەتی یاسا لەوبارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە پێشوازیی لە پێشنیازەکانی کورد دەکەن‌و تاووتوێی دەکەن، بەڵام سەبارەت بە پێشنیازی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیــران تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەستووری عێراق دەسەڵاتی ســەرۆک وەزیــرانــی دیــاریــکــردووەو کەمکردنەوە، یان گۆڕینی ئەو دەسەڵاتانە پێویستی بە هەموارکردنی دەستوورەو ئەو گۆڕانکارییانە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیراندا، بە دەست سەرکردە سیاسییەکان نییە، «بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە دەکرێت لێکگەیشتن لەسەر ئەو دەسەڵاتانەی سەرۆک وەزیران‌و میکانیزمەکانی بکرێت لە رێگەی دڵنیاکردنەوەی کوتلە بەشداربووەکانی حکومەتی نوێ بۆ بەشداریی پێکردنیان لە بڕیاردان‌و ئەو هەنگاوەش بە دیالۆگ ئەنجام دەدرێت».

ئەگەرچی هەریەک لە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا نوری مالیکی‌و هاوپەیمانیی نیشتمانیش عــادل عەبدولمەهدییان پــاڵاوتــووە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران، بەڵام بڕیارە لە رێگەی دەستەیەکی دادوەریی (١٤) کەسی هاوبەشی ئەو دوو لیستەوە یەکێک لەم دوو پاڵێوراوە دیاریی بکرێت تا ببێتە تاکە پاڵێوراوی ئەو دوو لایەنە، کە بە هاوپەیمانیی نیشتمانی ناسراوە، بەڵام تائێستا ئەو هەنگاوە ئەنجام نــەدراوەو یەکلایی نەبوونەتەوە لە دیاریکردنی یەکێک لەو دوو کەسایەتییە وەک تاکە پاڵێوراوی خۆیان.

لەوبارەیەوە عەلی عەلاق، کە هاوکات ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێی عێراقە، روونیکردەوە؛ کە دیالۆگی نێوان هەر دوو لایەنە شیعەکە دەرئەنجامی باشی هەیە، وتیشی: «تائێستا ئاماژەکان بۆ ئەوەن کە بە میکانیزمی تەوافوق‌و رازیبوون لەسەر دیاریکردنی یەک پاڵێوراو رێبکەون، نەک دەنگدان لەناو ئەو دەستە (١٤) کەسییەدا، بەڵام گەر بەو شێوەیە نەگەیشتنە رێکەوتن، پەنا بۆ میکانیزمی تر دەبەن».

ماوەیەکە دەنگۆی لێکترازانی نێوان پێکهاتەکانی لیستی عێراقییە دەکرێت، کە گەورەترین رکابەری مالیکین بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران، بەوپێیەی ئەو لیستە (عێراقییە) ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی بۆ هەمان پۆست پاڵاوتووە، هەرچەندە عەلی عەلاق، ئەو کێشەی نێو لیستی عێراقییە بە پرسێکی تایبەت بە لیستی عێراقییە ناوزەد کرد، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کرد؛ کە لە ناو لیستی عێراقییەدا ژمارەیەک سەرکردەی تـونـدڕەو هەیەو دیـالـۆگو دانوستانی پێکهێنانی حکومەت بە رێگەیەکی تردا دەبەن، کە گرژیی سیاسیی‌و تایفی لێدەکەوێتەوە، وتیشی: «ئەو سەرکردانەی لیستی عێراقییە بوونەتە بەربەست لەبەردەم دیالۆگی نێوان سەرجەم لیستەکان‌و شکتیشیان هێنا لە ئیدارەدانی دانوستانەکانی لیستی عێراقییە لەگەڵ لایەنەکانی تر، بەتایبەت ئیئتیلافی نیشتیمانی».

بـەڵام عەلی عــەلاق، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە بوونی رەوتێکی میانڕەو کرد لە ناو لیستی عێراقییەدا، کە ئەو بیرو باوەڕە توندڕەوانەی هەندێک لە سەرکردەکانیان رەتدەکەنەوە، هیوای خواست کە ئەو رەوتە میانڕەوە زیاتر لەناو لیستی عێراقییەدا دەربکەوێت».

# «خراوەتە بەردەم لایەنە عێراقییەکان»
# رۆژنامە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم ئاشکرا دەکات

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**رۆژنامە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم بڵاودەکاتەوەو وەفدی کوتلە کوردستانییەکان، لە بەغدا سەرقاڵی خۆئامادەکردنن بۆ دانوستان‌و ئەمە لەکاتێکدایە تائێستا هیچ کوتلەیەک وەڵامی داواکارییەکانی کوردی نەداوەتەوە.**



## دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم

تائێستا هیچ لایەنێکی عێراقیی کە (١٩)خاڵەکەی کوردیان لە چوارچێوەی وەرەقەی دانوستاندا پێشکەش کراوە، وەڵامێکی جدییان نەبووە، سەرباری ئــەوەی لـەئـێـسـتـادا وەفــدی کــورد کاردەکات بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەک کە سەرجەم پێکهاتەکان پشکو قورساییان هەبێت لە بڕیارداندا.

ئــازاد چــالاک، ئـەنـدامـی وەفــدی ئیئتیلافی کوتلە کوردستانیەکان کە بـەشـداری کـۆبوونەوەکەی کـردووە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، ئاشکرایکرد کە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم بریتییە لە کەمکردنەوەی وەفدی ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان بۆ دانوستان لەگەڵ لایەنەکان بۆئەوەی بچنە گفتوگۆی راستەوخۆو بەسوودەوە، «چونکە بەپێی بۆچوونی ئەو ئەگەر ئەو شاندە بەو زۆرییە بێت گەیشتنە ئەنجام ئاسان نییە، بەڵکو لە لیژنەیەکی دوو سێ کەسیی پێکبێت‌و ئەوان ئەرکی دانوستان بگرنە دەست، بەڵام بێ ئەوەی وەفدەکە پشتگوێبخەن‌و بــیــروڕاکــان لەگەڵ وەفدەکە ئاڵوگۆڕ دەکەن‌و هیچ بڕیارێک بێ وەفدەکە نادرێت».

چالاک روونیدەکاتەوە کە سەرۆکی هەرێم پێیوایە دەبێت کــورد لەگەڵ لایەنێک یــان کاندیدێک بۆ ســەرۆک وەزیر «ئەوەی کە زۆرترین ئامادەیی تێدایە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کــورد» بگەینە رێککەوتن‌و بچینە هاوپەیمانییەکەوە، جەخت لـەوەش دەکاتەوە کە بەرنامە تازەکە خۆی لە چەند خاڵێک دەبینێتەوە کە تائێستا ئاشکرا نەکراون، بەڵام ئەو خاڵانەی چـەنـد نـوێـنـەرەکـە بـاسـی دەکـەن زۆربــەی لـە مەسەلە نەتەوایەتی‌و چارەنووسسازەکان‌و ئەو داخوازییانەیە کە لە (١٩) خاڵەکە پێشکەشکراوە، جگە لە مەسەلەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی داهاتوو کە ئەوە بەشێکی لیستەکانی تریش ئەو رایەیان هەیە.

ئـەمـە لـەکـاتـێـکـدایـە کـە بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کـوردسـتـانـیـیـەکـان لـە بـەغـدا ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمیان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا تاووتوێ کردووە.

هەروەک د.محەمەد ئەحمەد، نوێنەری یەکگرتوو لە وەفـدی دانوستکاری کورد، بۆ رۆژنامە، وتی: «دەبێت لەگەڵ لایەنەکان پێکەوە قسە بکەین کە رەنگە زۆرێـک لە کوتلەکانی تریش پێیان باشبێت، پۆستەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگتر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت‌و حکومەتیش لەسەر بنەمای شەراکەتی نیشتمانیی پێکبێت‌و ئێمەش تەئکید لە مەسەلەی تەوافوق‌و هاوسەنگیی دەکەینەوە».

لای خۆشیەوە سـەردار عەبدوڵڵا، وتی: «ئـەوەی ئێمە کاری بۆ دەکەین، کەمکردنەوەی دەســەڵاتــی ســەرۆک وەزیران نییە، بەڵکو بیناکردنی شەراکەتی راستەقینەیە کە ئەویش دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە بەشێوەیەک کە هەموو پێکهاتەکان شەریکی راستەقینەبن‌و بەشداربن لە بڕیارداندا ، ئێمە جەختمان لەسەر مەفهومی شەراکەت کردووەتەوە، هەر زیادو کەمکردنەوەی دەسەڵاتێک لەو چوارچێوەیەدا دەبێت».

روونیشیکردەوە کە دەسەڵاتەکان بەپێی دەستوور دیاریکراون، بەڵام دەکرێت ئالیەتێکی تر بدۆزینەوە کە ســەرۆک وەزیرانیش بەشێک بێت لە ئالیەتی بڕیار، چونکە بە وتەی ئەو: «ناکرێت دەسەڵاتەکان، نە لای سەرۆک وەزیران، نە لای سەرۆک کۆمار، نە لای تاکە کەسێک بن».

## کورد چاوەڕێی وەڵامی رەسمییە

سەبارەت بە ئەگەری ئەو سیناریۆیەی باسدەکرێت کە سەرۆک کۆمار بۆ لیستی عێراقییەو سەرۆک وەزیران بۆ ئیئتیلافی نیشتمانیی بێت، د. مەحەمەد وتی: «رەنگە کوتلەکانی تر وەک پێویست وەڵامیان نەدابینەوە»، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر دانوستاندنەکان چونکە مەسەلەی فشار بۆ هەرچی زووتر پێکهێنانی حکومەتی بەغدا لە بەرژەوەندیی هەموولایەکدایەو ئێمەی کورد پێویستە رۆڵی ئیجابی تێدا ببینین»، وتیشی: «ئێمە سوورین لەسەر وەرگرتنی پۆستی ســەرۆک کۆمار بۆ کــورد، ئەوانیش هەرسێکیان سوورن لەسەر ئەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران بۆ خۆیان بێت».

هــاوکــات، ســـەردار عــەبــدوڵــڵا، ئەندامی وەفــدی دانوستانکار باسی لــەوەکــرد: کاندیدەکان دەبیننەوە کە خاڵەکانی دانوستاندنی ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان پێدابوون‌و «داوایان لێدەکەین، بەڕەسمیی‌و بەشێوەیەکی کۆتایی وەڵامی خۆیانمان بە نووسراو بدەنێ، بۆئەوەی لەسەر بنەمای وەڵامەکانی ئــەوان، ئێمە هەڵوێستی دانوستاندن‌و هاوپەیمانی کوردن یەکلایی بکەینەوە، هەر کاندیدێک وەڵامی زۆر بێت بۆ داوا کوردستانییەکە، پشتگیریی ئەو دەکەین‌و لەگەڵ سیناریۆی پێچو پەنادا نین».

لـەلایـەکـی دیـکـەشـەوە سامـی شـۆڕش، ئەندامی وەفـدەکـە جەختی لەوەکردەوە کە وەڵامیان (١٩) خاڵەکەیان وەرنـەگـرتـووەتـەوەو بـۆ رۆژنـامـە وتی: «یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی بەرنامەکەمان ئەو دەستپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمە بزانین چۆن بیگەیەنینە لایەنەکان».

## کورد چۆن مامەڵە بکات

دیارینەکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران لەلایەن هاوپەیمانی نیشتمانی‌و وایـکـردووە لایەنەکانی تری وەک عێراقییە کاندیدیان هەبێت‌و ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر وەڵامنەدانەوەی رەسمیی هیچ لایەنێک بۆ داخوازییە (١٩) خالیەکەی ئیئتیلافی لیستە کوردستانیەکان.

لەو رووەوە ئازاد چالاک دەڵێت: «بە دیاریکردنی تاکە کەسێک لە هاوپەیمانی نیشتمانی، گرێکوێرەکە دەکرێتەوەو لایەنەکانی تر دەکـەونـە گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی حکومەت»، بەڵام بە بۆچوونی ئەو، زووە کورد خۆی یەکلاییبکاتەوە کە لەگەڵ کێ هاوپەیمانی دەبەستێت، چونکە پێش ئەوە دەبێت کورد بزانێت ئەو لایەنە قورسایی چەندە وە دەتوانێت چ رۆڵێک بگێرێت لە داهاتووی سیاسی عێراقدا، «بۆیە ناکرێت تەنیا لەبەرئەوەی کەسایەتییەک یا لایەنێک بڵێت ئەو خاڵانەم قبووڵە لەکاتێکدا خۆی کورسی پەرلەمانی کەمبێت‌و دەسەڵاتی پێکهێنانی حکومەتی نەبێت، بەڵام بچینە هاوپەیمانییەوە لەگەڵی چونکە دواتـر ئەو رۆڵـە گەورەیەمان نابێت‌و ناتوانین کاریگەریمان هەبێت لەسەر پەرلەمان‌و حکومەتی داهاتووی عێراق بۆیە پێویستە ئەو داخوازییانە لەگەڵ گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی عێراق باسبکەین».

نامەی ماڵئاوایی بۆ هەموو فەرمانبەران و کارمەندانی دیوانی چاودێریی دارایی 12

# ئەفسەرانی تورکمانی کەرکوک، بڕیارێکی تاڵەبانی ڕەتدەکەنەوە

**ڕێباز محەمەد– کەرکوک**

ژمارەیەک ئەفسەری تورکمان بڕیارێکی جەلال تالەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق ڕەتدەکەنەوە، بەوەی بێ بڕوانامەو بینینی خولی سەربازیی بکرێنە ئەفسەر.

دوابـەدوای جێگیرکردنی پلەی (٥١٢) ئەفسەری پارێزگای کەرکوک بە بڕیارێکی جەلال تالەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، (١٤) پۆلیسی تورکمانی لە بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک، ئەو بڕیارە گرتنییەوە، بەڵام ئەو ئەفسەرە تورکمانانە بڕیارەکەی تالەبانی ڕەتدەکەنەوە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، ئەو (١٤) ئەفسەرە دوابـەدوای ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی پلەی مولازمی یەکەمو مولازم لە ئێستادا لەیەکێک لە کۆلێژەکانی سەربازیی بەغدا خەریکی خولی ڕاهێنانی سەربازین.

سەرچاوەیەکی ئاگاداریش ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: «لەژێر فشاری بەرەی تورکمانیو بڕینی ئیمتیازاتیان، ئەو ئەفسەرە تورکمانانە ناچار دەکرێن بڕیارەکەی سەرۆک کۆماری عێراق ڕەتبکەنەوە، بە بیانووی ئـەوەی بڕیارەکە نایاساییە، کە



ڕاستەوخۆ پۆلیسێک بێئەوەی مەشقی سەربازیی پێبکرێت، پلەی مـولازم یان مولازمی یەکەمی پێببەخشرێت.

یەکێک لەو ئەفسەرە تورکمانانە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە داوامان کردبوو ببینە مولازم، بەڵام دوای ئەوەی چەندین کەس کە خەڵکی کەرکوک نینو بەهۆی ئەوەی پێشمەرگەی یەکێتیو پارتی بـوونو بێئەوەی خولی ڕاهێنان ببینو خوێندەوارییان هەبێت، کراون بە ئەفسەری پلە باڵاو لە کەرکوک کاردەکەن، ئێمەش قبوولمان نەکرد بکرێینە ناو ئەو پڕۆژە نایاساییەوە، کە لەلایەن بەڕێز تالەبانییەوە بڕیاری لەسەر درابوو».

بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەو ئەفسەرە تورکمانەی کەرکوک، ڕەمەزانی حاجی ڕەشید، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە تورکمانەکانی یەکێتی لە کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوانەی کە کراون بە ئەفسەر (٧٥٪) بە عەرەبو تورکمانو کورد بڕوانامەی ناوەندیشیان نییە، بۆیە ئەوە پاساوە کە ئەو ئەفسەرە تورکمانانە دەیهێننەوەو لەژێر فشاری بەرەی تورکمانی بڕیارەکەیان ڕەفز کردووە، چونکە ئەگەر ئیمتیازاتێک وەکـو تورکمان بدرایەتە ئەو ئەفسەرانەی کەرکوک، ئەگەر ئەوان ئەو بڕیارەیان ڕەتنەکردبایەتەوە، ئەو ئیمتیازاتەیان وەرنەدەگرت».

سەبارەت بەوەی کە دەوترێت لەژێر فشاری بەرەی تورکمانی ئەو (١٤) کەسە بڕیارەکەیان ڕەتکردووەتەوە، ئەو ئەفسەرە تورکمانە سەرسوڕمانی خۆی نیشانداو ئەوەی خستەڕوو: ناکرێت هەر شتێکمان قبووڵ نەکرد پێمان بڵێن بە فشاری تورکیا یان بەرەی تورکمانی قبوولیان نەکردووە، ئەمە کەی خزمەت بە خەڵکی کەرکوک دەکات ڕاستەوخۆ بکرێین بە مولازمی یەکەم، بێئەوەی شارەزای ئالیەتی ئەفسەریی بین».

بـەرپـرسـی مەکتەبی پەیوەندییە تورکمانەکانی یەکێتیش ئـامـاژە بە کۆبوونەوەی نێوان بـەرەی تورکمانیو جەلال تالەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق دەکاتو دەڵێت: «چەندجارێک لەسەر داوای بەرەی تورکمانیو ئەفسەرە تورکمانەکانو بە ئامادەبوونی جەمال شانو کەنعان شاکر، خۆیان هاتن داوایـان لە مام جـەلال کرد ئەو ئەفسەرە تورکمانانە وەربگیرێن، مام جەلالیش بۆ ئەوەی جیاوازیی نەکات، ئەو بڕیارەی دا».

لەنووسراوێکی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک بە ژمـارە (٤٦٥)، کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، هاتووە: «بڕیاردرا بە جێگیرکردنی پلەی ئەفسەرەکان لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٥/٢٥ بە ریزبەندی یەکەم کە «عەمید سالار ئەحمەد فەقێ»ە، تا کۆتایی ریزبەندی (٤٦) کە «مولازم عەلائەدین حسێن عەلی»ە.

بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتەی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، بە ژمـارەی ئەو ریزبەندییەی بـەڕێـوەبـەرێـتـی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک ریزبەندی (٢٩-٤١و٤٥) تورکمانن، کە ناوەکانیان لای ڕۆژنامە پارێزراوە، بڕیارەکەی سـەرۆک کۆماری عێراقیان ڕەتکردووەتەوە.

سـەرچـاوەیـەک لـە بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە نیگەرانیی خۆی نیشاندا لەوەی: «چەندین گەنجی کەرکوک لە چاوەڕوانی وەرگرتنی پلەی ئەفسەریدان بەو ئامانجەی خزمەت بە کەرکوک بکەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئینتیمایان بۆ دوو حیزبی دەسەڵات، لە کۆلێژە سەربازییەکانی کوردستان وەرنەگیراون، لەکاتێکدا (١٤) پۆلیسی ئاسایی تورکمان بە بڕیاری سەرۆک کۆمار دەکرێتە مولازمو ئەوانیش ڕەتیدەکەنەوە».

# وردەکاریی پێگەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە دەزگا ئەمنییەکانی دیالە

**ڕاپۆرتی: گەرمیانی حەمەی پوور**



بەرپرسانی کورد لە دیالە ئاشکرای دەکـەن، دەزگـا ئەمنییەکانی سنووری پارێزگاکە لەبری بەرقەرارکردنی ئاسایشو ئارامیی، بوونەتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی تیرۆر لە ناوچەکەدا.

بەرپرسی پێشووی لیژنەی ئەمنیی ئەنجومەنی پارێزگای دیالەش ئاشکرای دەکـات: پـارەدان ڕۆڵـی سـەرەکـیی هەیە لە ئازادکردنی ئـەو کەسانەی بە تۆمەتی تێوەگلان بە کاری تیرۆریستی دەستگیردەکرێنو سەرچاوەیەکی ئەمنیی سنوورەکەش ئاشکرای دەکات: تیرۆریستان لە جەلەولاو سەعدییەو خانەقینیش لە دەزگا ئەمنییەکاندا بوونیان هەیەو لێیان دەستگیرکراوە، دیارترین کارێکی لەو جۆرەش، هەڵاتنی گەورە داواکراوێک بوو کە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە وەزیری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق بووە.

عامر ڕەفعەت، بەرپرسی پێشووی لیژنەی ئەمنیی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، ئاشکرای دەکـات، کە بوونی ئەندامانی گرووپە چەکدارەکانی سنوورەکەی شتێکی بـەرچـاوەو لـەوبـارەیـەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بوونی تیرۆر لە دەزگا ئەمنییەکاندا شتێکی بەرچاوەو کاتی خۆی لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک ژووری عەمەلیاتو سەرۆکی پۆلیسو پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە ئەو پرسەمان تاووتوێ کردووە».

سەرچاوەیەکی ئەمنیی پارێزگای دیالەش، کە لەسەر داوای خۆیو لەبەر ئـەوەی لێدوانیان لـێ قـەدەغـە کـراوە، نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تیرۆریستان لە دەزگا ئەمنییەکانی سنوورەکە، بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکان بوونیان هەبووەو هەیەو تائێستاش چەندین کەسیان لێ دەستگیرکراوە».

### ئەو دەزگایەی لە دیوەخاندا بڕیاری لێدرا، بوو بە کانگای تیرۆر

بەرپرسانی کورد لە سنووری دیالەو بەتایبەتیش لە ناحیەی جەلەولا جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دامەزراندنی فەوجی فریاکەوتنی دیالە، بوو بە هەوێنو گەرای تیرۆریستیو چەندین پلەدار بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی لە فەلوجە دەستگیرکراون، کە تائێستاش لە زیندانەکاندان.

ئەنوەر حسێن میکایل، بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا، ئاماژە بـەوە دەکـات: سەرەتای دروستبوونی فەوجی فریاکەوتنی دیالە لەناو دیوەخانی یەکێک لە هۆزە عەرەبەکانی حەوزی حەمرینەوە بووە، کە لە سەردەمی بەعسدا یەکێک بوون لەو هۆزانەی خەڵکی ناوچەکە بە دەست زۆردارییانەوە ناڵاندوویەتی، وتی: «سەرەتای دامەزراندنی فەوجەکە لە دیوەخانی عەشیرەتێکی عەرەبی نـاوداری سنوورەکەدا بوو، کە سەرۆک هۆزەکان بڕیاریان لە دامەزراندنی فەوجی فریاکەوتن دا، ئەو هۆزە عەرەبە لەکاتی دەسەڵاتی بەعسدا یەکێک بوون لەو هۆزانەی کە خەڵکی ناوچەکە بەدەستیانەوە دەیناڵاند».

ئەنوەر حسێن، کە ماوەی حەوت ساڵە بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولایە، ئاماژە بـەوەش دەکـات: «ئـەم فەوجە لەلایەن بەعسییەکانو هەڵگرانی فیکری بەعس پلانی بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی لە ناحیەی جەلەولا دایبمەزرێنن». وتـی: «لـەدوای پرۆسەی مژدەگەلی چاکە لە سنووری پارێزگای دیالە بۆ ڕاوەدوونانی تیرۆریستان، کە لەلایەن فیرقەی یەکی سوپای عێراقەوە ئەنجامدرا، ئەو کەسانە کە بەعسین یان هەڵگری فیکری بەعسن لە ئیدارەکانی سنووری پارێزگای دیالە پلانیان دارشت بۆ کردنەوەی فەوجێکو فەوجی فریاکەوتنی جەلەولایان دانا».

### یەکەم فەرماندەی فەوجەکە دەستگیردەکرێت

ئەو فەوجە کە هەر لە سەرەتاوە بوو بە جێگای ناڕەزایەتییەکی توندی بەرپرسانی کوردو کردنەوەی فەوجەکەیان بە هەنگاوێک بۆ دژایەتیکردنی کوردو بەهێزکردنی پێگەی عـەرەبو بەتایبەتیش بەعسییەکان داناو کردەوەکانی ئەو فەوجەش بەرامبەر بە کوردەکان لە ناحیەی جەلەولا وایکرد کە چەندین خێزانی کورد ناحیەکە بەجێبهێڵن، بەڵام دوای ماوەیەک دەرکەوت فەرماندەی ئەو فەوجە دەستی لەگەڵ تیرۆریستاندا هەیەو بەو تۆمەتە دەستگیرکراو تائێستاش لە زیندایە.

عامر ڕەفعەت وتی: «ساڵی پار بەرپرسی فەوجی فریاکەوتنی پۆلیسی دیالەو چەندین ئەفسەرو پلەداری تری سەر بەو فەوجە بە تۆمەتی تێوەگلان بە کردەوەی تیرۆریستیو هاوکاریی تیرۆریستان دەستگیرکران»، جەختیش لـەوە دەکـاتـەوە، کە بەڵگەی دانپێدانانەکانیانی لایەو وتی: «من هەموو دانپێدانانەکانی ئەو بەرپرسە ئەمنییانەم لایە کە تێیدا لەسەر زاری خۆیانەوە دان بە چەندین کردەوەی تیرۆریستیدا دەنێن، کە لە سنووری پارێزگای دیالە ئەنجامیان داوە».

بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولاش جەخت لەوە دەکاتەوە، «یەکەم فەرماندەی فەوجی فریاکەوتنی جـەلـەولا، مـوقـەدەم روکن حەسەن بوو، کە برایەکی ناوبراو یەکێک بوو لە خۆکوژەکانی قاعیدەو خۆشی هەرزوو بە تۆمەتی تێوەگلان بە کاری تیرۆریستی دەستگیر کراو ئێستاش لە زینداندایە».

### دووەم فەرماندەی فەوجەکەش زیندانیی دەکرێت

زیندانیکردنی یەکەم فەرماندەی فەوجی فریاکەوتنی جەلەولا بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی کۆتایی بە ریشەی تیرۆر لە فەوجەکە نەهێناو دوای دەستگیرکردنی فەرماندەی یەکەم، کەسێکی تر جێگەی دەگرێتەوە، کە هەرزوو ئەویش بە تۆمەتی تێوەگلان بە کاری تیرۆریستیو هاوکاریی تیرۆریستان دەستگیردەکرێت، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئازادی دەکەن.

بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا، وتی: «دووەم فەرماندەی فەوجەکە موقەدەم روکن موشعان بوو، کە ئەویش دیسان بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی دەستگیرکرا، بەڵام دواتر ئازاد کرا».

### تیرۆریستی پلەدار

بە دەستگیرکردنی ئەو فەرماندانە کۆتایی بە بوونی تیرۆر نەهاتو بەرپرسان ئاماژە بە ئاشکرابوونی چەندین پلەداری تری ناو دەزگـا ئەمنییەکان دەکـەن، کە بە کـاری تیرۆریستییەوە تێوەگلاونو دەستگیرکراون.

عامر ڕەفعەت، ئاشکرای کرد: «دوای دەستگیرکردنی ئەو پلەدارانە چەندین ئەفسەری تر بە هەمان تۆمەت لە فەوجی فریاکەوتن دەستگیرکرانو دواتر دانیان بە تاوانەکانیاندا ناوە، هەرچەند مانگێک لەمەوبەر سێ پلەدار لە فەوجی فریاکەوتنی جەلەولا دەستگیرکران، کە یەکێکیان پلەی نەقیبو یەکێکی تریان پلەی مولازمی یەکو دواترینیشیان مولازمی دوو بوو، هەریەکە لەمانەش دانیان بە تاوانەکانیاندا ناوەو باسیان لەوە کردووە، کە دەستیان لە کوشتنی هاوڵاتییاندا هەبووە لە جەلەولا».

ئاشکراشی دەکـات: «ماوەیەک پێش ئێستا کەسێکی تر بە ناوی عەلی، کە پلەی نەقیبی هەیەو لە پۆلیسی ناوخۆیە لەگەڵ چەند پلەدارێکی تر بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی دەستگیرکرا، هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا چەند ئەفسەرێکی تر لە فەوجی فریاکەوتنی جەلەولا دەستگیرکران بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی».

### تیرۆر لە خانەقینو جەلەولاو سەعدییە بەهێزە

بە وتەی سەرچاوە ئەمنییەکەی دیالە، تیرۆریستان لە سەعدییەو جەلەولاو خانەقین لەناو دەزگـا ئەمنییەکان بوونیان هەیە، «تیرۆر لە دەزگا ئەمنییەکاندا هەیە، بەتایبەت لە هەردوو ناحیەی جەلەولاو سەعدییەو زیاتریش لەناو فەوجی فریاکەوتنی جەلەولا، وتیشی: «تەنانەت لەناو پۆلیسی خانەقینیش تیرۆر هەبووە».

### قاعیدەو عەودەو نەقشبەندییەکان لە دەزگا ئەمنییەکاندان

بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا، وتی: «ئێستاش لەناو فەوجی فریاکەوتنی جەلەولا تیرۆریست هەیەو لەناو کارمەندانی فەوجەکە تیرۆریستی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدەو حیزبی عـەودەو نەقشبەندییەکان هەیە، ئێمەش هەوڵدەدەین ئاشکرایان بکەینو ڕۆژانە کار بۆ ئەو مەبەستە دەکەین».

### تیرۆر لەژێر ناوی یاسادا

بەشێکی تر لە نیگەرانیی بەرپرسانی کـورد لـەوەوە سـەرچـاوە دەگـرێـت، کە ئەندامانی ئەو گرووپە تیرۆریستییانە لەژێر ناوی یاساداو لە دەزگاو دامەزراوە ئەمنییەکاندا کار دەکـەن، ئەنوەر حسێن وتی: «ئەمانە ئێستا لەژێر ناوی یاسادا کاردەکەنو لە دەزگایەکی یاساییدان، ئێمە ڕۆژانە لە هەوڵداین بۆ ئاشکراکردنی ئەو تیرۆریستانە».

بە بۆچوونی چاودێرانیش، دەزگـا ئەمنییەکان دەبنە سەرچاوەیەکی باش بۆ تیرۆریستانو دەتوانن لە زۆر ڕووەوە سوودیان لێ وەربگرن.

### تیرۆر لە دەزگای هەواڵگریدا

بـابـان عـەبـدولـکـەریـم، وەکـو ڕۆژنامەنووسێکی سنوورەکە جەخت لەسەر بوونی پێدانی زانیاریی لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانەوە بە تیرۆریستان دەکـاتـەوەو دەڵـێـت: «تائێستا چەندین ئەفسەرو پلەدار لە دیالە دەستگیرکراون بە تۆمەتی پێدانی زانیاریی هەواڵگریی بە تیرۆریستانو دانیشیان بە تاوانەکانیاندا ناوە، ئەو پلەدارانە لە ڕائیدەوە تا پۆلیسیان تێدا بووە».

بەرپرسە ئەمنییەکەش جەخت لەسەر دانانی کەسانێک دەکات وەکو بەرپرس، کە پێشترو لە سەردەمی بەعسدا ئەفسەری دەزگـای هـەواڵـگـریـی بـووەو دەڵـێـت: «پێش مانگێک بەرپرسی بنکەی پۆلیسی جەلەولایان گواستووەتەوە کە کورد بوو، بەڵام لە بری ئەو، ئەفسەرێکیان هێناوە بۆ بەرپرسی بنکەی پۆلیسی جەلەولا، کە پێشتر ئەفسەری دەزگای هەواڵگریی بووە لە سەردەمی بەعسدا.

### بەشێک لە داواکراوان دەستگیرناکرێن

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، چەندین داواکراو لە سنووری دیالەدا هەن کە هیچیان دەستگیرنەکراون، عامر ڕەفعەت ئەم بابەتە بۆ ڕۆژنامە پشتڕاست دەکاتەوە؛ «بەشێک لەو کەسانەی لەنێو دەزگـا ئەمنییەکانی سنووری پارێزگای دیالەن، بەپێی مادەی چواری تیرۆر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داواکراون بە تۆمەتی کردەوەی تیرۆریستی، کەچی هیچ یەکێک لەوانە دەستگیرنەکراونو ناشکرێن، مەگەر خۆیان بچنە بـەردەم دادگاو بڵێن ئێمەین کە داواکراوین لەلایەن حکومەتی عێراقەوە»، پێیوایە: «ئەمانە هەموو بۆ باڵادەستیی عەرەب دەگەڕێتەوە لە سنوورەکەو دەستێکی سیاسیشی لە پشتە».

### ڕیشەیان بەهێز دەبێت

دەستگیرکردنی ئەفسەرو کەسانی ناو دەزگـا ئەمنییەکانی سنووری پارێزگای دیالە بەردەوامەو بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولاش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ڕۆژانە لە هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی تیرۆریستان لە دەزگـا ئەمنییەکاندا، عامر ڕەفعەتیش بەپێویستی دەزانێت، وەک چۆن هەڵمەتی ڕاوەدونـانـی تیرۆریستان لە ناوچەکە ئەنجامدراوە، هەڵمەتێکیش بۆ پاککردنەوەی دەزگا ئەمنییەکان لە پاشماوەکانی بەعسو تیرۆریستان ئەنجام بدرێت.

# تۆ، ماڵئاواییت کردو ئازاد بوویت
# بەڵام چاودێریی‌و نەزاهە بوونە سفری دوای فاریزە

ئازاد چالاک



–١–

ماڵئاواییەکەی جەلالی سام ئاغا، بیرەوەرییەکانی گەڕاندمەوە بۆ دوو ساڵ پێش هاتنەکایەی بزووتنەوەی گۆڕان، کاتێک لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا خۆی پێناساندمو وتی: من، لێدوانەکەتم خوێندووەتەوەو پێم خۆشە یەکتر ببینین. ئەو پەیوەندییەم وەک خەڵات وەرگرت، چونکە دەمێک بوو بەهۆی کاری لیژنەی نەزاهەی بەغداوە، دەمویست بزانم کە چاودێریی لە هەرێم لە چ ئاستێکدایەو بۆ کەس هەواڵیان نابیستی‌و کارەکانیان نابینێت، بەدەگمەن نەبێت.

لێرەدا، نامەوێت باس لە هەستو نەستو ئەو تێبینییانە بکەم کە لەو دانیشتنەدا لەلام تۆمار بوون، ئەوەی کە دەمەوێت لێرەدا بیڵێم، ئەوەیە کە هەردووکمان لەسەر زۆربەی هەرەزۆری کێشەکانی گەندەڵیی‌و ئەرکی دیوانی چاودێریی‌و داواکاری گشتیی هاوبیر بووین، بەڵام ئەوەی کە منو ئەوی لەیەکتر جیادەکردەوە، ئەو سوێندە بوو کە ئەو خواردبووی بۆ پاراستنی نهێنییەکانی دیوانی چاودێریی‌و دزەپێنەکردنی بۆ رۆژنامەو راگەیاندنەکان، چونکە ئەوەشی کە بڵاودەبووەوە لەو راپۆرتانەدا، لەشوێنی دیکەوە دەست میدیاکان کەوتوون‌و هەندێکجار کە قسەیەکیشی دەکرد، دەیوت، ئەم قسانە بۆ بڵاوکردنەوە نییەو بڵاویش نەدەبوونەوە.

بەندە، زۆر ئەم مەسەلەیەم دووبارە دەکردەوە کە ئەو راپۆرتانە چەند گرنگو بەسوودبن، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت، چونکە تەنیا چەند کەسێک دەیانبینێت‌و دواتر لە ژوورە تاریکەکاندا زۆربەیان پەردەپۆش دەکرێن‌و رای گشتییان لێ ئاگادار نابێت‌و فشار ناکەوێتە سەر دەسەڵات‌و حیزبەکان، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کەموکورتیی‌و گەندەڵییانە بکات‌و هەموو جارێک ئەوەم بۆ دووبارە دەکردەوە کە ئەو کارەی ئەوان، وەک کاری ئەو زانایە وایە کە زانستی زەڕرە دەدۆزێتەوە، بەڵام کە کاری پێ نەکات‌و ئاشکرای نەکات بۆ ئەوەی خەڵک سوودی لێ ببینێت، ئەوا لەسەر رەفەی بەرپرسان تۆزی لێ دەنیشێت‌و سوودی نابێت. ئەو، بەو میهەنییەت‌و ئەو سوێندەوەو منیش، هەڵپەی هەرچی زووتر بنبڕکردنی گەندەڵیی‌و هەنگاونان، گەرچی سەرەتاییش بێت، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

راپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی سلێمانی، ئەوانەی کە بڵاوبوونەتەوەو ئەوانەشی کە بڵاونەکراونەتەوە، نیشانەی ئەوەن کە ئەم دیوانە کارێکی زۆر گەورەی ئەنجامداوە کە مایەی پێزانین‌و دەستخۆشییە بۆ هەموو کارمەندانی دیوانی چاودێریی سلێمانی‌و خودی سەرۆکەکەی کە بەشێکی ئەو راپۆرتانە گەیشتوونەتە بەردەم دادگاو پارەیەکی باش لە دۆلارو لە دینار لە قورگی گەندەڵکاران هاتووەتەوە دەرێ، بەڵام لەهەمانکاتدا لەبەرئەوەی زۆربەی راپۆرتەکان نهێنی بوون، دەسەڵات لەهەرێم نەیویستووە بەدواداچوون بۆ ئەو راپۆرتانە بکات، هەربۆیە ئەویش لەنامەیەکیدا بۆ سەرووی خۆی، خۆی بەجیسمێکی غەریب لەنێو ئەو دەسەڵاتەدا وەسف دەکات‌و خۆشی بەشەرەفمەند نازانێت بۆ ئەو پلەو پۆستە کە هەیەتی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا قوڵیی کێشەی گەندەڵیی‌و نەبوونی دادوەریی‌و نایاسایی لەهەرێمی کوردستان دەردەخات.

بەشبەحاڵی خۆم، جگە لەدەستخۆشی لە سەرۆکی دیوانی چاودێریی سلێمانی، دەستخۆشی لەو هەوڵانەش دەکەم کە کەسێکی وەک ئەویان بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کردو هەتا دوایین سات، ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر مەبەستیان بوو ئەو شوێنە بەجێ نەهێڵێت، ئەویش لەبەرئەوەی:

١– بەتواناو بەهەوڵو قابیلیەتی خۆی ئەو پۆستەی وەرگرتووەو ملکەچی هیچ جۆرە فشارێک نەبووەو دایم بێمنەت بووە لێی.

٢– زۆر کەس کە دەچێتە پۆستێک، هەوڵدەدات لەرێی پۆستەکەیەوە، چەندین دەستکەوتی تایبەتی بۆ خۆی، بۆ کەسی نزیکی خۆی بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەم نەک هەر ئەو رەفتارانەی بۆ کەس قبوڵ نەکردووە، بەڵکو ئەو موڵکەی کە هی خۆشیەتی‌و بەمیرات بۆی ماوەتەوە کە بریتییە لەپارچەیەک زەوی‌و خانوویەک لەرێگەی قانوونی‌و ئسولییەوە بەخشیویەتی بە کەسانی موستەهەق‌و بە فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی، وەک؛ تەندروستی‌و نەیبەخشیوەتە تەنانەت کەسوکارو خەڵکی نزیک خۆی، ئەم حاڵەتە دەگمەنە لەدنیای ئەمڕۆداو جێی تێڕامان‌و فەخرو ستایشە.

٣– ئەو، سەلماندی کە هەموو کەس بەتەبیعەت نەفسنزم‌و ملکەچ نییەو بۆ دەستکەوت‌و پارە ئامادە نییە سەرشۆڕ بکات‌و ناهەقی قبوڵ بکات‌و بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی دایم لای ئەو حزوریان هەبووە، هەر بۆیە لای دۆست‌و دوژمنیشی جێی رێزو ستایش بووەو ماڵەکەشی وەک دیوەخان‌و –گەورەماڵ– خەڵک‌و کەسایەتییە دیارەکان روویان تێکردووەو داخی دڵی خۆیان لای ئەم هەڵرشتووە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، دەبێت هۆی ئەوە چی بێت کە دەسەڵات‌و بەرپرسانی وڵات بەشوێن کەسانی لەو جۆرە ناگەڕێن، ئاخۆ لە وڵاتی ئێمەدا سەدان‌و بگرە هەزاران کەسی لەو جۆرەی تێدا نییە کە بەردەوام پالیان پێوە دەنرێت‌و کەسانی کاسەلێس‌و نەفسنزم‌و بێتوانا شوێنەکانیان پێ پڕدەکەنەوە؟ دەبێت بەرپرسانی وڵات، چ سوودێک بۆ خۆیان‌و بۆ حیزبەکانیان‌و بۆ داهاتووشیان لەمانەی دیکە وەردەگرن.

جەلالی سام ئاغا، دیوانی بەجێهێشت‌و لەو سوێندەش رزگاری بوو، ئێستا وا هەست دەکات ئازادەو ئەرکی سەرشانی سوکتر بووە، بەڵام خەمی دیوان‌و کارمەندانی‌و باری ئاڵۆزی گشتیی وڵات، وەک سێبەر بەجێی ناهێڵن‌و پێی دەڵێن، نە دەتوانی وەک کەسێکی سادە بیت‌و نە زمانیشت لە وتنی راستییەکان دەکەوێت.

–٢–

کەسایەتییە سیاسییەکان‌و ئۆپۆزسیۆن‌و میدیا ئەهلییەکان، دەمێکە داوا لە حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان‌و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەکەن، کە کۆتایی بە دیاردەی دوو ئیدارەیی بهێنن‌و ئەو وەزارەت‌و دەستانەی کە تا ئێستا یەکیان نەگرتووەتەوە، یەکیان بخەن‌و کۆتایی بە حاڵەتی دوو ئیدارەیی بهێنن.

ئەم داخوازییە جەماوەرییە لە رۆژی (٢٠١٠/٩/٢٠) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هاتەدی، بەڵام بەشێوەک کە نەک هەر ئەم ئاواتەی لە دڵی خەڵکدا لەباربردبوو بردیە ژێرگڵ، بەڵکو دەسەڵات‌و سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەشێوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکان کرد، وەک ئەوەی پەرلەمان سەربازگەیەک بێت‌و قسە هەر قسەی جەنەراڵەو ئەوەی کە ئەو بیەوێت، دەبێت هەر ئەوە پەسەندبکرێت.

یەک دیوانی چاودێریی‌و یەک دەستەی نەزاهە بۆ هەرێم، داواکارییەکی خەڵکی کوردستان‌و رۆشنبیرانی بوو، قسەو باسێکی زۆر لەمیدیاکانەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە کرا، هەندێک پێیان وابوو، کە ئەو دوو دەستەیە دەتوانن کێشەکانی گەندەڵیی لە هەرێم چارەسەر بکەن‌و هەندێکیش پێیان وابوو کە ئەو دەستانەش وەک ئەوانی دیکە دەخەسێنرێن‌و گەندەڵییش دەکەنە کاری رەسمیی‌و شەرعییەتیش لەرێی ئەو دەستانەوە دەدەنە بەرپرسان‌و ئەستۆپاکییان بەیاسا رادەگەیەنن‌و ئەوەی کە بشیانەوێت ملی بشکێنن، ئەوا ئەمریان پێدەکەن کە فایلەکانیان هەڵبدەنەوەو بیانخەنە خەلۆزانەکەی مێژووەوە.

زۆربەمان چاوەڕێی ئەوە بووین کە لیژنە پەیوەندیدارەکان لە دارایی‌و نەزاهە، راپۆرتێک لەبارەی هەردوو دیوانی چاودێرییەوە ئامادە بکەن‌و کارەکانیان لەماوەی رابردوودا هەڵسەنگێنن‌و چەند کەسێک کە بۆ سەرۆکایەتیی ئەو دەستەیە شیاون، (C.V)یەکانیان بخرێنە بەردەم ئەندام پەرلەمانەکان‌و لەئێستاو لە رابردوویان بکۆڵرێتەوەو جەخت لەسەر بێلایەنیی‌و بڕوانامەو میهەنییەتی ئەو کاندیدکراوانە بکرێتەوەو هەموو ئەندامانی پەرلەمان، بە یەکێتی‌و پارتی‌و ئۆپۆزسیۆنەوە، حیزبایەتی بەلاوە بنێن‌و ویژدانیان بکەن بە حەکەم‌و سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش بۆ خۆیان‌و بۆ مێژوو و بۆ بەرژەوەندیی باڵای کورد، ئەو مەسەلەیە لە رێککەوتنی نێوان هەردوو حیزب لە دابەشکردنی هەردوو پۆستی چاودێریی دارایی‌و نەزاهە لەنێوان خۆیاندا، بەلاوە بنێن‌و بیسەلمێنن کە قۆناغی بەشکردنی هەموو شتێک بە نەزاهەو چاودێرییەوە بەسەرچووەو دەبێت هەر هیچ نەبێت لەم مەسەلەیەدا هەنگاوێکی نوێ بنێن بە ئاراستەی روونیی‌و بەرژەوەندیی هاوڵاتییان‌و سەروەریی یاساو دوورخستنەوەی دەستی سەرکردایەتیی هەردوو حیزب لەم مەسەلە هەستیارەدا، کە لای هاوڵاتییان‌و رۆشنبیران‌و ئەندامانی حیزبەکانیش ماناو دەلالەتی خۆی هەیەو زیانی ئەوەندە گەورەیە بۆ دەسەڵات لە هەرێم، کە ئیتر بێباوەڕیی بە چاکسازیی‌و دژایەتیکردنی گەندەڵیی لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە دەبێتە راستییەکی حاشاهەڵنەگر کە بەهیچ کردارێک راست نەبێتەوەو نەڕەوێتەوە.

هەنگاوەکانی دەسەڵات لەم بوارانەدا، زۆر کورتبین‌و تا ئێستا بە عەقلییەتی بەشی من‌و بەشی تۆ، هەموو شتێک بەش دەکەن‌و ئەو گۆڕانکارییانە لە هەرێم بەهەند وەرناگرن کە دەرگای ماڵەکانیانی گرتووەو حیساب بۆ هێزو وزەی جەماوەر ناکەن‌و ئەو مەترسییانەش نابینن کە وەک رق‌و ناڕەزایی لەناخی هاوڵاتییاندا پەنگدەخۆنەوە.

دەستنیشانکردنی سەرۆکێک بۆ دیوانی چاودێریی بەو شێوەیەو بەو یاسایە، ئەو زەنگە ترسناکە بوو بۆ هەمووان کە بیری چاکسازیی‌و بەخۆداچوونەوە، تازە مەحاڵەو ئەگەر دیوانی چاودێریی بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دەبێت حاڵەتی دەستەی نەزاهەو داواکاری گشتیی‌و لیژنەی نەزاهە چۆن بێت، کە ئیش‌و کارەکانی چاودێریی‌و بەدواداچوونی پەیوەستە بە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێرییەوەو ئەگەر دیوان بەمردوویی لەدایک بێت‌و لەوێشەوە بۆ قەبر، دەبێت نەزاهە سوود لە چ راپۆرتێکی ئەو دیوانە وەربگرێت‌و چۆن کاری لەسەر بکات؟

لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان‌و لیژنەی دارایی‌و هەموو ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن‌و تەنانەت ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیش، قورسایی ئەرکێکی مێژوویییان خستە ئەستۆی خۆیان، ئۆپۆزسیۆن لەبەرئەوەی دەبا هەموویان هۆڵی پەرلەمانیان جێبهێشتایەو بەشدار نەبوونایە لە پرۆسەی دەنگدان‌و بایکۆتیان بکردایە، چونکە مانەوە لەهۆڵی پەرلەمان، مانای رازیبوونە بە پرۆسەی دەنگدان‌و زۆرینەو کەمینە، هەروەها ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیی کە بەدەنگی هاوڵاتییان بوونەتە ئەندام، دەبا ئەوانیش هەر هیچ نەبێت، لەم مەسەلە گرنگو هەستیارانەدا لایەنی بەرژەوەندیی خەڵک‌و نەوەی داهاتوویان بگرتایەو هەوڵی پێکهێنانی دەستەیەکی کاراو بەهێزیان بدایەو یەکەم هەنگاویان، بۆ شەفافیەت‌و بەربەرەکانێکردنی گەندەڵیی بنایە، بۆیە بەم بڕیارەو بەو بڕیارانەی دیکەش کە بەدڵنیاییەوە هەر لەم جۆرە دەبن، دیوانی چاودێریی ئێستاو دەستەی نەزاهەی داهاتوویان، کردە سفری دوای فاریزە.

# ئایا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بەیاسایی دانرا؟



د.زانا رەئوف



د.رەفیق سابیر

پشتیوان سەعدوڵڵا

ژمارەیەک پەرلەمانتار، لە دانانی سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمدا، سەرۆکی پەرلەمان بە پێشێلکاری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تۆمەتباردەکەن‌و مەترسیی خۆیان لە ئیفلیجبوونی دیوانی چاودێریی دارایی دەخەنەڕوو.

بەپێی رێککەوتنی نێوان یەکێتی‌و پارتی، لە دانیشتنی (٩/٢٠)ی پەرلەمانی کوردستاندا، بەبێ رەچاوکردنی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی‌و بە دەنگی (٦٥)پەرلەمانتار (هادی محەمەد کەریم)، وەک سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی هەرێمی کوردستان، دانراو لە دانیشتنەکەدا رێگەی پرسیارکردن‌و قسەکردن بە پەرلەمانتاران نەدرا.

د.زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان (فراکسیۆنی گۆڕان)، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە دانیشتنەکەدا، تێبینیمان کرد، کێشەیەکی یاسایی لە دەستنیشانکردنەکەدا هەیە، چونکە بەپێی مادەی (٥)ی یاسای دیوانی چاودێریی دارایی، پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی دیوان دەستنیشان دەکات‌و دەیپاڵێوێت بۆئەوەی زۆرینەی رەها دەنگی پێبدات، بەڵام شێوازی دەستنیشانکردنی سەرۆکی دیوان، بەپێی یاساکە دانەنراو ئەو شێوازە لەگەڵ یاساکەدا پێچەوانە دەوەستێتەوە، وتیشی: «ئەو کەسەی بۆ پۆستی سەرۆکی دیوان دەستنیشان کرا، تەنیا دەستنیشانکراوی سەرۆکی پەرلەمانەو دەستنیشانکراوی ئەندامانی پەرلەمان نییە، چونکە کاتێک ئاگادارکراینەوە کە سیڤی کەسێک بۆ گرتنەدەستی پۆستەکە بۆ پەرلەمانتاران نێردراو دوای ئەوە داواکرا، دەنگی بۆ بدرێت».

بەپێی مادەی (٥) لە یاسای ژمارە (٢)ی



پێشەوا تۆفیق

ساڵی(٢٠٠٨) یاسای دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان ـ عێراق «سەرۆکی دیوان بە مەرسومێک کە لە سەرۆکایەتیی هەرێمەوە دەردەچێت، دادەمەزرێت‌و لەسەر پاڵاوتنی، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق‌و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دەبێت».

هەروەک ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بۆکرد: «بۆ دانانی پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی، دەبوو چەند هەنگاوێک بنرانایەو بە ئاشکرا ئیعلانی ئەو پۆستە بکرایە، چونکە خەڵکی تر هەبوون کە ویستوویانە خۆیان بپاڵێون، بەڵام شێوازەکە رێگربوو، هەروەها پێویستبوو پێش ئەوەی لەناو پەرلەماندا بخرێتە دەنگدانەوە، سیڤی ئەو کەسانەی کە دەپاڵێورێن، بنێردرێت بۆ پەرلەمانتاران، دواتر لەناو پەرلەماندا دەنگدانی بۆ بکرایەو کەسەکە دەستنیشان بکرایە».

لە مادەی (١٨)ی هەمان یاسادا، ئاماژە بەوە کراوە: «بەرلەوەی کە سەرۆکی دیوان، کارو دەسەڵاتە بڕیارلێدراوەکانی بەپێی ئەم یاسایە وەربگرێت، لە بەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخوات»، هەرچەندە پەرلەمان نووسراوێکی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم ناردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ کاتێک بۆ سوێندخواردنی دانەنراوە.

لە کۆبوونەوەکەی پەرلەماندا، پەرلەمانتاران، بەتایبەتی فراکسیۆنی گۆڕان، داوایانکرد کە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکرێت، بەڵام سەرۆکی پەرلەمانی رێگەی پێنەدان، بەو هۆیەشەوە ئۆپۆزسیۆن دەنگی بە سەرۆکی دیوان نەدا.

**»لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەک پەرلەمانتار ویستیان قسەبکەن، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان رێگەی نەدا، ئەوەش پێشێلکردنی مافی ئەندامان‌و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە«**

پێشەوا تۆفیق، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە کوردستاندا تەمەنی خانەنشینی (٦٣)ساڵە، بەڵام سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، تەمەنی (٧٠)ساڵەو وەکو پۆستەکانی تری حکومەت لە نێوان یەکێتی‌و پارتیدا دابەشکرا، لەکاتێکدا دەکرا کەسێکی گەنجترو چالاک بۆ ئەو پۆستە دابنرایە، بۆئەوەی جێی ئومێدی خەڵک بوایە، ناوبراو پێیشی وایە، مەبەستێکی سیاسیی لە دانانی سەرۆکی دیوانی چاودێریی داراییدا هەیە.

د. رەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، رەخنە لە سەرۆکی پەرلەمان دەگرێت کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی پێشێلکردووەو دەڵێت: «بەپێی رێککەوتنی نێوان یەکێتی‌و پارتی، ئەو پۆستە بەر پارتی کەوت، بەڵام باشتربوو پارتی زیاتر لە کەسێکی کاندید بکردایە، بەڵام ئەوەی بینرا، تەنیا یەک کەس دیاریکراو ئەو بەڕێزەش لای ئەندامانی پەرلەمان ناسراو نەبوو، بۆیە لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەک پەرلەمانتار ویستیان قسەبکەن، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان رێگەی نەدا، ئەوەش پێشێلکردنی مافی ئەندامان‌و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، بۆیە کاتێک خرایە دەنگدانەوە، بە دەنگی زۆرینە ئەو بەڕێزە دانرا».

سەرەڕای یەکگرتنەوە هەردوو دەزگاکە، بەڵام مەترسیی ئەوە دەکرێت کە دەزگای دیوانی چاودێریی هەرێم، ئیفلیج بکرێت‌و رۆڵی خۆی نەبینێت.

پەرلەمانتار، پێشەوا تۆفیق، ئاشکرای کرد: «تا ئێستاش دیوانی چاودێریی دارایی، دوو دەزگایەو بە فیعلی یەکی نەگرتووەتەوە، تەنیا سەرۆکەکەی دانراوەو ئومێدمان نییە کە ئەم دەزگایە رۆڵی خۆی ببینێت».

سەرۆکی لیژنەی نەزاهەش، هیوای خواست کە ئەو دەزگایە بەشێوەیەکی جدیی‌و راستەقینە یەکبگرێتەوەو ببێتە دەزگایەکی چالاک‌و وتی: «هیوادارین، یەکگرتنەوەکە نەبێتە هۆی ئەوەی کە دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، وەکو دیوانی چاودێریی دارایی هەولێر سست‌و ناچالاک بکرێت‌و بەبێ بوونی دیوانێکی چاودێریی دارایی چالاک‌و بەکارو بوێر، ناتوانین بەرەنگاری گەندەڵیی ببینەوە».

# وەزارەتی نەوتو گازوەبەرهێنان لە عێراقدا

د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا*

سامانی گاز لەعێراقدا هەروەکو سامانی نەوت گرنگەو داهاتی نەوت نزیکەی (٩٥٪)ی بودجەی عێراق دابین دەکـات، بـەڵام تا ئێستا سامانی گاز لەعێراقدا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

بەگوێرەی گۆڤاری (بریتش پەترۆلیۆم ستاتیستیکاڵ ریڤیو ئۆف گلۆباڵ ئینێرجی، مانگی حـوزەیـرانـی ٢٠١٠) یەدەگی گازی سەلمێنراوی عێراق بە (١١١,٩) تریلیۆن پێ سێجا مەزەندە دەکرێتو عێراق لەجیهاندا بەپلەی دوازدەیـەمو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بەپلەی پێنجەم دێت لە رووی هەبوونی گازی سروشتییەوە.

گـازی سەلمێنراوی عـێـراق، لەم سەرچاوانە پێکدێت:

١-گازی هاوەڵ (associated gas): ئەو گازەیە لەگەڵ نەوتدا دێتەدەرەوەو (٧٠٪)ی گـــازی یـــەدەگـــی عـێـراق پێکدەهێنێت.

٢-گازی سەربەست (free gas): ئەم گازە لەکێڵگە گازەکاندایە، وەک کێڵگە گازەکانی عەکازو مەنسورییەو سییەو کۆرمۆرو چەمچەماڵ، (٢٠٪)ی گازی یەدەگی عێراق پێکدەهێنێت.

٣-گازی کلاوە (cap gas)، ئەم گازە بەشێوەی چین لەسەر رووی چینە نەوتەکانی ناو هەندێک کێڵگە نەوتییەکاندا هەیەو (١٠٪)ی گازی یەدەگی عێراق پێکدەهێنێت.

(٨٣٪)ی گازی هاوەڵی عێراق لەکێڵگە نەوتەکانی باشووردایەو (١٧٪)یشی لەکێڵگەکانی ناوەڕاستو باکووردایە، هۆی هەبوونی ئەو بـڕەزۆرەی گازی هـاوەڵ لەباشووری عێراق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (٧٥٪)ی نەوتی یەدەگی سەلمێنراوی عـێـراق لـەباشـووری عێراقدایە.

لەداهاتوودا مەزەندە دەکرێت کە یەدەگی گاز لەعێراقدا بگاتە (٣٢٣) تریلیۆن پێ سێجاو لەو (٣٢٣)تریلیۆن پێ سێجایە، (١٦٤)تریلیۆن پێ سێجای گازی سەربەستو (١٦٨)تریلیۆن پێ سێجاشی گازی هاوەڵ دەبێت، ئەویش ئەگەر یەدەگی سەلمێنراوی نەوتی عێراق لەداهاتوودا بگاتە (٢٤٠)ملیار بەرمیلو بێگومان، دەشێت لەوەش زیاتر بێت.

لەئەیلولی ساڵی (٢٠٠٨)دا، وەزارەتی نەوتی عێراق رێککەوت کە گرێبەستێکی گازی لەکۆمپانیای شێڵ (shell) ئیمزا بکات بۆ وەبەرهێنانی گازی هاوەڵی کێڵگەکانی روومێلەو زوبێرو قورنەو مەجنون کە لە سنووری پارێزگای بەسرەدان، دواتر کۆمپانیای میتسوبیشی هاتە ناو گرێبەستەکە، عێراقو ئەم دوو کۆمپانیایە لەسەر ئەوە رێککەوتن کە کۆمپانیایەکی هاوبەش پێکبهێننو پشکەکانیشی بەم جۆرە بێت: عێراق (٥١٪)ی پشکەکانی هەبێتو کۆمپانیای شێڵ (٤٤٪)و کۆمپانیای میتسوبیشی (٤٪). ئەم کۆمپانیا هاوبەشە، هەموو ئەو گازەی لەسنووری پارێزگای بەسرە بەرهەم دێـت، بەنرخی گازی جیهانی لەعێراقی دەکـڕێـتـەوەو پـاش ئـەوەی کۆمپانیا هاوبەشەکە گازەکە ئامادە دەکات بۆ بەکارهێنان، بەنرخی جیهانیی بە عێراقی دەفرۆشێتەوە بۆ دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکانی عێراق لەگاز کە دواتر باسیان دەکەین.

ئەمەش وەکـو ئـەوە وایـە، عێراق گاز بنێرێتە دەرەوەو پاشان هاوردەی بکاتەوەو بەنرخی جیهانیی بیکڕێتەوە.

تـا ئێستا دوو سـاڵ بـەسـەر ئەو گرێبەستەدا تێپەڕیوەو ئەو گازەی گرێبەستەکەی بۆ کـراوە لەپارێزگای بەسرە، بـەردەوام رۆژانە دەسووتێت، کە بڕەکەی (٧٠٠)ملیۆن پێ سێجایەو لە رۆژێکدا بایی (١٥٠٠)ملیۆن دۆلارە لەساڵێکداو دەتوانرێت بەو گازە شلەی کە لەگەڵ ئەم گازە هاوەڵەدایە، رۆژانە (٣٠٠)هـەزار بوتڵی گازی ماڵانی لـێ پڕبکرێت.

| | دەوڵەت | یەدەگی گاز ترلیۆن پێ سێجا | | دەوڵەت | یەدەگی گاز ترلیۆن پێ سێجا |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | روسیای فیدراڵ | 1567.1 | 7 | ئیمارات | 227.1 |
| 2 | ئێران | 1045.7 | 8 | فەنزویلا | 200.1 |
| 3 | قەتەر | 895.8 | 9 | نایجیریا | 185.4 |
| 4 | تورکمانستان | 286.2 | 10 | جەزائیر | 159.1 |
| 5 | سعودیە | 279.6 | 11 | ئەندۆنیسیا | 112.5 |
| 6 | ئەمریکا | 244.7 | 12 | عێراق | 111.9 |

ئەو گرێبەستە گازییە لە حوزەیرانی (٢٠١٠)دا لەلایەن ئەنجومەنی وزەی سەر بە ئەنجومەنی وەزیـرانـی ماوە بەسەرچووی عێراقەوە پەسەندکرا.

باسی ئەوەش ناکەین کە پەرلەمانی عێراق پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پەسەندکردنی گرێبەستەکە دواجـار دەبێت لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە بکرێت، نەوەک ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، ئـەویـش بەگوێرەی مادەی (١٣٠)ی دەستووری عێراق.

ئەو گازەی لە پێداویستییەکانی عێراق زیاد بێت، ئەوا کۆمپانیا هاوبەشەکە شلی دەکـاتـەوەو لە رێگەی بەندەری بەسرە بە پاپۆڕ رەوانـەی دەرەوەی دەکات، رەوانەکردنی گازی شل بە پاپۆڕ دەبێتەهۆی ئەوەی نرخی گازەکە (٣٠٪)ی زیاتر بێت وەکـو لـەوەی بە بۆری بنێردرێتە دەرەوەو بێگومان ئەو تێچوونە زیادەی گاز گواستنەوە بە پاپۆڕ، زیان بەداهاتی گازی عێراق دەگەیەنێت.

ئێستا لەعێراقدا دوو کۆمپانیای گاز هـەن، کە کۆمپانیای گـازی باکوورو کۆمپانیای گـازی بـاشـوورنو سەر بە وەزارەتـــی نەوتی عێراقنو (٣٠)ساڵ زیاترە دامەزراوننو خـاوەن ئەزموونێکی زۆرن لەبواری گازدا.

باشتر بوو، لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراقیشدا بوو کە وەزارەتی نەوتی عێراق کۆمپانیای گازی باشووری راسپاردایە تـا کەموکورتییەکانی چـاک بکاتو پێداویستییەکانی لەئامێرو کەلوپەلی گاز وەبەرهێنان ئامادەبکاتو وەبەرهێنانی گازەکە لەژێر کۆنترۆڵی عێراقدا بێت.

عـــێـــراق زیـــاتـــر لـــە (٣٠)ســـــاڵ پسپۆڕیی‌و شارەزایی لەکۆکردنەوەو چارەسەرکردنی گازی سروشتیدا هەیەو پێش ساڵی (٢٠٠٣) هەندێک گازی دەنارد بۆ کوەیت.

ئەگەر کۆمپانیای گازی باشووریش نەتوانێت، ئەو گازەی بەسرە بەتەواویی وەبەربهێنێت، ئەوا دەتوانێت ئامێرو تەکنەلۆجیای تازەو پسپۆڕیی‌و زانیاریی گاز وەبەرهێنان لە کۆمپانیا جیهانییەکانی بـواری گـاز بکڕێت بۆ وەبەرهێنانی تـەواوی گازەکەو هاوکاتیش گازەکە لەژێر کۆنترۆڵی عێراقدا بمێنێتەوە.

پێویستە عێراق بۆ وەبەرهێنانی گاز، سوود لە دەوڵەتانی دەوروبەری وەربگرێت، سعودیە کە پێنجەم دەوڵەتە لەجیهانداو سێیەم دەوڵەتیشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەبوونی گازی یەدەگدا، چەندان کارگەی پیشەسازیی‌و پەترۆکیمیاویی‌و گاز لە وڵاتەکەی خۆیدا دامەزراندووە بۆ بەکارهێنانی ئەو گازەی هەیەتی، گازەکە بەنرخێکی هەرزان (کە یەک لەسەر دەی نرخی جیهانییە)، دەداتە کارگەکانی پەترۆکیمیاویی‌و پەینو چیمەنتۆو ئەلەمنیۆمو پۆڵا، لەئەنجامیشدا بەرهەمی ئەم کارگانە هەرزانتر دەبن لەچاو بەرهەمی جیهانیی‌و کێبڕکێی بەرهەمە جیهانییەکان دەکەن لە بازاڕی جیهانیدا.

ئێران، دووەم دەوڵەتە لەهەبوونی گازی یەدەگ لەجیهاندا، کەچی سیاسەتی ئێران لەبواری گازدا ئەوەیە، کە گاز هاوردە بکەن، نەوەک بینێرنە دەرەوە.

ئـیـمـارات، کـە حـەوتـەم دەوڵـەتـە لەجیهاندا لەهەبوونی گازی یەدەگو سەڵتەنەتی عوممان لە رابردوودا لەبەر لاوازیـی باری ئابوورییان گرێبەستی مـاوەدرێـژی گاز ناردنە دەرەوەیـان ئەنجامداوە، کەچی لێیان پەشیمانن، چونکە ئێستا ناچارن گاز لـەدەرەوە هاوردە دەکەن بۆ دابینکردنی پێداویستی ناوخۆیان، بۆیە پێویستە عێراق سوود لە ئەزموونی سعودیەو ئیماراتو سەڵتەنەی عوممانو ئێران وەربگرێت لەبواری گاز وەبەرهێناندا، تا دەکرێت گازەکە لەناوخۆدا بەکاربهێنێتو ئەگەر زۆر ناچار نەبێت نەینێرێتە دەرەوە.

دەتوانرێت گازی عێراق لەناوخۆی عێراقدا بۆ ئەم بوارانە بەکاربهێنرێت:

١- وەکو سەرچاوەیەکی هەرزانو پاکو دۆستی ژینگە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەکاربهێنرێت، کە عێراق لەئێستاو لەداهاتووشدا، دەتوانێت متمانە بکاتەسەر گاز بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، هەرزانیی وزەی کارەبا بۆ کارگە پیشەسازییە بچووکو مامناوەندییەکان وا دەکات بەرهەمەکانیان هەرزان بێتو مونافەسەی بەرهەمە جیهانییەکان بکەن.

٢- دەتـــوانـــرێـــت گـــاز وەکـــو کەرەسەیەکی خاو بۆ پیشەسازییەکانی پەینو پەترۆکیمیاویی‌و داوودەرمـانو پۆڵاو... زۆر شتی دیکە بەکاربهێنرێت، کردنەوەو زۆرکردنی دامەزراندنی ئەو پیشەسازییانە، هەلی کار بۆ بێکاران دەڕەخسێننو عێراقیش ناچار نابێت بەرهەمی ئەو پیشەسازییانە لەدەرەوە بهێنێتو پارەی عێراق بچێتە دەرەوە، وێـڕای ئـەوەش ئـەو پیشەسازییانە، پسپۆڕی زۆریش پێدەگەیەنن.

٣- ئێستا لەعێراقدا، ئاو دەکرێتە ناو بیرەنەوتەکان، تا بەرهەمی ئەو بیرانە کـەم نەکات، کە ئێستا عێراق خۆی کێشەی بێئاویی هەیە، لەبەرئەوەی عێراق گازێکی زۆروزەوەنـدی هەیەو هەرزانیشە، دەتوانرێت لەجیاتی ئاو، گاز لە بیرەنەوتەکان بکرێت تا بەرهەمیان کەم نەکات.

لەداهاتوودا، پێداویستییە گازییەکانی عێراق زیـاد دەکـەنو زیاتریش دەبن لە ئێستا، بۆیە پێویستە ستراتیژییەتی بەکارهێنانی گاز لەعێراقدا، زۆر بە وردیی‌و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.



* ئەندامی پەرلەمانی عێراق

# پێویستیی بایەخدان بە کەرتی ئاژەڵداریی‌و پەلەوەر

هاشم غەمگین



ناوچەکانی هـەرێـمـی کوردستان بەگشتیی پانتاییەکی بەرینەو بەپیتو لەبارە بۆ کاری کشتوکاڵو پەرەپێدانی سامانی ئـاژەڵو دروستکردنی کێڵگەی پەلەوەر، دیـارە گرنگیی‌و بەیاخدان بە کەرتی ئاژەڵداریی‌و پەلەوەر، لە زۆر رووەوە سـوودو کەڵک بە حکومەتو هاوڵاتییان دەگەیەنێت.

یەکەم: لە رووی دروستکردنی کارگەو رەخساندنی هەلی کار بۆ بێکاران.

دووەم: بەرهەمهێنانی (ماستو شیری سـاردو کـەرەو پەنیری جـۆراو جۆری خۆماڵیی.

سێیەم: قـوتـاربـوون لـە بەرهەمی هاوردەی دەرەکیی‌و بەسەرچوو.

چـــوارەم: بەکارهێنانی بەرهەمی خۆماڵیی‌و دڵنیابوون لە سەلامەتیی‌و تەندروستیی‌و پاراستنی ئاسایشی خۆراک.

پێنجەم: بەهێزکردنی پێگەی ئابووریی هەرێم.

بەڵام ئەوەی مایەی گلەیی‌و سەرنجە ئەوەیە، لەم هەرێمەی لەمەڕ خۆمان گرنگیی بە کەرتی ئاژەڵداریی‌و پەلەوەر نـەدراوەو هەنووکە کوردستان بووەتە مەیدانی ساغکردنەوەی بەروبوومی دەرەکیی‌و پێگەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لاواز، ئەگەر تەماشای بازاڕەکانی لەمەڕ خۆمان بکەین، دەبینین زۆربەی بەروبوومە خواردەمەنییەکانی وەک (ماست، کەرە، پەنیر، هێلکە، شیری سـارد،... هەموو بەرهەمی هـاوردەی وڵاتانی دراوسـێو دەرەکین، لە وڵاتو کارگەی خۆمانو بەرهەمی دەستی خەڵکی خۆمان نییە، بۆیە دەبینرێت ئەو وڵاتانە ساڵانە داهاتێکی زۆر لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە کوردستاندا دەستەبەر دەکەن، لەگەڵ ئـەوەشـدا هاوڵاتییان وەکـو پێویست متمانەیان بـەو خـۆراکو بەروبوومە هـاوردانـە نییە، چونکە لـە ئەنجامی پشکنینی پزیشکیدا بینراوە زۆرجار ئەو جۆرە خۆراکانە بەسەرچوو دەرچوون، ئیدی هاوڵاتییان چۆن دڵنیابن لە کڕینو بەکارهێنانیاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی تێبینیم کردووە زەوییە کشتوکاڵییەکان بەشێوەیەکی نایاسایی مامەڵەو کڕینو فرۆشتنی پێوە دەکرێت، ناکرێن بە پرۆژەیەک بۆ بەخێوکردنی ئـاژەڵو کێڵگەی پەلەوەر کەڵک لە بەروبوومەکەی وەربگیرێت، دەکـرێـن بەجۆرە پـرۆژەیـەک جگە لە قازانجی تایبەتی، سـوودو قازانج بە گشتیی ناگەیەنێت، دیـاره هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێدەنگبوونی وەزارەتی کشتوکاڵو ئاودێریی‌و نەبوونی ئیجرائاتو یاسایەک بۆ لێپێچینەوەو سـزادانو رێگرتن لـەو حاڵەتە، بۆیە ئەگەر حکومەت بووژانەوەی ئابووریی‌و بەرهەمهێنانی بەروبوومی خۆماڵیی ناوخۆیی‌و بەرژەوەندیی گشتیی بەلاوە گرنگە، دەبێت بوار بە هیچ کەسێک نەدرێت ئەو دۆنمە زەوییانە بەو چەشنە کڕینو فرۆشتنی پێوە بکرێت، بەڵکو دەتوانرێت لە رێی تەرخانکردنی بودجەوە بکرێن بە کیڵگەی پەلەوەرو جێگەی بەخێوکردنی ئاژەڵ بەشێوەیەکی زانستیی، هەروەها دابینکردنی کەرەستەو پێداویستییەکانو کـردنـەوەی خولی راهێنانو رێنمایی بۆ کرێکارو کارمەندانی ئـەو بـوارەو دروستکردنی کارگەی جۆراوجۆر بۆ جیاکردنەوەو ئامادەکردنی بەرهەمەکانو خستنە نێو بازاڕەکانی خۆمان.

پەیمان عەبدولکەریم، ئەندامی لیژنەی پەروەردە: نازانین لەسەر چ پێوەرێک سەدان مامۆستا دامەزرێنراون 16

راقەی بودجە

# (٣٥) ترلیۆن بۆ چوار ساڵ



عەلی حەمەساڵح

نەبوونی ئامارو داتا، یان دروستتر وایە کە بڵێین، شاردنەوەی ئامارو داتاکان لەلایەن حکومەتەوە، بووەتە مایەی ئەوەی شارەزایانی بوارەکە نەتوانن ئەو هەڵەو کەموکورتییانەی لە بودجەو خەرجیو داهاتی کوردستاندا هەن، بیخەنەڕوو. هەوڵدەدەم لە چوارچێوەی ئەم گۆشەیەدا، بە درشتی کۆی ئەو پارانە بخەمە بەردەست کە دەکرا کوردستانیان پێ ئاوەدان بکرایەتەوە، بەڵام، یان نەتوانراوە بەشێوەیەکی گونجاو سوودیان لێوەربگیرێت، یان لە شتی لابەلادا خەرجکراون، یان خراونەتە خزمەتی حیزبەوەو بەشێکی کەمیشی بۆ ئەو پرۆژانە خەرجکراون کە هاوڵاتییانی کوردستان لێیان سوودمەند بوون.

ئەگەر ئەم چوار ساڵەی کۆتایی وەربگرین، واتە لە (٢٠٠٧-٢٠١٠)، جگە لە داهاتی نەوت (شیرینیی وەرگرتن لە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتو فرۆشتنی پێکهاتەکانی نەوت)، بودجەی کوردستان (٣٥)ترلیۆنو (٨٠٩)ملیار دینار بووە «١»، واتە (٢٩) ملیارو (٨٤٠)ملیۆن دۆلار، کە (٢)ملیۆنو (٩٨٤)هەزار دەفتەر دەکات، واتە ئەم ژمارەیە پارەی چوار ساڵی خەڵکی کوردستان بووە کە لە حکومەتی ناوەندیەوە دراوەتە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان.

داهات، ئەو پارەیەیە کە حکومەت دەتوانێت لەماوەی ساڵێکدا وەدەستی بخاتو بەهۆیەوە بودجە دابڕێژێتو لە ڕێگای ئەو بودجەیەوە داهات بخاتەوە خزمەتی هاوڵاتییانەوە.

بودجە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش: بودجەی بەکاربردنو بودجەی وەبەرهێنانن، بودجەی بەکاربردن، لە چەند بەشێکی سەرەکی پێکدێت، کە مووچەی فەرمانبەرانو خانەنشینو شمەکو خزمەتگوزارییو چاککردنەوەو باربوو، بەخشین، سوودی کۆمەڵایەتی(المنافع الاجتماعیە)و مەوجوداتی نادارایيو خەرجیی دیکە دەگرێتەوە، لە بودجەی بەکاربردندا هیچ پرۆژەیەک ئەنجام نادرێت، وەک دروستکردنی نەخۆشخانەو قوتابخانەو بیناو باڵەخانەکانی تایبەت بە وەزارەتەکانو ئەم پارەیە بۆ باشترکردنی ئەدائی حکومەتە. بودجەی وەبەرهێنانیش، تایبەتە بە باشترکردنی ژێرخانی ئابووریيو بنیاتنان، لەم بودجەیەدا پرۆژەکانی، وەکو؛ قوتابخانە، نەخۆشخانە، ڕێگاوبان، گەشتوگوزار، بیناو باڵەخانەی پێویست بۆ وەزارەتەکان دروست دەکرێت، کە بەهۆیەوە هەموو خەڵک لێی سوودمەند دەبێت.

حکومەتێک، ئەگەر لە خەمی بنیاتنانو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا بێت، هەمیشە هەوڵی کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربردن دەدات، کە بەشێکی زۆری ئەو خەرجییانەی لەم بودجەیەدا هەن، خەرجی ناپێویستن، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا (لە ئایندەدا ئەمە دەسەلمێنین)و بۆ بنیاتنانی وڵاتیش پێویستە بودجەی وەبەرهێنان زیادبکرێت، تا لە ڕێگایەوە زۆرترین پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ خەڵک بکرێت.

بەپێچەوانەی پلانە ئابوورییەکانەوە لە هەرێمی کوردستاندا، هەمیشە بودجەی بەکاربردن زۆر زیاتر بووە لە بودجەی وەبەرهێنان، بۆ نموونە لە چوار ساڵی ئایندەدا (٢٤)ترلیۆنو(٦٣٤)ملیار دینار کە (٢٠)ملیارو (٥٢٨)ملیۆن دۆلار دەکات لە بودجەی بەکاربردندا خەرجکراوە، واتە بە (٢)ملیۆنو (٥٢)هەزارو (٨٣٣) دۆلار هیچ پرۆژەیەک ئەنجام نەدراوە.

ئەو پارەیەش کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراوە لەو چوار ساڵەدا، (٩)ترلیۆنو (١٧٥) ملیار دیناربووە، کە (٩)ملیارو (٣١٢)ملیۆن دۆلار دەکات، بەڵام نەتوانراوە تەواوی ئەم پارانەش لەو پرۆژانەدا خەرجبکرێن کە خزمەت بەکۆی گشتیی خەڵک دەکەن، ئەویش لەبەر دوو هۆکار، بەشێکی بۆ پرۆژەکانی حیزب بووەو بەشێکیشی هەر لە بنەڕەتدا بۆ هیچ پرۆژەیەک خەرج نەکراوە.

ئەو (٣٥)ترلیۆن دینارە لە کۆکردنەوەی بودجەی ئەو چوار ساڵەوە وەرگیراوە کە بەم شێوەیەیە.

ساڵی(٢٠٠٧)، بودجەی کوردستان (٧)ترلیۆنو (٨٧٤)ملیار دینار بووە.

ساڵی (٢٠٠٨)، بودجەی کوردستان (٧)ترلیۆنو (٦٢٨)ملیار دیناربووە.

ساڵی (٢٠٠٩)، بودجەی کوردستان (٨)ترلیۆنو (٨٧٥)ملیار دینار بووە.

ساڵی(٢٠١٠)، بودجەی کوردستان (١١)ترلیۆنو (٤٣٢)ملیار دیناربووە.

# کێڵگەکانی ماسی لە پێنجوێن، لەناودەچن

راپۆرتی: خالید مەحمود

خاوەنی کێڵگە ماسییەکانی قەزای پێنجوێن، ئۆباڵی لەناوچوونی ماسیو گرانیی بەخێوکردنی ماسییەکانیان، دەخەنە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەوەی حکومەت هاوکارییان ناکات لە پرۆژەکانیاندا.

ئەحمەد عەتا، (٤٧)ساڵ، کە یەکێکە لەو ماسیفرۆشانەی خاوەنی (١٣) حەوزی ماسی بووە، بەڵام بەهۆی گرانیی مەسرەفی بەخێوکردنی ماسیو هاوکاریی نەکردنی حکومەتەوە، ئێستا تەنیا یەک حەوزی ماسی ماوە، وتی: «ئەو (١٣)حەوزە، هەریەکەیان چوار ملیۆن دیناری تێچووە، (١٠)هەزار ماسیمان هەبوو، تا گەورە دەبوون، ڕۆژانە (٢٠٠-٣٠٠)کیلۆ گەنمیان دەویست، گازو بەنزینێکی زۆریان دەویست، حکومەتیش هیچ ئاوڕی لێنەدایینەوە، بۆیە ئێستا تەنیا یەک حەوزمان ماوە».

حکومەتی هەرێمی کوردستان، هانی جوتیاران دەدات کە لەسەرجەم بوارە کشتوکاڵییەکاندا بەشداریی بکەن، لەبەرامبەردا حکومەت بەشێک لەپێویستییەکانیان بۆ دابیندەکات، بۆ نموونە، لە حکومەت پێویستە گەرای ماسیو عەلەفو سووتەمەنی بۆ ئەو جوتیارانە دابینبکات کە کێڵگەی ماسییان هەیە.

محەمەد عەزیز، (٥٨)ساڵ، یەکێکی دیکەیە لەو خاوەن کێڵگە ماسییانەو وتی: «هەموو هاوکاریی حکومەت بۆ ئێمە لەساڵێکدا، بایی (٤٠)هەزار دینار نابێت، چونکە گەرامان بەپارە دەداتێ، نەک بەخۆڕاییو ئێمەش گەرای ماسی لەئێران دەکڕین، کەمتر گەرای ماسی لە سلێمانییەوە دەهێنین، چونکە گرانە لەچاو نرخی ماسی ئێرانو نەوعییەتیشی وەک هی ئێران باش نییە».



حکومەتی هەرێم هاوکاری خاوەن کێڵگە ماسیەکان ناکات

لە هەرێمی کوردستان، بەرهەمی ماسی لەئاستێکی کەمدایە، بەڵام بەکارهێنانیشی لەلایەن هاوڵاتییانەوە هەر لە ئاستێکی کەمدایەو جۆرەکانی ماسیش لە کوردستان پێکهاتوون لە: بزە، سوورە، لووتە، قاشنە، پانکە، سولقەر، چارگە، جری بێئیسقان، کارب.

سەلاح مەجید سوڵتان، بەڕێوەبەری سامانی ماسی لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی، لەبارەی گلەییەکانی جوتیارانەوە، وتی: «پەنجە ماسیمان داوە بەوکەسانەی کە ماسی بەخێودەکەن، دانەی بە(١٠٠)دینار کە نرخی دیاریکراوە، جگەلەوەش داوامان لێکردوون، کە دەستەیەک لەخۆیان پێکبهێنن تا عەلەف بۆخۆیان بەرهەمبهێنن وەک سەندیکاو کۆمەڵەیەک، چونکە بەتەنیا نایدەین بە کەس، بەڵام ئامادەنەبوون هەستن بەوکارە».

سەبارەت بە هاوکاریی نەکردنی حکومەت بۆ خاوەن کێڵگەکان، سەلاح مەجید، نکوڵی نەکردو وتی: «ساڵانی ڕابردوو هاوکاریی دەکران بەپێدانی گازو موزەخە، بەڵام ئێستا ناتوانرێتو ئەو هاوکارییانە نەماون، بەڵام دەتوانن داوای قەرز بکەن، بە مەرجێک ئەو زەوییەی ماسی تیا بەخێودەکەن، پێنج دۆنم بێتو دوو دۆنمی بکاتە حەوزو بۆ ئەو مەبەستەش بەقەرز، (٨)دەفتەر دۆلاری دەدرێتێ».

# تراکتۆری عێراقیی گەڕایەوە باوەشی کێڵگە کشتوکاڵییەکان

رۆژنامە

بەرپرسانی پیشەسازیی عێراق هەفتەی ڕابردوو ئاشکرایان کرد (٧٥٪)ی کاری نۆژەنکردنەوەی (٥) کارگە، کە تراکتۆرو پەمپی ئاوو خانووی شووشە بەرهەمدەهێنن، تەواوبووە.

کارگەکان کە لەلایەن کۆمپانیای حکومیی پیشەسازییە میکانیکییەکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازییو کانزاکانەوە بەڕێوەدەبرێت، تاکە لایەنی عێراقی بوون کە مادەی خاوو پارچەی یەدەگی ئامێری کشتوکاڵیی هاوردە دەکردو دەبەست، پێش تاڵانییەکەی (٢٠٠٣)، کە بەناچاریی ڕایگرتن لە بەرهەمهێنان.

عەبدولکازم عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە، بۆ سایتی مەوتینی ڕایگەیاند: «ئامانجی پرۆژەکە گەڕاندنەوەی کۆمپانیاکەیە بۆ ئەو پێگە گرنگەی هەیبوو پێش ئەوەی وێرانبکرێت، هیواداریين شەراکەت بکەین لەگەڵ ئەو کۆمپانیا جیهانییانەی تایبەتمەندن لە بەرهەمهێنانی ئامێری کشتوکاڵیدا، تا پێویستییەکانی وڵات دابینبکەین».

لەئێستادا کۆمپانیاکە ڕۆژانە (١٥) تراکتۆر دەبەستێت، لەکاتێکدا ڕۆژانە داوای (٧٠٠) تراکتۆری لێدەکرێت، بۆیە کۆمپانیاکە پلان دادەنێت بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ کۆمپانیای نیو هۆڵاندی هۆڵەندی بۆ دابینکردنی تراکتۆری دیکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمییەی لە دابینکارییدا هەیە بۆ جوتیاران.

کۆمپانیاکە لەساڵی (١٩٦٨)دا دامەزراو لەساڵی (١٩٧٠)دا دەستی بە بەرهەمهێنانی کەرەستەی کشتوکاڵیی کرد، کۆمپانیاکە کارگەیەکی بەستنی تراکتۆری لەساڵی (١٩٨٥)دا دامەزراند، لەساڵی (١٩٨٩)دا دەستیکرد بە دروستکردنی پەمپی ئاودێرییو هێڵێکی بۆ ئاوپرژێنی ئاودێریی لە ساڵی (٢٠٠١)دا کردەوە.

سوارە محەمەد، جێگری سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان/ لقی سلێمانی، باسی ڕۆڵی عێراق دەکات لە بواری پیشەسازیداو بۆ ڕۆژنامە وتی: کارگەی بەرهەمهێنانی تراکتۆرو هاوبەشەکانی، کە پێشتر لە ئەسکەندەرییە بوو، یەکێک بوو لە کارگە پێشکەوتووەکان لەسەر ئاستی عێراقو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

سوارە محەمەد، کە تا پێش ڕووخانی بەعس لە ناوەڕاستو خوارووی عێراق لە کەرتی پیشەسازیدا کاری دەکرد، ئاماژە بەوەدەکات: لەساڵی (١٩٨٥)دا بەهۆی شەڕی عێراقو ئێرانەوە هاوردەکردن بۆ عێراق ڕاگیرا، بەڵام عێراق بەهۆی پێشکەوتوویی کەرتی پیشەسازییەوە ڕۆڵی خۆی بینیو نەیهێشت کەموکورتی بەخۆیەوە ببینێت.

بە بڕوای جێگری سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکاران، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوکاریی پیشەسازکاران بدات، هەرێمیش دەتوانێت شانبەشانی ناوەڕاستو باشووری عێراق کەرتی پیشەسازیی بخەنەوە ئاستی جارانو باشتریش.

پێشبینی دەکرێت داهاتی ئەم کارگانە کە نۆژەنکردنەوەیان بە کۆتایی گەیشتووە، لە (٢٠) ملیار دیناری عێراقی زیاتر بێت لە ساڵێکدا، ئەمە بڕێکی گەورەیەو سوودەکانی لە بواری ئابووریی عێراقدا بەگشتیی ڕەنگدەداتەوە.



# مامۆستایان رووبەڕووی سووکایەتیی‌و پەلاماردان دەبنەوە

**راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

**لەگەڵ دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندندا، لە چەند ناوچەیەک مامۆستایان رووبەڕووی سوکایەتیکردن دەبنەوە لەلایەن خوێندکارانەوە، ئەوەش نیگەرانی لێکەوتووەتەوەو داوای رێوشوێنی بەپەلە دەکەن.**

رۆژی (٩/١٨) لە خوێندنگەی دواناوەندیی (ژیلوان) لە بەردەقارەمان چەند خوێندکارێک بە چەقۆ هێرشیان کردە سەر مامۆستا (هێمن تۆفیق)و برینداریان کرد، هەر ئەو خوێندکارانە رۆژێـک دوای ئەو رووداوە بە تەلەفۆن هـەڕەشـەی کوشتنیان لە مامۆستایەکی ترو یاریدەدەری بەڕێوەبەری خوێندنگەکە کردووە، جگە لەوەش چەند خوێندکارێکی تر بە ئۆتۆمبێل دوای مامۆستایەکی هەمان خوێندنگە کـەوتـوون‌و هەڕەشەیان لێ کردووە.

وەکو هەڵوێست وەرگرتنێک زیاتر لە هەفتەیەکە خوێندنگەکە کە نزیکەی (٣٥٠) خوێندکاری هەیە، داخـراوەو مامۆستاکان مانیان گرتووە.

رۆژی هەینی رابـردووش قوتابخانەی (سپی حـەسـار) لـە قـەزای چەمچەماڵ سووتێنراو رۆژێـک دوای ئەو رووداوە مامۆستایەک لە هەمان قەزا بریندارکراو بە تەلەفۆن هەڕەشە لە مامۆستایەکی تر کراوە، جگە لەوە لە ناحیەی سیدەکان هەڕەشە لە مامۆستایەک کـراوە. لە کۆیەش زیاتر لە سێ مامۆستا رووبەرووی هەڕەشەو لێدان بوونەتەوەو لە هەریر دوو مامۆستاو لە بازیان دوو مامۆستا، هەروەها لە رۆژی (٩/٢٣) ژمارەیەک مامۆستا رووبـەرووی پـەلامـاردان‌و جنێودان بوونەوە لە لایەن پۆلیسی بانقی رەشیدەوە.

هێمن تۆفیق، مامۆستای وانەی ئینگلیزی لە دواناوەندیی (ژیلوان) بە رۆژنامەی راگەیاند: یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو حاڵەتانە بۆ کەمتەرخەمی حکومەت دەگەڕێتەوە بەرامبەر بە مافی مامۆستایان، جگە لەوە وەزارەتی پەروەردە کۆمەڵێک بڕیاری دەرکردووە کە هەموو مافێکی بە خوێندکار داوەو تەنانەت ئێستا مامۆستا بۆی نییە لێپرسینەوە لەگەڵ خوێندکار بکات، کاتێکیش کە کێشە لە نێوان مامۆستاو خوێندکاردا روودەدات، وەزارەت‌و حکومەت پشتگیری خوێندکارەکە دەکات، ئەمانە دەبنە هۆکار بۆئەوەی کە خوێندکار دژایەتی مامۆستا بکات‌و تـەنـانـەت پـەلامـاری مامۆستا بدات، لە بەرامبەریشدا ئیجرائاتیان بەرامبەر ناکرێت.

سەبارەت بە کێشەکەی خۆی، وتی: «ئەو خوێندکارانەی کە دەرنەچوون، مستەهەقی دەرچـوون نەبوون‌و منیش هەقی خۆیانم پێداون».

مامۆستایانی سـەردەم لـە رێگەی بەیاننامەیەکەوە ئیدانەی دەستدرێژیکردنە سەر مامۆستایان دەکات‌و داوای ئیجرائاتی یاسایی دەکات، هەروەک تێیدا هاتووە «بە داخـەوە لە وڵاتـی ئێمە مامۆستایان بـوونـەتـە تـوێـژێـک کە هـەمـیـشـە رووبــەرووی توندوتیژیی دەبـنـەوەو سوکایەتییان پـێ دەکـرێـت‌و تـا ئێستا حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان یاسایەکیان دانەڕشتووە کە کەسایەتی مامۆستا پارێزراو بێت، بەڵکو لە زۆر کاتدا بوونەتە هۆکار بۆ ئـەوەی مامۆستایان رووبـەڕووی کاری ناشرین ببنەوە».

بەیاننامەکە کە (٩/٢٣) بڵاوکراوەتەوەو وێنەیەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، ئەوە دەخاتەڕوو «ئەم رووداوانـە ئاماژەیەکی ترسناکن‌و ئێمە لە مامۆستایانی سەردەم پێمانوایە کە ئەمە هەنگاو دەنێت بۆ کاری مەترسیدارتر، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە گرنگی زیاتر بەم بابەتە بدات‌و لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنن‌و بەدواچوونی بۆ بکەن».

م. عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی پـەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کـوردسـتـان بـە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: سوکایەتیکردن‌و هێرشکردنە سەر مامۆستا، کارێکی زۆر ناشرینەو بێ رێزییەو ئەو جۆرە کارانە قابیلی قبووڵکردن نیین، ئەگەر حکومەت لێپرسینەوە لەو حاڵەتانە نەکات، ژیانی مامۆستایان دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردەو حکومەت سـزای ئـەو کەسانە بـدەن کە پەلاماری مامۆستا دەدەن.

بەرپرسانی وەزارەتـی پـەروەردەش سوکایەتیی‌و دەسـتـدرێـژیـی بـۆ سـەر مامۆستایان بە کارێکی ناشارستانی وەسفدەکەن‌و بەڵێندەدەن، کە رێوشوێنی یاسایی دەگرنەبەر.

کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: جنێودان‌و سوکایەتیکردن‌و هەڕەشەو پەلاماردانی مامۆستا، کـارێـکـی ناشرینەو دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئێمە وەکو پەروەردە ئیجرائاتی یاسایی دەکەین‌و دوای ئاگادارکردنەوەمان لە کێشەکە، وەفدێکمان رەوانەی ناوچەکە کردووە.

هــەروەک، ئیسماعیل بـەرزنـجـی، بـەڕێـوەبـەری راگـەیـانـدن لە وەزارەتـی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی ئاشکراکرد، کە وەزارەتی پەروەردە پشتگیریی لە مامۆستا دەکات‌و لە بەرامبەر ئەو رووداوانە وەزارەت رێوشوێنی ئیداریی دەگرێتەبەر.



لە دژی پەلاماردانی مامۆستایان (١٠) رۆژە خوێندنگای ژیلوان داخراوە

# خوێندکارە کەمدەرامەتەکان ناتوانن سیستمی یەکپۆشیی جێبەجێ بکەن

**ئا: رۆژنامە**

بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە، ئەمساڵ سیستمی یەکپۆشیی خوێندکاران جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لە پەروەردەکاندا جیاوازیی هەیە، کەسوکاری خوێندکارانیش رەخنە لە شێوازو نرخی جلوبەرگەکان دەگرن.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری یەکپۆشیی خوێندکارانی ئاراستەی سەرجەم بەڕێوەبەرێتییەکان کردووەو ئاگاداریشی کردوونەتەوە، نابێت کە هیچ پـەروەردەیـەک گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی جلوبەرگدا ببەستێت، یاخود زۆر لە خوێندکاران بکرێت جلوبەرگی گرانبەها بکڕن.

سەفین دزەیـی، وەزیـری پـەروەردەی هەرێمی کوردستان، ئـەوەی خستەڕوو، پەیڕەوکردنی یەکپۆشیی هەنگاوێکی باشە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی باری ئابووریی ناوچەکان، پەروەردەکان سەرپشک کراون لە شێوازو رەنگی جلوبەرگی خوێندکاران‌و ئەوان سەرپەرشتی دەکەن.

بەبڕوای کەسوکاری خوێندکارانیش جلوبەرگ‌و سیستمی یەکپۆشیی گرنگە، چونکە منداڵی دەوڵەمەندو هەژار وەک یەک جل دەپۆشن‌و دەوڵەمەند هەژار ناچەوسێنێتەوە.

لە سنووری پارێزگای سلێمانی کۆمپانیای (رۆکێت)ی چینی تاکە کۆمپانیای رێپێدراوە جلوبەرگی یەکپۆشیی خوێندکاران دابین دەکـات، هەرچەندە رەخنەی ئـەوەی لێ دەگیرێت، کە نرخی جلوبەرگەکانی گرانەو جۆرەکەشی خراپە.

کـەریـم عـەلـی، بـاوکـی خوێندکار بە رۆژنامەی راگەیاند: جۆری قوماشەکەی زۆر خراپەو نرخەکەی گرانەو ئەو نرخانە کە کۆمپانیا لەسەر ئەو جلوبەرگانەی داناوە، دووقاتن لەچاو بازاڕ، لەوانەیە من بتوانم بەهەر حاڵێک بێت جل بۆ منداڵەکانم بکڕم، بەڵام ئەو خێزانانەی کە هەژارن چۆن بتوانن بیکڕن.

مـەریـەم عـەبـدوڵـڵا، کـە دایـکـی چـوار خوێندکارە باسی لەوە کرد، شەش منداڵی هەیە بە نەبوونیی بەخێویان دەکـات‌و زۆرجاریش خەڵک خێریان پێدەکات، وتیشی: «لەکوێ دەتوانم بە نرخی گران جل بکڕم بۆ چوار منداڵی خوێندکارم، لەکاتێکدا ئەوەندە گران بێت، ئەگەر بە ویستی خۆمان بێت ئەوا بە هەرزانتر دەیکڕین لە بازاڕ».

هەر لەوبارەیەوە بازرگانێک کە نەیویست ناوی بنووسرێت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «جـۆری ئـەو قوماشەی بـۆ جلوبەرگی خوێندکاران بەکاردەهێنرێت، خراپەو بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئێمە دروستی بکەین نرخەکەی ناگاتە (١٥) هەزار دینارو لەنێوان (١٠-١٢) هەزار دینار تەواوی دەکەین، دەبوایە بەو نرخە قوماشێکی زۆرئەسڵ‌و جوانیان دیاری بکردایە».

لە بەرامبەردا وەزیری پەروەردەی هەرێم ئاشکرایکرد، کە کڕینی جلوبەرگی یەکپۆش بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان، کارێکی قورسە، وتیشی: «هیواداریـن حکومەتی هەرێم لە داهاتوودا هاوکاریی ئەو خێزانانە بکات، کە کەمدەرامەتن».

سەبارەت بەو رەخنانەی کە لە پەروەردەی سلێمانی دەگیرێت لە جێبەجێکردنی سیستمی یەکپۆشیی خوێندکاران، حسێن شێخ مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی پـەروەردەی سلێمانی ئـەوەی رەتکردەوە، کە ئـەوان لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکدا گرێبەستیان هەبێت، وتی: «لە شـاری سلێمانی کۆمپانیایەکی چینی جلوبەرگی خوێندکاران دابین دەکات‌و ئێمە هیچ رێکەوتنێکمان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەو کۆمپانیای تردا نییە، تەنیا مۆڵەتمان پێداوە».

ئـامـاژەی بــەوەش کــرد، جلوبەرگی خوێندکاران گران نییەو باشەو خوێندکارانیش ئـازادن لـە کڕینی، جگە لــەوە لـە هەر خوێندنگەیەکدا (٢٠) قات بەبێ پارە دەدرێتە خوێندکارە کەمدەرامەتەکان.



# مەرجی تەمەن بۆ خوێندنی باڵا، نارەزایی مامۆستایانی زانکۆی لێدەکەوێتەوە

**کۆسار جەلال- هەولێر**

ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ، مـەرجـی تـەمـەن بـۆ خوێندنی باڵا رەتدەکەنەوەو بەرپرسێکی وەزارەتیش دەڵێت: بڕیارەکە بۆ ئەوەیە دەرفەتی زیاتر بدرێتە گەنجان بۆ چوونە دەرەوە بە مەبەستی خوێندنی باڵا.

وەزارەتـــی خـوێـنـدنـی بـاڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم، بە بڕیارێک مەرجی تەمەنی دانا بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا وەربگرن، بەجۆرێک بۆ خوێندنی ماستەر، نابێت تەمەنی لە (٤٠) ساڵ زیاتر بێت‌و بۆ خوێندنی دکتۆراش نابێت تەمەنی لە (٤٥) ساڵ زیاتر بێت.

د.سلێمان جەعفەر، مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین بە رۆژنامەی راگەیاند: راستە حکومەت پارەیەکی زۆر خەرج دەکات بۆ ئەو کەسانەی ماستەرو دکتۆرا دەخوێنن، بەڵام لەدواییدا ئەو کەسانە خزمەتێکی زۆر دەکەن، بەتایبەتی دوای درێژکردنەوەی ماوەی خانەنشینی مامۆستایانی زانکۆ بۆ (٧٢) ساڵ‌و وتی: «ئەگەر کەسێک بە (٦٠) ساڵییش دکتۆرا وەرگرێت، ئەوا بە لایەنی کەمەوە (١٠) ساڵ خزمەت دەکـات، بۆیە دەبـێـت ئـەو مەرجی تەمەنەی کە دانراوە، یان نەهێڵرێت، یان هیچ نەبێت زیاد بکرێت».

بە وتەی ئەو مامۆستایە: «بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر لە خوێندن دابـڕاون بەهۆی بارودۆخی نالەباری رابردووەوە، ئێستا ئەوانیش مافی خۆیانە بگەڕێنەوەو خوێندنی باڵا بخوێنن».

ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانیش لەگەڵ ئـەوەی دانانی رێوشوێن‌و مەرج بە پێویست دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدانین تەمەن بکرێتە بەربەست لەبەردەم خوێندنی باڵادا.

پەیمان عەبدولکەریم، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەو مەرجە بە باش دەزانێت‌و دەڵێت: «مەرجەکە باشە بۆئەوەی ئەو کەسانەی خوێندنی باڵا دەخوێنن ماوەیەکی زۆر کار بەو بڕوانامەیە بکەن‌و خزمەتێکی باش بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا من (١٠٠٪) لەگەڵ ئەو یاسایەدانیم‌و هەقە جۆرە سەربەستییەک هەبێت لەو بوارەدا».

بـەرپـرسـێـک لـە وەزارەتـــی خوێندنی باڵاش، کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە دەمانەوێت زیاتر بوار بدەین بە گەنج بۆ خوێندن‌و چوونە دەرەوە بە مەبەستی خوێندن‌و فێربوونی زمـان‌و ئاشنابوون بە کەلتووری بێگانە، هــەروەک تەنیا مەرجی تەمەنمان دانەناوە، بەڵکو مەرجی زانستییش دانـراوەو بەرنامەکەش هەر ناوی تواناسازیی مرۆییە، واتە بەپێی توانای کەسەکانە لە هەموو روویەکەوە».

لـە بــەرامــبــەردا، د.ســەروەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی پەرلەمانی کـوردسـتـان، مـەرجـی تـەمـەن لە خوێندنی باڵا، بە شتێکی بێ مانا دادەنێت‌و بە پێویستیشی دەزانێت ئـەو مەرجە لاببرێت، چونکە بە وتەی ئەو: «هەموو کەسێک ئازادە لـەوەی خوێندنی باڵا بخوێنێت لە هەر تەمەنێکدا بێت، پێویستە مەرجی زانستی زیاتر دابنرێت، نەک تەمەن».

**ونبوون**

فۆرمێکی بایەعی بەناوی (خەیاڵ جەزا محەمەد) ونبووە، هەرکەس دۆزیویەتیەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠٢١٤٩٨٨٣).

کێشەی زیادکردنی نرخی عیادەکان گەورەتر دەبێت 18

«بە بڕیاری وەزیری ناوخۆ کۆنگرە دواخرا»

# ململانێی یەکێتی‌و پارتی
# کۆنگرەی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگەکان دوادەخات



راپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا

**کۆنگرەی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگەکان دواخراو ئەندامێکی دەستەی ئامادەکاری لقی هەولێری سەندیکاکەش ململانێی نێوان یەکێتی‌و پارتی بە هۆکاری دواخستنی پرۆسەکە دادەنێت.**

د.سلێمان جەعفەر، ئەندامی دەستەی ئامادەکاری لقی هەولێرو نوێنەری گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ململانێی یەکێتی‌و پارتی سەندیکای مامۆستایانی ئیفلیج کرد، پارتی‌و یەکێتی لەسەر کۆنگرە ڕای جیاوازیان هەیەو پارتی دەیەوێت کۆنگرە ببەسترێت، بەڵام یەکێتی نایەوێت کۆنگرە ببەسترێت، بەو هۆیەوە بە بڕیاری وەزیری ناوخۆ کۆنگرە دواخرا.

سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان لە مانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٩) مۆڵەتی دامەزراندنی وەرگـــرت، دەســتــەی دامــەزرێـنــەری سەندیکاکە لە (١٦١) کەس پێکهاتووە، لە ئێستاشدا نزیکەی (٣٠٠٠) ئەندامی هەیە، تائێستا هیچ کۆنگرەیەکی نەبەستووە، بـڕیـاربـوو لـە ڕۆژانــی (٢٦ـ٩/٢٧) هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە ئەنجام بدرایەو (٢٩ـ٩/٣٠) کۆنگرەی دامەزراندن ببەسترێت، بەڵام بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامە هۆکاری دواخستنی پرۆسەکە بۆ بوونی ململانێی توندی نێوان یەکێتی‌و پارتی دەگەڕێتەوە، بەوپێیەی یەکێتی پێیوایە؛ پارتی لە هەولێرو دهۆک کۆنترۆڵی سەندیکای کردووەو سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێت‌و خۆشی شکستی گەورە بەدەست دەهێنێت، بۆیە یەکێتی بایکۆتی کردووە.

د.سلێمان وتیشی: «لە هەولێر پارتی‌و لە سلێمانی یەکێتی دەستیان بەسەر سەندیکادا گرتووەو جگە لە خۆیان کەسی تر قبووڵ ناکەن‌و لە هەڵبژاردنیشدا لە سلێمانی یەکێتی قۆرخی کردووەو یەک نوێنەری ئێمەی دانەناوە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکاکە ئەگەر ژمارەی ئەندامانی سەندیکا لە (٥٠٠) کـەس کەمتربوو، ڕاستەوخۆ هەموویان دەبنە ئەندامی کۆنگرە، بەڵام ئەگەر لە (٥٠٠) ئەندام زیاتربوون، بە نوێنەرایەتی دەچنە کۆنگرە، بەهۆی ململانێی یەکێتی‌و پارتییەوە نەتوانرا ڕێژەی نوێنەرایەتی دابنرێت، دواتر پارتی یەکلایەنە میکانیزمی دانانی نوێنەرانی کۆنگرەی دانابوو، بەوهۆیەشەوە یەکێتی بایکۆتی کردو سەرەڕای هەڵویستەکەی یەکێتی، لایـەنـە ئۆپۆزسیۆنەکان ناڕەزاییان لە میکانیزمی پرۆسەکە دەربڕیوەو گۆڕانیش بایکۆتی کردووە.

هــەروەک ئـەو نـوێـنـەرەی گـۆڕان ئاشکرای کرد: «ئێمە وەکو مامۆستایانی ئۆپۆزسیۆن دژی هەڵسوکەوتەکانی یەکێتی‌و پارتین‌و ناڕەزاییی خۆمان دەربـڕیـوە، چونکە ئـەوەی ئـەوان دەیکەن لەپێناو مامۆستایاندا نییە، بەڵکو تەنیا بۆ خۆسەپاندنە، بەتایبەتی ئێمە لە مامۆستایانی گـۆڕان دوای گفتوگۆکردنمان، وەکـو ناڕەزاییەک هەڵبژاردنەکەمان بایکۆت کرد».

بەپێی زانیارییەکان لە ئێستادا یەکێتی‌و پارتی لە گفتوگۆدان بۆئەوەی یەکبگرن‌و کۆنگرە لە بەرژەوەندیی خۆیان کۆتایی پێ بهێنن، ئەوەش ترسی لای ئۆپۆزسیۆن دروستکردووە.


هـەروەک سلێمان جەعفەر، دەڵێت: «لە ئێستاشدا ترسی ئەوە هەیە ئەگەر یەکێتی‌و پارتی یەکبگرن، دەبنە زۆرینەو هەموو بڕیارەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان دەدەن‌و مامۆستایان زیان دەکەن، بەڵام ئێمە بێدەنگ نابین‌و هەڵوێستمان دەبێت».


**لە هەولێر پارتی‌و لە سلێمانی یەکێتی دەستیان بەسەر سەندیکادا گرتووەو جگە لە خۆیان کەسی تر قبووڵ ناکەن**

---

پەیمان عەبدولکەریم، ئەندامی لیژنەی پەروەردە:

# نازانین لەسەر چ پێوەرێک سەدان مامۆستا دامەزرێنراون





پەیمان عەبدولکەریم

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**پەیمان عەبدولکەریم، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات: زەمینەسازیی‌و کەشی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی سیستمی نوێی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، نەڕەخسێنراوە.**

**ئاماژە بەوەش دەکات: تائێستا بەرژەوەندیی‌و تەزکییەی حیزبیی ڕۆڵی خۆی هەیەو لەمپەرە لەبەردەم پێشکەوتنی سیستمی پەروەردە.**

**ڕۆژنامە: سەرەڕای گۆڕینی سیستمی پــەروەردە، بەڵام هێشتا پــەروەردە لە هەرێمی کوردستان پێشنەکەوتووە، بە بۆچوونی تۆ ئەم پێشنەکەوتنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

*گۆڕانکاریی لەهەر قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکە، پێویستی بە ڕێگاخۆشکردن‌و پرس‌و ڕاوەرگرتن هەیە، پرس‌و ڕا لەو کەسانەی کە بەڕاستی خزمەتی ئەو بوارەیان کردووەو چەندین ساڵە بەدەست کێشەکانیەوە ئازار دەکێشن‌و هەوڵی گۆڕانکاریی‌و جوڵاندنی چەقە بەستووەکەی دەدەن، نەک پرس‌و ڕای ئەو کەسانەی کە خۆیان لە خۆیان لەمپەرو کۆسپی گـەورەن لەم بـوارەدا، چونکە بەڕاستی ئەگەر نان‌و ئاو پێویستی خۆراکی لەشی مرۆڤ بن بۆ گەشەکردن، ئەوا پــەروەردەی تەندروست‌و ڕاست‌و زانستی نوێ زۆر گرنگە بۆ گەشەسەندنی تواناکانی مرۆڤ.

ڕاستە کە سیستمەکە گۆڕدرا، کەچی پرۆسەی پەروەردە گلەیی زۆری کەوتە سـەر، ئـەوە هۆی ئەوەیە کەسانی زۆر لێهاتوو و شارەزا هەبوون بەشدارییان نەکرد لە دانانی ئەم سیستمە نوێیەدا، لەلایەکی تر ئەم سیستمە نوێیە بە دەوری تەجریبی (تاقیکردنەوە)دا تێنەپەڕی، بەڵکو ڕاستەوخۆ بارێکی قورسی خستە سەر شان، سیستمە کۆنەکە لادراو ئەمە بە یەکجاریی گشتێنرا.

دەبـــوو ئـــەم سیستمە لـەچـەنـد قوتابخانەیەکی هەرێم جێبەجێ بکرایە، بۆ زانینی ئەنجامەکانی، ئینجا بگشتێنرایە بۆ گشت قوتابخانەکان، لەلایەکی تر ئـەم سیستمە خـۆی لەخۆیدا نوێیەو ئامانجی نوێ‌و باشی تێدایە، پێویستی بە کەشوهەوای گونجاوی تایبەت هەیە، وەکو سیستمی گرووپ، ڕاهێنانی مامۆستایان، هۆشیارکردنەوەی کەسوکاری قوتابییان‌و ڕیکلامی بەهێز لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەڵام بەداخەوە تەنیا سیستمەکە گۆڕاو کتێبی نوێی بۆ چاپ کرا.

**ڕۆژنامە: دەوترێت یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی پەروەردە، ئەوەیە کە تائێستا حیزب‌و بەرژەوەندیی حیزبیی بڕیاربەدەستی پەروەردەیەو مۆرکی حیزب بەسەر هەردوو وەزارەتەوە دیارە، تاچەند ئەم بۆچوونە مەنتقییە؟**

* بـەڵـێ ڕاسـتـە، هێشتا پــەروەردە نەیتوانیوە لەژێر دەسـەڵاتـی حیزب‌و کەسانی خاوەن بەرژەوەندیی دەربچێت، هەر بۆ نموونە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دامەزراندنی (١٥٠٠) مامۆستاو کارمەندی داوە، کە مانگی تەمموز جێبەجێکرا، بەبێ ئـەوەی بزانین بە چ پێوەرێک‌و چۆن دامــەزراون، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەزانین ئەمانە خاوەن واسیتەیەکی زۆر گـەورەن، بۆیە توانییان دایانبمەزرێنن، ئەمەش بەڕاستی ناعەدالەتییەکی زۆری دروسـتـکـردووەو وایـکـردووە زۆربـەی زۆری دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان بێبەش بن لەم هەلە کە بووەتە خەونیان، بەتایبەتی دەرچووانی پەیمانگاکانی مامۆستایانی قـەڵادزێ‌و ڕانیە، کە ماوەی ساڵێکە ڕێپێوان دەکەن‌و داواکـاریـی بۆ پەرلەمانی کوردستان‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتی پەروەردە بـەرزدەکـەنـەوە، کەچی دامـەزرانـدن بە دەرەجە کراوەتە بیانوو بۆیان.

**ڕۆژنامە: بە بڕوای تۆ بۆچی تائێستا سیستمی نوێی خوێندن بە تەواویی جێبەجێنەکراوە؟**

* ڕێکنەخستنی کەشوهەوای گونجاو بۆ ئەم سیستمە وەکو باسمکرد، لە کەمیی خوێندنگەو نەبوونی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان‌و هۆشیارکردنەوەی کـەسـوکـاری قـوتـابـیـیـان لـەســەروو هەموویشیان کاتی تەرخانکراو بۆ ساڵی خوێندن، واتە زۆریی پشوو و بۆنەکان، جا ئەمانە هەمووی ڕێگرن لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم سیستمە.

**ڕۆژنــامــە: بەبێ فەراهەمکردنی ژینگەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، دەتوانرێت خوێندن پێشبخرێت؟**

* ژینگەی خوێندن ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن، جا چ لەشار بێت یان لە گوندەکان، چونکە کاتی ئەوە هاتووە کە هۆشیاریی خەڵک قبووڵ نەکات، تەنیا دوو کورسی دانیشتن‌و چەند مێزو دۆڵابێک واتــای قوتابخانە بگەیەنێت، ئەم پلانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی قوتابخانە، تەنیا بڕیاری دروستکردنی چوار دیوارو چەند ژوورێـک نەبێت لەسەر حسابی گلدانەوەی باقی پـارەی تەرخانکراو، بەڵکو دروسـتـکـردنـی قوتابخانە بۆ گەیاندنی زانست‌و پـەروەردەی دروست بە منداڵەکانمان زۆر لەمە گەورەترە، قوتابخانەش بەشێکە لە ژێرخانی دەوڵەت، لەو پـڕۆژە سەرەکییانەی کە پرۆسەی پێشکەوتن‌و گۆڕانکاریی کۆمەڵگەی لەسەر بەندە، بۆیە داڕێکردنی نەخشەو پلانی تۆکمە بۆ دروستکردنی ئەم قوتابخانەیە، چ لە شار یان گوندەکان، پێویستە بۆ پێشخستنی بواری پەروەردە.

**ڕۆژنامە: باسی ئەوە دەکرێت، ئێوە لە پەرلەمان‌و بەتایبەت لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا، ڕۆڵێکی بەرچاوتان نییە لە دەربازبوونی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەو قەیرانەی کە تێیکەوتوون، ئەم قسانە تاچەند ڕاستن؟**

* بەڕاستی ئێستا من دەبێت بەرگریی لە لیژنەی پــەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان بکەم، چونکە ئێمە هەموو ئەندامانی لیژنەکە گوێ لە گلەیی‌و گرفتەکانی خەڵکی ڕادەگرین‌و زۆر دڵسۆزانە بەدواداچوون دەکەین، بەڵام حکومەت لە جێبەجێکردن‌و بەڵێنەکانی کەمتەرخەمە، زۆر داواکاریی هەیە لەبەر ململانێی حیزبیی خۆیان ناتوانن جێبەجێی بکەن، کە ئەمەش هۆی سەرەکی دروستکردنی قەیرانەکانە لەبەردەم هەردوو وەزارەت، بەڵام ئێمە بە بەردەوامیی ئاماژەی بۆ دەکەین‌و داوای دابینکردنی عەدالەت دەکەین‌و گرفتەکانی خەڵکی بەرزدەکەینەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**ڕۆژنــامــە: لەنێو دامودەزگاکانی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە هەولێرو سلێمانی، ڕێنمایی جیاواز کاری پێدەکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە هێشتا دووئیدارەیی بوونی ماوە؟**

*بەڵێ ڕاستە، هێشتا حکومەت نەیتوانیوە ئەو مۆرکە ناشرین‌و دزێوە لابدات لەسەر دامودەزگاکانی، زۆر بە زەقیی ڕێنمایی جیاواز بەکاردەهێنرێت، پشتگیریی حیزب لە مەڵبەندو لقەکان دەوری خۆیان دەبینن بەبێ گوێدانە ویستی خەڵک‌و پێویستیی کۆمەڵگەو ئاستی لێهاتوویی.

بەشێوەیەکی گشتیی ڕۆژانە ڕێنمایی‌و وردەکـاریـی جـیـاواز دەردەچـێـت، کە زۆربەیان لە بەرژەوەندیی تاکی کورد دەدات لە بەشداریکردنی پرۆسەی خوێندن وەکو ئەو ڕێگریکردنەی کە لە دیاریکردنی تەمەن بۆخوێندنی ماستەر یان دکتۆرا بەبێ زانینی هۆی دواکەوتنی زانستخوازان لەم دوو پلەی خوێندنە، بۆیە داوا لە وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵا دەکەم کە پێداچوونەوە بکەن بۆ ئەم خاڵانە، کە بەڕاستی زۆر کەسی زانستپەروەر لە زانست دەتۆرێنن.

# قایمقامی سۆران: لەسەروو ئێمەوە، خەڵک دادەمەزرێنرێت

ئەحمەد باڵەکی

قایمقامی سۆران، رەخنە لە پرۆسەی دامەزراندن دەگرێت لە سنوورەکەیداو ئاماژە بەوە دەکات: تائێستا (١٠٠) کەس لە سنوورەکەیدا لەسەروو ئەوانەوە بەمەرکەزییەت دامەزرێنراون‌و لەسەر بنەمای پێویستی دەزگاکان نەبووە.

کرمانج عیزەت، قایمقامی قەزای سۆران،بەرۆژنامەی راگەیاند:دامەزراندن لەداموودەزگاکانی حکومەتدا لە سۆران، کێشەیەکی زۆری بۆ دروستکردووین‌و خەڵکێکی زۆر داواکاریی پێشکەشی ئێمە کردووە بۆ دامەزراندن، بەڵام بەرەسمیی هیچ دامەزراندنێک لە ئارادا نییە، بەڵام لەسەرەتای ساڵەوە تا ئێستا، سەرژمێرییەکمان کردووە کە زیاتر لە (١٠٠)کەس بە مەرکەزیی‌و لەسەرووی ئێمەوە، دامەزراون‌و فەرمانەکەیان بۆ ئێمە هاتووەتە خوارێ، رەنگە ئەوە تا رادەیەکی زۆریش لەسەر بنەمای پێویستیی ئەو دەزگایانەش نەبێت کە لێی دامەزراون.

قایمقامی قەزای سۆران، ئاشکرایکرد، کێشەیەکی زۆریان بۆ دروست بووە، چونکە بە وتەی ناوبراو، کاتێک هاوڵاتییان سەردانیان دەکەن، خاوەن بڕوانامەن، بەڵام پێیان دەڵێین، دامەزراندن نییە، کەچی لەسەرووی خۆشیانەوە چەند کەسێکیان بۆ هاتووەو داشمەزراون، وتیشی: «داواکاریی (٢٠٠٨)مان لایە بۆ دامەزراندن کە وەڵامیان نەدراوەتەوە، کەچی دەشبینین چەند کەسانێک دامەزراون بێئەوەی ئێمەو بەڕێوەبەری داموودەزگاکانی حکومەتیش ئاگاداربن».

ئەو بەرپرسەی قەزای سۆران، بە گرنگیشی زانی کە پێداچوونەوەیەکی جدیی بۆ ئەم بابەتە بکرێت‌و پێشیوایە، ئەوکەسانەش کە دادەمەزرێن، ناتوانن خزمەت بکەن، بەڵکو باری داموودەزگاکانی حکومەتیش قورستر دەکەن، چونکە «ئەو کەسانە ناخرێنە ئەو شوێنانەی کە پسپۆڕن تێیدا».




# د. رێباز فەتاح: لیژنەی تەندروستی پەرلەمان ئاگای لە یەک گرێبەستی وەزارەتی تەندروستی نییە



سازدانی: سەنگەر جەمال

**د.رێباز فەتاح، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان‌و ئەندامی لیژنەی تەندروستی‌و ژینگە لە پەرلەمانی کوردستان، لە دیدارێکی رۆژنامەدا ئاماژە بە کۆنیی سیستمی تەندروستی دەکات‌و رەخنەی ئەوە دەگرێت، کە ئیرادەی پێویست نییە بۆ گۆڕانکاریی تێیدا.**

**رۆژنامە: سیستمی تەندروستی لە چ ئاستێکدایە، وەزیری تەندروستی لە دیدارێکی پێشووی رۆژنامەدا دەڵێت: سیستمی تەندروستی هی دەوڵەتی عوسمانییە، ئەگەر وایە، هۆکارەکەی چییەو بۆ تائێستا بەو شێوەیەیە؟**

* ئەگەر قسە لەسەر کۆنیی سیستمی تەندروستی بێت، ئەوا هەموو لایەک کۆکین کە سیستمی تەندروستی لە کوردستاندا سیستمێکی کۆنەو چەندین کەموکورتی هەیە، هۆکارەکەشی نەبوونی ئیرادەی پێویستە بۆ گۆڕانکاریی، چونکە لە بیرمان نەچێت ئەم سیستمەی ئێستا لە بەرژەوەندیی کۆمەڵێک خەڵکدایە کە دەسەڵاتی باڵایان هەبووە لەم بوارەدا، هۆکارێکی تریش نەبوونی کادیری پێویستە لەم بوارە یاخود گوێنەگرتن لەو کادیرە کەمانەش کە هەبووە، بەڵام جێگەی داخە کە بابەتی سیستمی تەندروستی بووەتە هۆکارێک بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، چونکە بە بڕوای من بەشێکی کێشەکانی تەندروستی پەیوەندیی نییە بە سیستمی تەندروستییەوە، بەڵکو هەڵەی دەسەڵاتدارانی ئەو بوارەیە، بۆ نموونە لە هەموو سیستمەکانی تەندروستی پێویستمان بە پزیشکی گشتیی یاخود پزیشکی خێزانیی هەیە، کە بەرپرسە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی سەرەتایی بە هاوڵاتییان، بەڵام کوا ئەو هەنگاوانەی لەو بارەیەوە نراون، یان نەبوونی ئامێری هێڵکاریی دڵ‌و کارمەندی پێویست بەو ئامێرەو دانانی لە نهۆمی دوو و سێی نەخۆشخانەی فێرکاریی، کە وا دەکات بۆ یەک هێڵکاریی نەخۆشەکە (٢٠) پلە بێنیتە خوارەوە، ئەوە چ پەیوەندییەکی بە سیستمی تەندروستییەوە هەیە؟، کاتێک ئامێری تیشکی ناوچەیەک کە (٣٠٠٠٠) دانیشتووانی هەیە پێویستی بە بڕی تەنیا (٢٠٠٠٠٠) دینار هەیەو تۆ (٤) مانگ چاوەڕێ دەکەیت بۆت سەرف ناکەن، سیستمی داماو چی بڵێت؟ کاتێک دروستکردنی نەخۆشخانەی شارێکی وەک قەزای شارەزوور لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە تائێستا کاری تێدابکرێت‌و تەواو نەبێت‌و کەسیش لە کۆمپانیاکە نەپرسێتەوە، سیستم بڵێت چی؟

**رۆژنامە: هۆکاری نەبوون‌و کەمیی پزیشکی پسپۆڕ چییە، بۆ نموونە بوونی (٣٦) پزیشکی سڕکەر، یان کەمیی پزیشکی دەروونیی؟**

* کەمیی پزیشک بەشێوەیەکی گشتیی کێشەیەکی تایبەت نییە بە ئەم هەرێمەی ئێمەو لە بەشێکی زۆری ئەم جیهانە ئەو کێشەیە هەیە، ئەوە دەکەوێتە سەر توانای وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە ساڵانە دەتوانێت چەند پزیشکی نوێ پێبگەیەنێت، بەڵام ئایا وەزارەتی تەندروستی هیچ کات ئەو داوایەی ئاراستەی خوێندنی باڵا کردووە کە چەندی پزیشک بۆ ساڵانی ئایندە پێویستە تاوەکو کار لە زیادکردنی رێژەی وەرگرتن بکات لە کۆلێژە پزیشکییەکان؟، هەرچەندە لەگەڵ ئەوەش بڕوام وایە هەڵە لە شێوازی دابەشکردنی پزیشکان هەیە بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا، کە بەشێکی گەورەی ئەم کێشەیەی دروستکردووەو لە هەندێک شوێن ژمارەی پزیشکان زۆرن‌و لە شوێنی دیکە کەموکووڕیی هەیە.

**رۆژنامە: ئایا ئەو هەوڵانەی باسدەکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمی تەندروستی لەلایەن وەزارەتەوە، تا چەند جدیی‌و سوودبەخشن؟**

* لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان لە لیژنەی تەندروستی ئەو بیرۆکەیەمان خستەڕوو، کە کۆنفرانسێک لەو بارەیەوە ئەنجام بدەین، بەڵام دواتر بەمەبەستی هەماهەنگیی، وەزارەتی تەندروستیش رایانگەیاند کە دەیانەوێت بەو کارە هەستن‌و ئێمەش هاوکاریان بین، هەرچەندە وا ساڵێک لەو وادەیە تێپەڕدەبێت‌و کۆنفرانسەکە ئەنجام نەدراوە، بەڵام بەگوێرەی بەڵێنەکانیان دەکەوێتە ساڵی ئایندەو تەنیا دەڵێم: هیوادارم ئەو بەروارەش درێژنەکرێتەوەو ئەوکات دەتوانین قسە لەسەر ئەنجامەکان بکەین، لەکاتێکدا بە دڵنیاییەوە کارێکی قورسەو کۆمەڵێک خەڵکی موستەفید هەن لەم دۆخەی ئێستا کە وا بە ئاسانی واز لە بەرژەوەندییەکانیان ناهێنن.

**رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت لیژنەی تەندروستی پەرلەمان وەک پێویست ئەکتیف نییە لە بەدواداچوون بۆ کەرتی تەندروستی، ئەوە تا چەند راستە، ئەگەر وایە هۆکارەکەی چییە؟**

* بەدڵنیاییەوە وایە، بەڵام ئەمە کێشەیەک نییە تەنیا تایبەت بێت بە لیژنەی تەندروستی‌و بەشێکی زۆری لیژنەکان بەوشێوەیەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە هەم زۆرینە دڵداریی لەگەڵ حکومەت دەکات‌و پێیوایە قسەکردن لەسەر ناتەواوییەکانی حکومەت قسەکردنە لەسەر ئەو و سەرۆکایەتی لیژنەکانیش لە سەر لیستی دەسەڵاتن، کە خۆیان بەرپرسن لەم سستییە، ئەمەش بەدڵنیاییەوە لە زەرەری خۆیان تەواودەبێت، چونکە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە نوێنەرایەتی ئەوان دەکات بەرپرسەلە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی باش، کاتێک ئەوە ناکات، خۆی باجەکەی دەدات.

**رۆژنامە: تەندروستی کەرتێکە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیانی هاوڵاتییانەوە هەیە، ئەجێندای کاری ئێوە بۆ ئەو مەبەستە چییە؟**

* لە ئێستادا کاری لیستی زۆرینەیە بیر لەوە بکاتەوە چۆن تەندروستییەکی باش پێشکەش دەکات‌و کامە رێگا هەڵدەبژێرێت، چونکە حکومەت لە دەستی ئەوانە، کەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ئەستۆی ئێمە بوو بەو شێوازەی کە خۆمان بە باشی دەزانین‌و پێمانوایە سەرکەوتووەو خزمەتگوزاریی تەندروستی جێبەجێ دەکەین، بەڵام ئێستا کاری ئێمە لێپێچینەوەیە لە بەهەدەردانی سامانی وڵات بە ناوی کەرتی تەندروستییەوە، لێپێچینەوە لە کەموکورتی پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاییەو رێگەگرتن لە پشتگوێخستنی تەندروستی خەڵک‌و پێشکەشکردنی پێشنیازو چارەسەر بۆ کێشەکان.

**رۆژنامە: ئەوەی هەستی پێدەکرێت‌و ترسی لای هاوڵاتییان زیادکردووە بەرزبوونەوەی خێرای ژمارەی نەخۆشییە ترسناکەکانە (بۆ نموونە جۆرەکانی شێرپەنجە، دڵی کون بەتایبەت منداڵان‌و...) هۆکارو چۆنێتی چارەسەریان چییە، ئایا ئەگەر بەوشێوەیە بەردەوام بێت، دەتوانرێت کۆنتڕۆڵ بکرێن؟**

*ئەگەر لە رووی زانستییەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین، دەتوانین یەکێک لە هۆکارەکان بگەڕێنینەوە بۆ پێشکەوتنی زانستی پزیشکی، ئەمڕۆ ئامێری پزیشکیی پێشکەوتوو هەیە، کە دەتوانێت زیاتر ئەو نەخۆشییانە دەستنیشان بکات، بەڵام پێشتر ئەمە ئەستەم بوو، بەمەش رێژەکە بە زیادبوو دادەنرێت، ئەمە بۆ هەموو دنیا وایە، بەڵام ئەوەی ترسی لای ئێمە دروستکردووە، کەموکورتییەکی دیکەیە کە لەوانەیە هۆکاری ئەم زیادبوونە بێت، ئەویش ئاسایشی خۆراکە، کە لە بارێکی خراپداین‌و حکومەت نەیتوانیوە کۆنترۆڵی ئەم بوارە بکات.

پێموانییە دانانی دەزگایەکی کوالێتی کۆنترۆڵ کارێکی هێندە قورس بێت، کە لەوبارەیەوە دڵنیاییمان دەداتێ، هەندێکجاریش لەوانەیە ئاسانکاریکردن بۆ هەندێک کۆمپانیا هەبێت کە دەتوانن بەپێی ویستی خۆیان یاریی بە ژیانی هاوڵاتییانەوە بکەن.

> **جێگەی داخە کە بابەتی سیستمی تەندروستی بووەتە هۆکارێک بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی**

**رۆژنامە: ساڵانی رابردوو سەدان هەزار دۆلاری هاوڵاتییان بەفیڕۆچوو، بەو هۆیەوە کە لە بەغداوە دەرمان‌و پێویستی بۆ هەرێم دەکڕدرا، ئەو کێشەیە ماوە، ئایا بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلانە دەکەن؟**

* بەڵێ، تائێستا بەشێکی برە دەرمانی هەرێم لە بەغداوە دەکڕدرێت، بەڵام خراپیی جۆری ئەم دەرمانە دیسانەوە بەشێوەیەکی زۆر کراوەتە هۆکاری خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، چونکە لە بەرامبەر ئەمەش رایەکی دیکە هەیەو دەرمانی بەغدا لەڕووی جۆرەوە بە باشتر دەزانێت لە هی کوردستان، ئەمەش قسەی بەڕێوەبەری هەندێک نەخۆشخانەیە.

تائێستا هیچ شتێک نەخراوەتە بەردەستی ئێمە کە دڵنیامان بکاتەوە لە خراپیی ئەو دەرمانانە، تا ئێمەش کاری لەسەر بکەین لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، کەواتە ئەوەش هەڵەیە لەسەر وەزارەتی تەندروستی، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، لیژنەی تەندروستی پەرلەمان چەند گرێبەستێکی وەزارەتی تەندروستی عێراقی هەڵوەشاندەوە لەبەر خراپیی ناوبانگی کۆمپانیاکان، بەڵام لیژنەکەی ئێمە تائێستا ئاگای لە یەک گرێبەستی وەزارەتی تەندروستی هەرێم نییەو ئەوەی وەک ئەندامێک دەستمان دەکەوێت لە رێگای نارەسمییەوەیە کە پێمان دەڵێت، ئەو گرێبەستانە هەواڵی دڵخۆشکەر نین‌و هەقە وەزارەت لەو رووەوە دڵنیاییمان پێبدات‌و شەفافانە کارەکانی ئەنجام بدات.

**رۆژنامە: بەرپرسانی تەندروستی رایانگەیاندووە نزیکەی (٧٠) حاڵەتی ئایدز لە کوردستان تۆمارکراون، ئایا ئەو ژمارەیە لە زیادبووندایە، یان چۆن دەتوانرێت رێ لە بڵاوبوونەوەی بگیرێت کە ئێستا سنوورەکان زیاتر کراوەن؟**

* لە رووی ژمارەوە ناتوانم دڵنیاتان بکەمەوە لە راستیی ئەو ژمارەیە، چونکە زیاتر تووشبووەکان ئەو کەسانەن کە لە دەرەوە دێنە کوردستان، بەڵام قسەکە لەسەر جۆری مامەڵەکردنەکەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە روودەکەنە کوردستان‌و بە ئیجباریی دەبێت بچنە ئاسایش‌و تێستیان بۆ بکرێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ناوبانگی هەرێم هەیە لە رووی چۆنێتی رەفتارکردن لەگەڵ ئەم کەسانەو دەبێت لە داهاتوودا رێگای دیکە بگیرێتەبەر، چونکە ئەمە مەترسییەک نییە تەنیا لای ئێمە، کەسی تووشبوو بە ئایدز مرۆڤەو دەبێت وەک مرۆڤێک مافەکانی پێشێل نەکرێت، گرنگترین رێگای تووشبوون بە ئایدز سێکسە، بۆیە هۆشیاریی تەواوی هاوڵاتییان لەسەر سێکس دەتوانێت بەشێکی گەورەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

**رۆژنامە: رای لیژنەکەتان چییە لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی عیادەی پزیشکەکان، تۆ پێتوایە ئەوە لە بەرژەوەندیی کێدایە، بەدواداچوون بۆ واژۆی هەزاران هاوڵاتی دەکەن؟**

* لە رووی یاساییەوە ئەرکی سەندیکای پزیشکانە کە ئەو نرخە دیاریی بکات، نەک بە بڕیاری وەزارەت‌و ئەویش بەگوێرەی ئاستی گوزەرانی خەڵک، کێشەیەکی تریش ئەوەیە کە ئەم بڕیارە نرخی عیادەکانی سلێمانی بەرزکردووەتەوە، بەڵام هەندێک لەوانەی هەولێر کە نرخیان بەرزە، پێوەی پاپەندنەبوون‌و نرخەکەیان دانەبەزاندووە، بەڵام دەبێت ماندووبوون‌و هیلاکیی پزیشکەکانیش لەبەرچاوبگیرێت.

ئێمە لەسەر ئەم بابەتە کارمان کردووەو پێشتریش وەزیری تەندروستی هاتووەتە لیژنەکەمان‌و روونکردنەوەی داوە، بەڵام کێشەکە بەردەوامیی هەیە، هەرچەندە کە ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندیدارە بە لیژنەی مافی بەکاربەرەوەو دەبوایە ئەوان لەسەر ئەم بابەتە کاریان بکردایە.



مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە کوردستاندا پێشێل دەکرێت 20

### کارمەندانی تەندروستی، گرووپێکی فشار دروست دەکەن

# «با چیتر سەندیکاکەمان بە ئیعازی حیزب، نەجووڵێتەوە»

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان



ژمـارەیـەک کارمەندی تەندروستی، گرووپێکی فشار بە مەبەستی پەلەکردن لە ئەنجامدانی کۆنگرە لەلایەن ڕێکخراوی کارمەندانی تەندروستییەوە، دروستدەکەن‌و داوا دەکەن کە چیتر ڕێکخراوەکەیان بە ئیعازی حیزب، نەجووڵێتەوە.

لـەمـاوەی هـەژدە سـاڵـی رابــردوودا، تـوێـژی کارمەندانی تەندروستی کە تا ئێستا زیاتر لە (١٨٠٠٠) کارمەند پێکدێت لە بـواری خزمەتگوزاریی تەندروستی لەهەموو کوردستاندا، تەنیا یەک کۆنگرەی ئەنجامداوە، ئەمەش دوای ئـەوە هات کە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی(ئیدارەی سلێمانی)و سەندیکای پیشەیی کارمەندانی تەندروستی(ئیدارەی هەولێر) لەو کۆنگرەیەدا کە (٢٠٠٩/١/٢٥) ئەنجامدرا، یەکیانگرت‌و ئەمەش بەفشاری حکومەت بـوو، دوای بڕیاری ئـەوەی کە ئەگەر یەکنەگرنەوە، بودجەکانیان دەربڕدرێت‌و لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا کە ستافی سەندیکا نیوە بەنیوە بۆ هەردوو سەندیکا یەکگرتووەکە بێت، تا شەش مانگ دواتر کە کۆنگرەی سەرتاسەریی ئەنجامدەدرێت، بەجۆرێک کە سێ مانگی سەرەتا سەرۆکایەتیی سەندیکاکە لەلایەن پارتییەوەو سێ مانگی کۆتایی لەلایەن یەکێتییەوە بکرێت، بەبێ بەشداریی کارمەندانی تەندروستی هیچ حیزب‌و لایەنێکی تر.

بێستون فەتاح، کارمەندی تەندروستی، ئـەوەی بۆ رۆژنامە روونـکـردەوە: بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی سەندیکاکەی ئیدارەی هەولێرو ئیدارەی سلێمانیش، دەبێت هەر سێ ساڵ جارێک کۆنگرە ببەسترێت، ئەمە جگە لەوەی کە لەکۆنگرەی یەکگرتندا، بڕیار دراوە کە لەماوەی شەش مانگدا کۆنگرە ببەسترێت، وتیشی: «بەڵام، تا ئێستا کۆنگرە نەبەستراوەو هیچ هۆکارێکی دیاریش بۆ ئەو مەبەستە نەخراوەتەڕوو، لەکاتێکدا باری ئاسایشی هەرێم زۆر گونجاوەو خزمەتگوزاریی تەندروستی لەکارکردندایەو نەوەستاوە، بەڵام کارمەندانی تەندروستی هۆکارەکە دەگەڕێننەوە بۆئەوەی کە ململانێیەک هەیە لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا».

هەربۆیە ژمارەیەک کارمەندی تەندروستی لە سلێمانی، لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا کە هەینی رابـردوو ئەنجامیاندا، بڕیاریاندا کە هێزێکی فشار بۆ بەستنی کۆنگرە دروستبکەن.

بێستون فەتاح، ئەندامی لیژنەی باڵای هێزی فشار، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بۆیە ئێمە وەکو کۆمەڵێک لە کارمەندانی تەندروستی، دوای چەند کۆبوونەوەیەک بڕیارماندا، ببینە هێزێکی فشارلەسەرسەندیکای‌کارمەندانی‌تەندروستی بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی سەرتاسەریی کە هەموو پارێزگاکانی کوردستانی تیابێت بە کەرکوکیشەوە، بەجیاوازیی بیروڕاوەو هیچ مەرجێکی پێشینەی تیانەبێت بۆ ئەو کەسەی دەچێتە کۆنگرەوە، بەتایبەتیش مەرجی حیزبیبوون».

لەکۆبوونەوەی هێزی فشاردا، لیژنەیەکی ئامادەکاریی پێکهێنراوە بۆ کاروبارەکانی فشار دروسـتـکـردن‌و ئـاگـادارکـردنـەوەو روونکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە بەرزترین دەسەڵاتەوە بۆ خوارەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەماوەی دوومانگی داهاتوودا کۆنگرە ببەستێت. بێستون، هۆکاری کارەکەی ئەوانیشی گەڕاندەوە بۆئەوەی کە لەو ماوەیەی رابردوودا کارمەندانی تەندروستی خولیان بۆ نەکراوەتەوەو ئاستی زانستییان دابەزیوە، وتیشی: «سەندیکایەکی خەمخۆر نەبووە کە فشار لە وەزارەتی تەندروستی بکات تا خول بۆ کارمەندانی تەندروستی بکاتەوە، یان بیاننێرێتە دەرەوەی وڵات بۆ بینینی خول، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو سەندیکایە، حیزب تێیدا باڵادەستەو بۆ زۆربەی کارەکانیان بەئیعازی حیزب دەجوڵێنەوە».

هـاوکـات، سـەنـدیـکـای کـارمـەنـدانـی تەندروستیش، پاساوی خۆیان بۆ نەبەستنی کۆنگرە دەهێننەوەو ئاماژە بەوە دەکەن کە بەهۆکاری تایبەتی، کۆنگرە دواکەوتووە، نەک تێکەڵاویی دەستی حیزب.

جەبار حەمەڕەحیم، جێگری سەرۆکی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە لەکاتی یەکگرتنەوەی ئەو دوو سەندیکایەدا دامانناو، دەبوو ساڵی پار کۆنگرە بکرایە، بەڵام هەلومەرجی سیاسیی‌و کۆمەڵێک هەلومەرجی تر کە تایبەتن بەهەموو کوردستان، وایانکرد کە کۆنگرە نەگیرێت بۆ نموونە، خۆ تەنیا لەکوردستان کۆنگرە ناگیرێت، (٢٠٠٠ – ٣٠٠٠) ئەندامی سەندیکا هەیە لە کەرکوک، (٢٠٠٠) ئەندامان هەیە لەخانەقین‌و دەوروبەری، خۆ نابێت ئەوانە لە هەڵبژاردن بێبەش بکەین».

ئەوەشی رەتکردەوە، کە نەبەستنی کۆنگرە پەیوەندیی بە دەستی حیزبەوە هەبێت‌و وتی: «هەموو حیزبێک مافی سروشتی خۆیەتی کە رێکخراوی پیشەیی، یان رۆشنبیریی، یان کۆمەڵایەتی خۆی هەبێت، بەڵام ئێمە وەکو ئەو دوو سەندیکایە کە لە (٢٠٠٩)دا یەکمانگرتووەتەوە، حیزب هیچ هەیمەنەیەکی بەسەرمانەوە نییە».

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی (ئـیـدارەی سلێمانی) (١٢)لـقـی هەبووە کە کرابووە (٢)لقی گـەورە، یەکێکیان لە کەرکوک‌و یەکێکیان لە سلێمانی، هەولێریش کاتی خۆی (٤)لقیان هەبووە، کە ئەو دوو سەندیکایە یەکیانگرتووەتەوە، لە هەر سێ پارێزگاکە، بووەتە (٤) لق (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، کەرکوک)، هەربۆیە بە بڕوای جەبار حەمەڕەحیم، یەکخستنەوەی بەرنامەی (٩) ساڵی دوو ڕێکخراو لەماوەی چەند مانگێکدا، هەروا ئاسان نییە، وتیشی: «من، هەق دەدەمە هەموو کارمەندێکی تەندروستی کە داوای نوێکردنەوە لە ئیش‌و کـارو بەرنامەکانی سەندیکاو پەیڕەو و پرۆگرامدا بکات، یان داوای هەڵبژاردنی تازەو کۆنگرە بکات، بەڵام دەبێت هەلومەرجێک بگونجێنیت کە سبەی ئەوەی کە هەیە، لەوە باشتر بێتە ئاراوە، نەک لە باشەوە بچین بۆ خراپ».

ئەمانە جگەلەوەی کە بە وتەی جێگری سەرۆکی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان، بەهۆی کۆنفرانسی وەزارەتـی تەندروستییەوە کـە ئێستا سەرقاڵی ئامادەکارییـن، زۆربەی‌کارمەندانی‌تەندروستی ئەندامن لەو لیژنەی ئامادەکارییەو «ناکرێت ئێمە فشاری کۆنگرەیەکی تریشیان لێبکەین».

بەڵام ئەو کارمەندانەی کە ئێستا هێزی فشاریان پێکهێناوە، ئاماژە بەوەدەکەن کە هاوکاریی سەندیکا دەکەن لە ئامادەکاریی بۆ بەستنی کۆنگرە.

# کێشەی زیادکردنی نرخی عیادەکان گەورەتر دەبێت

راپۆرتی: رۆژنامە

ڕێکخراوەکانی بەشدار لە کەمپەینی کەمکردنەوەی نرخی عیادەکان، یاداشتێک ئاراستەی وەزیری تەندروستی دەکەن‌و داوا دەکەن هەرچی زووترە لە زیادکردنی نرخی عیادەکان پاشگەزبێتەوە.

وابـڕیـارە لە چەند رۆژی داهـاتـوودا نوێنەری (٥٢) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی، کە چەند مانگێکە کەمپەینی (نا بۆ زیادکردنی نرخی عیادەکان)یان پێکهێناوە، بچنە بەردەم وەزارەتـی تەندروستی لە هەولێرو لەگەڵ وەزیـری تەندروستی حکومەتی هەرێم کۆببنەوەو یاداشتێک سـەبـارەت بە فـەرمـانـی وەزاریـی ژمـــارە (١٩٧٢)ی وەزارەتـی تەندروستی بـۆ دانـانـی نـرخـی عـیـادەکـان پێشکەش بکەن‌و داوادەکـەن هەرچی زووترە لەو بڕیارە پاشگەزبێتەوە.

**سەرەتای کێشەکە**

وەزارەتـــی تـەنـدروسـتـی حکومەتی هـەرێـم بە فـەرمـانـی وەزاریـی ژمـارە (١٩٧٢) لە (٢٠١٠/٤/٢٧) نرخی عیادە تایبەتییەکانی هاوتا کردەوە، بەجۆرێک نرخی عیادەکانی شاری سلێمانی بەرزکردەوە بۆ ئاستی نرخی عیادەکانی پارێزگای هەولێر، ئەم گۆڕانکارییە لە پارێزگای سلێمانیدا کاریگەریی خراپی هەبوو بـەوەی نرخی پشکنینی نەخۆش لەلایەن پزیشکی راوێژکارەوە کرایە (٢٠هـەزار) دیناروپزیشکی پسپۆڕ کرایە (١٥هەزار) دیناروپزیشکی راهێنراویش کرا بە (١٠هەزار)دینار، لەکاتێکدا پێشتر لە سلێمانی نرخی بینینی نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە بە هەموو پسپۆڕییەکانەوە لە (١٠هەزار) دینار زیاتر نەبوو، ئەمەش نارەزایی دروستکرد لەناو خەڵکیداو لەو چوارچێوەیەشدا (٥٢) ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی کەمپەینی (نا بۆ بەرزکردنەوەی نرخی عیادەکان)یان پێکهێنا بۆ کەمکردنەوەی نرخی عیادەکان.

**لایەنەکانی کێشەکە**

پـارێـزەر، دڵخواز عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی بـاڵای کەمپەینەکە، پێیوایە: ئەو زیادکردنی نرخە لەگەڵ باری گوزەرانی زۆربەی هاوڵاتییاندا ناگونجێت‌و ناکرێت هەرێمی کوردستان بەراورد بکرێت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.

ئـەوەشـی بـۆ رۆژنـامـە ئاشکراکرد: «لەماوەی هەفتەیەک کەمتر لەدژی بەرزکردنەوەی نرخی عیادەکان بـە هـەر کەسێکمان دەوت سەبارەت بە هەڵوێستی بەرامبەر بەرزکردنەوەی‌نرخی‌عیادەکان، داوایان دەکرد کە لیستی ئیمزاکان ببەنەوە ماڵەوە چـەنـدیـن واژۆی تری خێزانەکەیان‌و دەوروپشتیان بکەن، کە هەمان بۆچوونیان هەیە.

کەمپەینەکە داوا لە وەزارەتـی تەندروستی دەکات، لە بڕیاری زیادکردنی نرخی عیادەکان پەشیمان ببێتەوەو ئەو پارێزەرەش بە پێویستی دەزانـێـت: «گرنگە وەزارەتـیـش گوێبگرێت‌و کارێک بکرێت کە هاوڵاتییان رازی بن‌و لەوە زیاتریش خەمی هاوڵاتییان‌و داواکارییەکانیان پشتگوێنەخرێت».

لـە هـەفـتـەی یـەکـەمـی راگـەیـانـدنـی کەمپەینەکەدا، زیاتر لە (١٦٠٠٠) واژۆی هاوڵاتییان کۆکرایەوەو لەدوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە، ڕێکخراوەکان یاداشتێکیان نووسی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و وەزارەتی تەندروستی‌و هـەروەهـا بەردەوامبوون لە چالاکی بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریی لە کەمپەینەکەیان.

**شارەزایان چی دەڵێن؟**

بە وتەی بەشێک لە ئەندامانی کەمپەینەکە، بـەرزکـردنـەوەی نرخی عیادەکان کاری پیشەیی سەندیکای پزیشکانی کوردستانە، نەک وەزارەتی تەندروستی، هەروەک چۆن لە پەیڕەوو پرۆگرامی سەندیکادا نرخی کاری پزیشکانی گەڕاندووەتەوە بۆ دەسەڵاتی کۆنگرە.

مامۆستا یونس عەلی ئەحمەد، ماستەر لە زانستی ئابووریدا لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژەبەوەدەکات: زۆربەی جـــار لـە بڕیارداندا هەموو لایـەنـەکـان لێکنادرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنەگرتنی بڕیارەکە.

بە وتـەی ئەو شـارەزایـەی بواری ئابووریی: «لە بڕیارەکاندا، دەبێت زۆرتـریـن سـوود بگەیەنرێت بە هاوڵاتییان، بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر بڕیار بدرێت نرخ زیادبکرێت، جیاوازیی دروستدەبێت لەنێوان عیادەکان‌و ناوچەکان‌و نەخۆشەکان لەنێوان هەڵبژاردنی خەڵکەکان، کاریگەرییەکی دەروونیی خراپیش دروستدەکات لەسەر هاوڵاتییان، هاوڵاتییان نازانن چۆن مامەڵە بکەن، ئایا ئەم نرخەی کە زیادی کردووە لەسەرچ بناغەیەکە، دووەمیان پێویستە لەگەڵ هەر بڕیارێکدا گفتوگۆو روونکردنەوە بکرێت بۆ هاوڵاتییان لەڕێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بۆ ئەوەی هاوڵاتی هۆشیاریی هەبێت بۆچی نرخەکە زیادکراوە، ئەگەر زیادکراوە ئەنجامەکانی چی دەبێت».



**کلینیکەکان دەپشکنرێن**

بەپێی فەرمانی سەندیکای پزیشکان ژمارە (٧٤١) لە ٢٠١٠/٩/١٨ بۆ باشتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە نۆرینگە تایبەتییەکانی شاری سلێمانی، لیژنەیەکی هاوبەش لە پارێزگای سلێمانی‌و شارەوانی‌و سەندیکای پزیشکانی کوردستان بۆ پشکنینی کلینیکە تایبەتەکان پێکهات، کە گشت کلینیکە تایبەتەکان ئاگادار دەکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژدا مەرجەکانی لیژنەکە جێبەجێ بکەن.

مەرجەکانیش بریتین لە: (کلینیکەکە دەبێت پانتایی گونجاوی هەبێت‌و هۆڵی چاوەڕێکردنی نەخۆش لەبار بێت، پاکوخاوێنی‌و ساردیی‌و گەرمیی بەپێی وەرزەکە شیاو بێت، رووناکی‌و هەواگۆڕکێی کلینیکەکە لە ئاستی پێویستدا بێت، نەخۆش بەتەنیا ببینرێت لە ژووری پزیشکدا، تا نهێنییەکانی پارێزراوبێت‌و نەخۆش کاتی پێویستی پێبدرێت، پابەند بن بەو نرخانەی کە لە سەندیکای پزیشکانەوە بۆی دانراوە بەپێی نازناوی پسپۆڕییەکەی».

پـارێـزەر، دڵخواز عەبدوڵڵا، ئەندامی کەمپەینی کەمکردنەوەی نرخی عیادەکان، سەبارەت بە پێکهێنانی ئەم لیژنەیە بۆ رۆژنامە وتی: «خۆشبەختانە دوای ئەو کارو چالاکییانەی کەمپەینەکە پێی هەستاوین، چەند رێنماییەک دەرچووە، کە لە کۆی پێنج خاڵی یاداشتەکەمان چوار خاڵیان جێبەجێ کراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە لە خاڵی پێنجەمی فەرمانی سەندیکادا داوا لە پزیشکەکان کراوە کە پابەندبن بەو نرخانەی کە بۆیان دیاریکراوە، لە راستیشدا کەمپەینەکەی ئێمە بۆ ئـەوە پێکهاتووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرزکردنەوەی نرخی عیادەکان لە شاری سلێمانیدا، واتە خاڵی سەرەکی داواکاریی کەمپەینەکەمان جێبەجێنەکراوە».

**وەزیری تەندروستی سوورە لەسەر بڕیارەکەی**


لەبەرامبەر ئەم کەمپەینەدا لە چەند چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا، د.تاهیر هەورامی جەخت لەسەر پێویستی فەرمانە وەزارییەکە دەکاتەوە بۆ رێکخستنی نرخی عیادەکان‌و بە قازانجی هاوڵاتییانی شاری سلێمانی دەزانێت، بەوپێیەی ئەو رێکخستنە دەبێتە هۆی ئەوەی پزیشکی بەتواناو لێهاتوو لەو شارە کاربکەن‌و هەروەک راگەیاندنەکان بەوە تۆمەتبار دەکات، کە کێشەکەیان گەورە کردووە.

**لێدوانێک کێشەکە گەورەتر دەکات**

لەسەر بڵاوکردنەوەی لێدوانێکی د.گۆران عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی باڵای کەمپەینەکە لە گۆڤاری خێزاندا، بە تۆمەتی ئەوەی تەشهیر بە وەزارەتی تەندروستی کراوە، وەزارەت لە دادگای بەرایی شاری هەولێر سکاڵایەک تۆمار دەکـات‌و داوای (٢٠٠) ملیۆن دینار قەرەبوو لە د.گۆران دەکات.

لەبەرامبەر ئەو سکاڵایەدا ئەندامانی کەمپەینەکە کێشەی نێوان د.گۆران‌و وەزارەت بە کێشەی هەموویان دەزانـن، نەک وەک کێشەی کەسێک‌و داوای کشانەوەی داواکە دەکەن.

سەبارەت بەو روونکردنەوەیە، پارێزەر دڵخواز عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی باڵای کەمپەینەکە، وتی: «کەمپەینەکە گوزارشت لە خەمی هاوڵاتییان دەکات‌و ئەو گیروگرفتانە رایەڵەیەکن لەنێوان خەڵک‌و حکومەتدا، کەمپەینەکە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان نییە لەسەر داکۆکیکردن لەسەر ئەو کێشانە، بۆیە پێویستە رێزی هەڵوێستی ئەم رێکخراوانە بگیرێت، لەگەڵ ئـەوەی ئەندامانی ئەو رێکخراوانە چاوەڕێی پاداشت نین».



لە پەرلەمانەوە

# پەرلەمان، لەبەردەم بەرپرسیارێتیدا



کاردۆ محەممەد

ئـۆپـۆزسـیـۆن، هـەر دەرەتـانو دەرفەتێکی بۆ لوابێت، لەپێناوی یەکخستنی هەموو ئەو دامەزراوانەی کە مۆرکی دوو ئیدارەییان لێنەتەکیوەو تا هەنوکە یەک نـەخـراون، فـشـاری خۆی کردووە.

دیـوانـی چـاودێـریـی داراییش، یەکێک بوو لەو دەزگایانە کـە لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە یاساکەی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوەو دانانی سەرۆکەکەشی خراوەتە ئەستۆی پەرلەمان. پاش تێپەڕینی زەمەنێکی زۆر لە دەرچوونی یاساکە، سەرۆکایەتیی پەرلەمان، (C.V) کاندیدێکی بەڕێزی خستە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان.

سەرەڕای دواکەوتنێکی زۆری بەبێ هۆکار، جێبەجێکردنی یاسای دەزگایەکی وا گرنگ، هەنگاوێکە بە ئاقاری ڕاست، ئەم دەزگایە لە کارابوونی ڕۆڵێکی گرنگ لە چاودێریی‌و بەگژاچوونەوەی گەندەڵیی‌و پاراستنی سامانی گشتیی دەبینێت، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە، چۆنێتیی جێبەجێکردنی یاساکەیە، کاتێک بمانەوێت پابەندی مادەی (٥)ی یاساکەبین کە باس لە دیاریکردنی سەرۆکی دیوان دەکات‌و دەیخاتە ئەستۆی پەرلەمان. هەرچەندە بە ڕوونی باس لە چۆنێتیی میکانیزمی دانانی ناکات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە لە کاتی دیاریکردنی پاڵێوراودا، پرس‌و ڕاوێـژ بە پەرلەمانتاران نەکرێت، پێویستە شێوازێک پەیڕەو بکرێت کە ڕەنگدانەوەی هەڵبژاردنێکی ئاسایی‌و دیموکراتییانە بێت‌و مەرجە یاساییەکان ببنە پێوەرو لەسەر بنەمای تواناو پسپۆڕیی، زیاد لە تەنیا پاڵێوراوێک بخرێتە دەنگدانەوە. لام وایە لە کوردستان، ئەگەر ڕەچاوی ئەو میکانیزمە یاساییە بکرێت، کەسانێکی زۆر ئەو توانایەیان تێدایە کە بۆ ئەم پۆستە کێبڕکێ بکەن.

لەدانیشتنی ژمارە (١)ی خولی گرێدانی یەکەم لە ساڵی دووەمی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لە ڕۆژی (٢٠١٠/٩/٢٠) سەرۆکایەتیی پەرلەمان پەسەندکردنی تەنیا یەک پاڵێوراوی خستبووە بەرنامەی کارەوە، کاتێک پەرلەمانتاران لە هۆڵی پەرلەمان ویستیان باسی ڕەچاوی شێوازی یاسایی بکەن لە دیاریکردنی پاڵێوراوان، سەرۆکی پەرلەمان بە هیچ شێوەیەک ڕێگای بە ئەندامانی پەرلەمان نەدا کە ڕاو سەرنجی خۆیان بدەن‌و بە مەش سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەپێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕەفتاری کرد، هەر لەناو هۆڵی پەرلەماندا، نامەیەکم ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان کرد، (ڕێگا نەدان بە ئەندامانی پەرلەمان کە باس لە نایاساییبوونی شێوازی بەڕێوەبردنی بەرنامەی کاری پەرلەمان بکەن، پێشێلکارییەکی زەقی پەیڕەوی ناوخۆیە)، کەچی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بێدەنگیی هەڵبژاردو پرۆسەکەی بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەویست بەڕێکرد، کە دووربوو لە بەڕێوەبردنێکی دیموکراسییانەی دامـەزراوێـک کە نوێنەرەکانی گوزارشت لە ئیرادەی میللەتێک دەکەن.

لە وڵاتێکدا، ئەگەر ڕێگا بە ئەندامانی پەرلەمان نەدرێت بە شێوازێکی یاسایی‌و بە ئازادیی بیروڕای خۆیان دەربڕن، ناچار ئەم پرسیارە بکەم، ئەم دامـەزراوەیـە چەند لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستاندایە کە بتوانێت مینبەرێک بێت، یاساڕێژی بۆ بەرگریی لە مافی هاوڵاتییان بکات‌و ڕۆڵی کارا بگێڕێت لە بەرگریکردن‌و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساو پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین.

لە کۆتاییدا، دەبێت دان بەم ڕاستییەدا بنێین کە ئازادیی‌و دیموکراتییەت لەم هەرێمەدا، لە چ دۆخێکی نالەباردان؟

# ئاگامبین بە کوردی



سەردار عەزیز

لە میانەی گەڕانەوەکەم بۆ کوردستان، چەند چالاکییەکمان لە بـواری گشتیدا ئەنجامدا (لـە داهـاتـوودا سـەرنجمان دەربارەی چالاکییەکانی تر دەنووسین). یەکێک لەوانە لێکچەرێک بوو لە زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی فەلسەفە، بە هەوڵی هاوڕێی بەڕێزم کاک ڕێبوار سیوەیلی، دەربـارەی بیری سیاسیی فەیلەسوفی ئیتاڵی جورجیۆ ئاگامبین، مەبەست لە لێکچەرەکە قسەکردن نەبوو لە سەر ئاگامبین بەشێوازێکی قووڵ یان ورد، بەڵکو لەبەر نەناسراویی ئەم فەیلەسوفە، مەبەستی سەرەکی تەنیا ختوکەدانی فزولیەتی خوێندکارو بیریاری کورد بوو دەربارەی ئەم نووسەرە.

پرۆژەی بیری سیاسیی ئاگامبین ئەگەرهەولبدرێت‌لەدێڕێکداکورتبکرێتەوە، ئەوا دەتوانرێت بەمشێوەیە دەرببڕدرێت: لە میانەی پرۆژەی مۆدێرنەی ڕۆژئاوادا جۆرێک لە دەوڵەت هاتووەتە ئاراوە، کە مرۆڤی ڕووت‌و ڕەجاڵ کردووەو ژیانی کردووەتە ژیانێکی کولەمەرگی. بەجۆرێک کە دەتوانرێت بووترێت چەق یان کرۆکی پرۆژەی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا دەوڵەت نییە وەک زۆرێک وەهای دادەنێن، بەڵکو کامپە، ئەم دەوڵەتە لای ئاگامبین دەوڵەتێکە کە هەمیشە لە دۆخی عورفیدایە، دۆخی عورفی یان ئیکسێپشن ئەو دۆخەیە کە یاسا بەپێی یاسا لەلایەن سـەروەرەوە (خاوەن سیادە) لەکاردەخرێت، ئەگەر ڕوونتر قسەبکەین، ئەو ساتەوەختەیە کە دەوڵەت هەست دەکات لە مەترسیدایە، بۆیە بە بڕیارێک دەستوورو یاساکانی تر لەکار دەخات، لە دۆخێکی وەهادا دەوڵەت دەبێتە دەسەڵاتدارێک، کە بەپێی یاسا کەس مافی ئەوەی نییە لێی بپرسێتەوە، لە ئەنجامی ئەمەدا ئەو مرۆڤەی کە لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا دەژی، مرۆڤێکە کە ڕووتبووەتەوە لە هەموو مافەکانی، ئەو کەسەیە کە ئاگامبین نـاوی دەنێت هۆمۆساکەر، ڕووت لە بەرامبەر دەوڵەتدا یانی: کەسێکە کە هیچ بەربەستێک، ڕێگرێک، نەماوە لەنێوان ئەوو دەوڵەتدا، دەوڵـەت بە ئارەزووی خۆی تەراتێنی پێدەکات، ژیانی ئەو کەسە چی دی موڵکی خۆی نییە، ناتوانێت ئەزموونی بکات، بەجۆرێک مەرگی یان کوشتنی ئەم مرۆڤە شایستەی ئەوە نییە کە ببێتە جێگای لێپرسینەوەی دادگا.

خوێندنەوەی ئاگامبین بۆ پرۆژەی مۆدێرنەی ڕۆژئـاوا خوێندنەوەیەکی جودایە، ئەگەرچی ڕەگێکی زۆر قووڵی لە پرۆژەی فۆکۆو پیس ئەویش هاها ئاریندتا هەیە، جودایی ئەم پرۆژەیە لەوەدایە زیاتر کار لەسەر دونیای ئاڵۆزیی یاسا دەکـات. ئاگامبین یاساو زمانەوانیی‌و مێژوو و فەلسەفەو ئەدەب پێکەوە گرێ دەدات، بۆئەوەی دیدی خۆی بونیاد بنێت، لە میانەی ڕەخنەکردنی بۆ مۆدێرنە، ئاگامبین پێمان دەڵێت: پۆلس یان شار-دەوڵەت کولەمەرگی بەرهەم دێنێت، بەڵام هەمیشە خواستی ژیانی باش دەکات، کەواتە دەبێت ئێمە هەڵنەخەڵەتێین بە خواست، بەڵکو لەگەڵ بەرهەمهاتوودا مامەڵە بکەین.

> **دەسەڵاتێکی سیاسیی لە شێوەی حکومەتی هەرێمدا ئەگەر بەئاگایانەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین، ئەوا لە بری ئەوەی ببێتە حکومەتێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانمان، دەبێتە حکومەتێک بۆ بەڕێوەبردنمان**

لە هەناوی ئەم پرۆژەیەی ئاگامبیندا، ساتەوەختێکی بەئاگاهاتنەوەی دڵتەنگ خۆی حەشارداوە، ئەم ساتەوەختە بۆ ئێمەی کورد تۆزێک زیاتر دڵتەنگە، چونکە مۆدێرنە هێشتا لەو ناوچەیەی ئێمەدا وەک خەونێکی بەهەشتییانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. مۆدێرنە وەک ئەڵتەرناتیڤێک وەک جۆرێکی تر لە ژیان لە بری ئەو ژیانەی کە هەمانە، بۆیە کاتێک من دەربارەی ئاگامبین لە کۆلێژی فەلسەفە قسەم کرد، جۆرێک لە هەستکردن هەبوو بەوەی ئایا ئەمە بانگەشەیە بۆ ئوسولیەت، بۆ گەڕانەوە بۆ پێش مۆدێرنە، بۆ ئایین؟

لەکاتێکدا پرسیارێکی وەها دەکرێت پرسیارێکی ڕەوا بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەستەپاچەیی‌و بێتوانایی ئێمە دەردەخات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆژەیەکی ئاڵۆزو دژواری وەک مۆدێرنەدا لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییانەوە، بە تێگەیشتنی من ئەگەر ئێمە بێئاگابین لە لایەنە تاریکەکانی مۆدێرنە، ئەوا زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە لە دونیای خۆماندا لایەنە تاریکەکانی بەرهەمبهێنین، ئێمە خەڵکانێکین کە چـواردەور دراویـن بە پـرۆژەی شکستهاتووی پڕ تراژیدیای مۆدێرنە، لە ڕاستیدا ئەم پرۆژە شکستخواردووانە یان تاریکانە لە سەر جەستەی ئێمە برینێکی قووڵی دروستکردووە، ئیتر ئەوە پرۆژەی عەرەبە، پرۆژەی تورکە، پرۆژەی شای ئێرانە، ئەوەشی دووبارە تراژیدیایە ئێمە تەنیا باجی شکستی مۆدێرنە نادەین، بەڵکو دەبینە قوربانیی بۆ ئەو سیستمانەی کە پاش شکست دێنە ئاراوە، ئیتر ئەوە کۆماری ئیسلامییە، توندڕەوی ئایینی‌و نەتەوەیی عەرەب‌و تورکە.

بۆیە بەئاگابوون لە ئاگامبین بۆ ئێمە پرسێکی هەنووکەییە، لە ئاگامبینەوە فێردەبین ئەو دەوڵەتەی کە نیمانە ئەگەر هاتوو بەرهەممان هانی، ئـەوا ڕەنگە ببێتە مایەی ئەوەی کە زیاتر ئازادیمان لێ زەوت بکات، ئەم بەئاگاییە ڕەنگە لە ئێستای کوردستانی باشووردا زیاتر هەنووکەیی بێت، دەسەڵاتێکی سیاسیی لە شێوەی حکومەتی هەرێمدا ئەگەر بەئاگایانەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین، ئەوا لە بری ئەوەی ببێتە حکومەتێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانمان، دەبێتە حکومەتێک بۆ بەڕێوەبردنمان، جوداییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی حکومەت یان دەوڵـەت دەزگایەک بێت کە بوارت بۆ بڕەخسێنێت بۆ بەدیهێنانی مافەکانت، لەگەڵ دەسەڵاتێکدا کە تۆ بکاتە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک، کە پەیوەندیی بە تۆوە نییە.

ڕەنگە لەمە زیاتر بەئاگابوونی ئێمە لە ئاگامبین یارمەتیدەر بوایە، یان بێت بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە لە بەغدا پەروپۆ دەکات، ئێمە بە گەرموگوڕییەوە بەشداربووین لە بونیادنانەوەی دەوڵەت‌و دەزگاکانی عێراقی نوێ‌و چالاکانە بووینە بەشێک لە حکومەت، بەبێ ئەوەی هەرگیز ئەو گومانە لە خۆماندا چەکەرە پێبکەین، کە ئەوەی ئێمە تێیدا بەشدارین لە هەموو جێگایەکی دونیا مرۆڤی لە پەلوپۆ خستووە، ڕووت‌و ڕەجاڵی کردووە، هەرگیز لەوە باشتر بۆ ئێمە (بەرهەم) ناهێنێت.

ئاگامبین بە ئاگامان دەکاتەوە کە چەمکەکان، بەهاکان، زاراوەکان، کاتێک دێنە نێو بواری دەوڵەتەوە، ئەوا مانای تایبەتی خۆیان وەردەگرن، کە لە زۆر باردا دژ بە مانا ڕووکەش‌و زانراوەکەیەتی، ئەمە بۆ ئێمە وانەیەکی گەڵێک بە نرخە، چۆن زمان کاتێک دەبێتە دەسکەلایەکی دەوڵەت، وەک بەم شێوازە بەکاردەبرێت یان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چ ڕۆڵێک دەبینێت لە قۆرغکردنی بیرکردنەوە، لە هێنانەئارای تەمومژ بۆ شاردنەوەی کێشەی ڕاستەقینە، ئەمڕۆ میدیا کارێکی ترسناک لەم بوارەدا دەکات.

ئاگامبین هـەروەهـا ئـەوەمـان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لە سیستمی ڕۆژئاوادا ژیانی باش تەنیا کاتێک بەرهەم دێت، کە ژیانی خراپ لە تەنیشتییەوە بێت، ژیانی باش بەبێ ژیانی خراپ مەحاڵە، بەبێ مـردووە زیـنـدووەکـان، مرۆڤە ژیاوەکان ناژین، بۆیە پرسیار ئەوەی لە لاساییکردنەوەی پرۆژەی مۆدێرنەی ڕۆژئـاوادا بواری مردووە زیندووەکان چەند فراوانە. لە ڕۆژانـی داهاتوو لە زانکۆی بێرگن لە وڵاتـی نەرویج من چەمکەکانی ئاگامبین بەکاردەبەم بۆ خوێندنەوەی ژیانی کورد لە هەناوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە میانەی کۆنفرانسێکدا.

بەئاگابوون لە ئاگامبین‌و هەروەها فەیلەسوفە پۆستمۆدرێنەکانی ڕۆژئاوا، دەبێتە هۆی هێنانەئارای ئاگاییەک کە لە مەترسییەکانی مۆدێرنە بە ئاگامان بکاتەوە، بەتایبەت لەم پرۆژەی مۆدێرنەدا زۆر دروشمی بریق‌و باقی هەڵخەڵەتێنەر هەن، کە ڕەنگە دەرئەنجامیان مەترسیدار بێت.

# ڕێکخراوی هونەرمەندان، ناشەرعییە



شێوەکار: محەممەد هاشم – هەولێر

ساڵـی (٢٠٠٦) لەکاتێکدا کـە بە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی‌و دوور لەهەموو ڕێساکانی کاری ڕێکخراوەیی، هەردوو یەکێتیی هونەرمەندانی (سلێمانی) و سەندیکای هونەرمەندانی (هەولێر) لە کۆنگرەیەکدا بوون بە یەک‌و (ڕێـکـخـراوی هـونـەرمـەندانی کوردستان)یان دروستکرد، هەر لەوکاتەدا کۆمەڵێک هونەرمەندی خاوەن ئەزموون‌و دیار لە بواری هونەرە جوانەکانی کوردستان، لـە هاودەنگییەکیاندا لـەژێـر نـاوی (هونەرمەندانی ناڕازیی) کۆبوونەوەو دژی ئەو کۆنگرە ناشەرعیی‌و بێ بنەمایە وەستانەوە، کە بەهیچ شێوەیەک حسابی بۆ ئیرادەی میهرەبان‌و داهێنەرانی ئەو هونەرمەندانە نەکرد، کە لەبوارەکەیاندا خاوەن ئەزموون‌و ئەفراندنی بەرچاون، ئـەوەی جێگەی سـەرنـجـە، چونکە کۆنگرەکەیان لەژێر چەتری (ئتیفاقییە ستراتیژییەکەی پارتی‌و یەکێتی) بوو، هیچ مەودایەکی بۆ ئازادیی‌و ڕادەربڕینی هونەرمەندە سەربەخۆو ڕاستەقینەکان نەهێشتەوە، کە بتوانن لە ڕاسپاردەو پێشنیارەکان هاوبەش بن، ئەو کۆنگرەیە کە بەپێی بڕیاری سیاسیی هەردەبوایە بکرایە، جگە لە قۆرغکردنێکی حیزبیانە بۆ ڕێکخراوەکە، هیچ پرۆژەیەکی تری پێنەبوو، لەو کۆنگرەیەدا هونەرمەندانی حیزب، ئەو هونەرمەندانەی تەنیا لە بۆنە حیزبییەکاندا، هونەر وەک موهەڕیجێک دەخـەنـە هـۆڵـەکـانـەوە لـەبـەردەمـی بەرپرسانی سیاسیی کڕنووش دەبەن، یەکیانگرتەوە دوای کۆنگرەکەیان، ئێمەی هونەرمەندانی ناڕازیی چەندین گفتوگۆو دانیشتنی ڕەسمیمان لەگەڵ لیژنەی بـاڵای ڕێکخراوەکە ئەنجامدا، تا کار گەیشتە ئەوەی پەرلەمانی کوردستانیش هاتە نـاو بـاس‌و کێشەکانەوە، بەڵام ئـەوان لە ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، جورئەتی ئەوەیان نەکرد لەژێر ڕاسـپـاردەی حیزبەکەیان بێنە دەرەوە، گفتوگۆکان بـە بنبەست گەیشتن‌و ئێمەی هونەرمەندانی ناڕازیی لە بێ ئومێدبوونمان بە ڕێکخراوەکە هاتینە دەرەوە، لەژێر ڕۆشناییەکانی سەربەخۆیمان درێژەمان بە کارەکانماندا، کەچی ئـەم ڕێـکـخـراوە لیژنەیەکی دامـەزرانـد بۆ وەرگرتنی ئەندامانی ڕێکخراوەکە، هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەریی‌و چالاکیی مێژووی کارەکانی، کە بە بـڕوای من کەسانێک هەبوون لە لیژنەی هەڵسەنگاندنەکە کە خۆی هونەرمەند نەبوو، وە ئەگەر خۆی بخرێتە ژێر فلتەرێکی ڕاستەقینەی هونەرییەوە، ئەوا دەرناچێت، چجای هەڵسەنگاندن بۆ هونەرمەندان بکات، لە دوا ئەنجامیش ئەم لیژنەیە ڕێژەیەکی زۆرزۆری کرد بە ئەندام لە (هونەرمەندان‌و ناهونەرمەندان) بۆ ڕێکخراوەکە، کە بێگومان لە وەرگرتنی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەش منافەسەی حیزبیی‌و هەرچی زۆرتـری ئەندامانی حیزب هەیە زووتـرو فراوانتر ڕێگەی بەئەندامبوونی بۆ نزیککرایەوە.

سەرئەنجام دەبینین جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە خۆی دان بەوەدا دەنێت‌و لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) ئاماژەی پێدەکات، کە لە (٢٨٠) کەس کە گوایە ئەندامی کاران، ئەوا (١٠٠) کەسیان هونەرمەند نەبوون، وە نزیکەی(٣٠٠) کەس هیچ ئەوەلیاتێکی لە سکرتاریەتی ئەم ڕێکخراوەدا نییەو پێناسی ڕێکخراوەکەشیان هەیە؟!!!.

جگە لەمانەش ئەم ڕێکخراوە، کە بەخشینی مانگانەی لە حکومەتی هەرێم هەیەو بەپێی زانیاریی من لە سەرەتادا مانگانە (٧٠) ملیۆن دیناریان وەردەگرت، کە پارەیەکی زۆرەو دەکرێت چەندین پرۆژەی هونەریی‌و شاکاری گەورەی پێ ئەنجام بدرێت، کەچی دەبینین تاکو ئێستا ڕێکخراوی هونەرمەندان هیچ پرۆژەیەکی هونەریی ئەنجام نەداوە، جگە لە بەشداریکردنی لە بۆنەو ئاهەنگەکانی حیزب‌و حکومەت، ئەم بڕە پارەیەی کە باسم کرد دەتوانرا مانگانە (١٠) پێشانگەی شێوەکاریی، یان (٤) کۆنسێرتی هونەریی گەورە، یان (١٠) شانۆگەریی، یان (فیلمی سینەمایش)ی پێبکرێت، بۆ نەکرا؟!، جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە کە ئێستا گلەیی ئەوە دەکات، ئەی بۆ پرسیاری ئەو (٧٠) ملیۆن دینارە چی دەڵێت؟!

من نازانم یەکگرتنەوە مانای چی؟ کە دوای چوارساڵ، ئێستاش هەریەک لە (یەکێتیی هونەرمەندان)و (سەندیکای هـونـەرمـەنـدان) بـڕیـاری دژ بەیەک دەردەکـەن‌و ناتەبان لەسەر کێشەو گرفتەکانیان لە ئەنجامدانی کۆنگرە، (ئەنوەر شێخانی) سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان ڕاست دەکات، کە دەڵێت: (ئەنجومەنی باڵا شەرعیەتی نەماوە)، چونکە بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ڕێکخراوەکە، دەبوایە کۆنگرە بکرایە، ئەم بارگرژییەی ئێستای ئەم ڕێکخراوە تـێـیـکـەوتـووە، دەرهـاویـشـتـەی ئەو هەموو کەیسە هەڵپەسێردراو و ڕق‌و دووبەرەکییەیە، کە لە سەرەتاوە ڕەگی داکوتاوە لەنێو ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە، لەم هەموو کێشانەی کە ئێستا تەشەنەی کردووە، ئەگەر کۆنگرەش بکات، چونکە دەستی حیزب زۆر ئەستوورترە لە ملی باریکی ئەم کۆمەڵە هونەرمەندە، کە ڕێژەیەک لە خەڵکی هەلپەرست‌و بودەڵەو بەرژەوەندیی پارێزیشیان تێدایە، جگە لە فراوانکردنی بوارەکانی ئازادیی‌و بڕینی دەستی حیزب لەو ڕێکخراوەو بەشێوەیەکی دیکە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکەو سەرلەنوێ دروستکردنەوەی لەسەر بنەمایەکی هونەریی‌و دیموکراسی.

*** ئێستا ڕێکخراوی هونەرمەندان هیچ پرۆژەیەکی هونەریی ئەنجام نەداوە جگە لە بەشداریکردنی لە بۆنەو ئاهەنگەکانی حیزب‌و حکومەت.**

# مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە کوردستاندا پێشێل دەکرێت

ڕۆژنامە

مافی بەدەستهێنانی زانیاریی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەزۆر پرس و بابەتی ترەوە، کە لە پێویستیی و چالاکی ڕۆژانەی هاوڵاتییانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە بابەتی دیکەی وەک ئاستی فەراهەمبوونی بنەماکانی دیموکراسی، شەفافیەت، دەرخستنی گەندەڵیی، فەراهەمبوونی بنەماکانی ئازادیی ڕادەربڕین، بەشداریی و ئاستی ڕۆڵ و چالاکی ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەوانیی.

## مافی بەدەستهێنانی زانیاریی چییە؟

مـافـی بـەدەسـتـهـێـنـانـی زانـیـاریـی بریتییە لە، توانای دەستڕاگەیشتن بەو زانیارییانەی کە لەلایەن دەوڵەت و بە تایبەت دەستەگشتییەکانەوە هەڵگیراون، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی کە هاوڵاتییان پێویستیان پێیەتی و سوودمەند دەبن لێی بە مەبەستی بنیاتنانی بیروبۆچوون دەربـارەی پـرس و بابەتی جیاواز، هەروەها دەوڵەت و دەستەگشتییەکان ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی ئاشکراکردنی زانیارییە جیاوازەکان دەکاتەوە، ئەگەریش داواکارییەکی تایبەت لەلایەن کەس، یان لایەنێکەوە بوونی نەبوو بۆ ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانە.

مافی بەدەستهێنانی زانیاریی سەرەڕای ئـەوەی بە ڕەگەزێکی گرنگی حکومەت و بەڕێوەبردنی دیموکراسییانە دادەنرێت، بریتیشە لە مافێکی بنەڕەتی و ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە پـرس و مافی ئازادیی ڕادەربڕین و بەندێکی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیشە.

گرنگیی بەدەستهێنانی زانیاریی لەلایەکەوە خۆی دەبینێتەوە لەوەی، وادەکات چالاکییەکانی دەوڵـەت و حکومەت شاراوە نەبن و ئەوانەی لە دەسەڵاتدان بەرپرسیاربن، لە هەمانکاتیشدا بابەتێک بن بۆ لێپرسینەوە، لە لایەکی تریشەوە بەهاو مانا دەداتـە پرۆسەی ڕادەربڕین، بەوەی ڕاکان لەلایەن کەسان و لایەنی ئاگادارو هۆشیار بە بابەتە پەیوەندیدارەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن.

مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە چەندین وڵاتی جیهاندا بووەتە مافێکی دەستووریی و یاسایی و زیادبوونێکی بەرچاو لە ژمارەی ئەو وڵاتانەدا هەیە کە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی تیایاندا بووەتە مافێکی یاسایی و تـاوەکـو ئێستا ژمـارەی ئـەو وڵاتانە گەیشتووەتە (٩٠) وڵات.

## بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان چۆن باسی دەکەن؟

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە خولی یەکەمی خۆیدا لە ساڵی (١٩٤٦) ئاماژە بە مافی بەدەستهێنان و دەستاودەستکردنی زانیاریی دەکات، کاتێک لە بڕگەی یەکەمی بڕیاری ژمـارە (٥٩) دا دەڵـێـت: «مافی دەستاودەستکردنی زانیاریی بە یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێت، وەک چۆن پارسەنگی هەموو ئەو ئازادییانەشە کە نەتەوەیەکگرتووەکان دەیانسەپێنێت».

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، کە لە ساڵی (١٩٤٨)دا دەرچووە، زۆربەڕوونی و وەک مافێکی بنەڕەتی باس لە دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان و مافی ئازادیی بیروڕا دەکات، لە مادەی (١٩)دا هاتووە: «هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیروڕاو ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە، کە ئەمەش مافی ئازادیی وەرگرتنی بیروڕا بەبێ تەنگ پێهەڵچنین و دەستڕاگەیشتن بە هەواڵ و بیروڕاو گواستنەوەیان بۆ کەسانی تر دەگرێتەوە، بەهەر ئامرازێک و بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنوورەکان.

لـە مـادەی (١٩)و خـاڵـی دووەمـی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی (١٩٦٦)دا هاتووە: «هەموو مرۆڤێک مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هـەیـە، ئـەم مـافـەش بریتیی دەبـێـت لە؛ ئازادیی گەیشتن بە هەموو شێوە بیروڕاو زانیارییەک و وەرگرتن و گواستنەوەیان بۆ ئەوانی تر بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنوورەکان، چ بە شێوازی نووسراو، یان چاپکراو بێت، یان لە چوارچێوەی هونەریی بێت، یان هەربەشێوازێکی تر کە هاوڵاتی خۆی هەڵیدەبژێرێت».

هەروەک لە ڕاگەیاندنی خولی یەکەمی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لـــە ساڵی (١٩٤٦) لە بڕیاری ژمارە (٥٩)و هەروەها بەندی (١٩)ی جاڕنامەی جیـهـانـیی مافەکانی مرۆڤ لە مادەی (١٩)و خاڵی دووەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە سیاسیی و مەدەنییەکان دەرکەوتووە، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئازادیی بیروڕاو مافی بەدەستهێنانی زانیاریدا هەیە.

لە ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە نەهێشتنی گەندەڵیی لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٠)، لە مادەی (١٣) لە خاڵی یەکەم، بڕگەی (أ و ب)دا هاتووە:

«أ: بەهێزکردنی شەفافیەت لە پرۆسەی بـڕیـاردان هـەروەهـا هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن تێیاندا.

ب: زامنکردنی دەستکەوتنی زانیاریی بەشێوەی پراکتیکیی بۆ هاوڵاتییان.

«گرنگیدان بە پرسی شەفافیەت و زانیاریی لە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە نەهێشتنی گەندەڵیی، پێویستی سەرجەم ئـەو ڕێوشوێنانە دەردەخـات کە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی مسۆگەر دەکەن بۆ دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی دوور لە گەندەڵیی.

ڕێکخراوی یونسکۆ لە جاڕنامەی خۆی لە کۆنگرەی گشتیی ساڵی (١٩٧٨)داو لە میانی جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵـی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان لە چەسپاندن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ زۆر بەڕوونی باسی لە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی و گەیاندنی ئەو زانیارییانە بە خەڵکو هاوڵاتییان دەکات، هەر لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری ژمارە (٥٩)ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ساڵی (١٩٤٦)دا پەسەند کراوە، یاداشت کراوەتەوە.

لە مادەی یەکەمی جاڕنامەی یەکەمی ڕێکخراوی یونسکۆ سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە: «پشتگیری ئاشتی و لێکگەیشتنی نێودەوڵەتی و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و نەهێشتنی نـەژادپـەرسـتـی و جیاکاریی نەژادیی و نەهێشتنی هاندان بۆ شەڕوشۆڕ، پێویستی بە دەستاودەستکردنی ئازادانەی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان بەشێوەیەکی بەربڵاوتر هەیە، پێویست دەکات هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەشدارییەکی بنەڕەتی لەم ڕووەوە ببینن».

## لە دەستوور و یاساکانی عێراق

هەرچەندە دۆکیۆمێنتە دەستووریی و یاساییەکانی عێراق دەقێکی ئاشکراو ڕوونی تێدا نابینرێت، کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بدات بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، لە هەمانکاتدا ئەو دۆکیۆمێنتانە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بەم مافە دەدەن لە ڕێگەی سەلماندنی ماف و ئازادیی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەنووسیی.

لە بەندی یەکەم، بڕگەی دوو، بڕگەی (١)، خاڵی (ب)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: «نابێت یاسایەک دابنرێت لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکاندا ناتەبا بێت»، ئەمەش عێراق و هەرێمی کوردستان دەخاتە بـەردەم بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی بنەما پەیوەندیدارەکان بە ماف و ئازادییە گشتییەکانەوەو لەناویشیاندا مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، بەوپێیەی وەکو ماف و ئازادییەکی بنەڕەتی و بنەمایەکی دیمـوکـراسـی لـە زۆر لـەو جاڕنامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی مافی مرۆڤ کە وڵاتی عێراق ئیمزای لەسەر کردوون ئاماژەی پێدراوە.

لە بەندی دووەم، بەشی دووەم، مادەی (٣٨)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مافی بەدەستهێنانی زانیاریی جێگیر کردووە، بەوپێیەی ئەم مافە لە پێویستییە سەرەکییەکانی مافی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەو ئەم دوو مافەش لەم مادەیەدا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی پێدراوە، کە دەڵێت: «دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ بە مەرجێک نەبێتە هۆی تێکچوونی یاساو ئادابی گشتیی:

یەکەم: ئازادیی ڕادەربڕین بە هەموو شێوەکان.

دووەم: ئـازادیـی ڕۆژنـامـەگـەریی و چـاپـکـردن و ئـاگـاداری و ڕاگـەیـانـدن و بڵاوکردنەوەیە».

ئەوەی تێبینی دەکرێت سنووردارکردنێک بۆ ئەو مافە سەلمێنراوانە هەیە لەم مادانەدا ئەویش پەیوەست بوونە بە؛

«یاساو ئادابی گشتیی» ئەوەش چەمکێکی ناڕۆشنەو ئەگەری پێناسەی جیاوازو تەنانەت بەکارهێنانی جیاوازیشی هەیە وەک پاساوێک بۆ سنووردارکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەریی و مافی بەدەستهێنان و دەستاودەستکردنی زانیاریی.



## مافی بەدەستهێنانی زانیاریی و هەرێمی کوردستان؟

لە هەرێمی کوردستاندا بۆشاییەکی گەورە لەو بـوارەدا هەیە، کە ئەوەش کاریگەریی خراپی داناوەو بووەتە هۆکاری ناڕۆشنی و پەکخستنی زۆر کاروبارو کایەی ژیانی کۆمەڵگە، بێگومان پرسی بەدەستهێنانی زانیاریش یەکێکە لەوانە، بەڵام لە هەمانکاتدا کۆمەڵێک ڕەشنووس و دۆکیۆمێنتی یاسایی و هەوڵی جـیـاوازی پەیوەندیدار بە مافی بەدەستهێنانی زانیارییەوە هەن، کە دەتوانین ئاماژەیان پێبدەین.

هـەرچـەنـدە دەسـتـووری هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا بە شێوەی ڕەشنووس ماوەتەوە، بەڵام دەتوانین ئاماژە بە هەندێک لە بڕگەو مادەکانی کە هاوپەیوەندە بە مافی بە دەستهێنانی زانیارییەوە، بدەین.

لـە بـەشـێـکـی مـادەی شـەشـەمـی ڕەشنووسەکەدا هاتوو: «نابێت یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی».

لە بەشێکی خاڵی (١٠) ی مادەی (١٩)ی هەمان ڕەشنووسدا هاتووە: «هەموو کەس مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیەو پێویستە ئـازادیـی ڕۆژنـامـەنـووسـی و هۆیەکانی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و فرەلایەنیان مسۆگەر بکرێت».

ئەمەش دانپێدانانێکی دەستووری گرنگە بە مافی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی، کە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی هۆکارێکی گرنگی پەراوەکردنی ئەم مافەیە، بـەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشی دواتری هەمان ئەم خاڵ و مادە دەستوورییە، ئەم مافە مەرجدار دەکـات بە هەندێک خاڵی ناڕۆشنەوە کە ئەگەری پێناسەو لێکدانەوەی جیاوازییان هەیە، بە شێوەیەک مافە دانپێدانراوەکان لەم مادە دەستوورییەدا ڕووبەڕووی پێشێلکردن دەکاتەوە وەک لە م بەشەدا هاتووە: «بەڵام ئەم مافە توانج و تەشەرو دەستدرێژیی بۆ سەر مافی خەڵکی دیکەو سوکایەتی بە پیرۆزییە ئایینییەکان و هاندان بۆ توندوتیژیی و برەوپێدانی ڕق و کینە لەنێو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان– عێراقدا ناگرێتەوە».

لە خاڵی (١١)ی هەمان دەسـتـووردا هاتووە: «مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بە یاسایەک دەستەبەر دەکرێت».

ئەم خاڵە دوو ڕەهەندی لەخۆگرتووە، لە لایەکەوە هەنگاوێکی پۆزەتیڤەو خزمەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی دەکات، لە لایەکی تریشەوە جۆرێک لە ناڕۆشنی لەخۆگرتووە، بـەوەی کـە هیچ جـۆرە گرەنتییەکی دەستووریی مسۆگەر ناکات بە مەبەستی بەرهەمهێنانی یاسایەکی پێشکەوتووانە کە بنەما نێودەوڵەتییەکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی تێدا مسۆگەر بکرێت.

لە ئێستادا تاکە سەرچاوەی سەرەکیی یاسایی پەسەندکراو کە پشتی پێببەسترێت، کە پەیوەندیی بە مافی بەدەستهێنانی زانیارییەوە لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت، بریتییە لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوەو لە خاڵی دووەمیدا هاتووە: «ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەک کە بایەخی بۆ هاوڵاتییان هەبێت و پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی گشتییەوە هەبێت، وەدەستبێنێت»، ئەمەش دانپێدانانێکی ڕوونە بە مافی وەرگرتنی زانیاریی بەلانی کەمەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان کە دواتر لەوانیشەوە بە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە دەگوازرێتەوە بۆ هاوڵاتییان.

سـەرەڕای بوونی ئەو دەقـە یاساییە ڕوونە، کەچی تائێستا لە زۆرێک دامودەزگای حکومیدا کار بە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١)ی سەردەمی حیزبی بەعس دەکرێت، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەست بێت بە بەخشینی زانیاریی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەمەش ڕاستەوخۆ کارێکی نایاساییە، چونکە بە پێی یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان؛ نابێت کار بە هیچ دەق و یاسایەک بکرێت ناکۆک و دژ بووەستێتەوە لەگەڵ یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستاندا.

## بیانووی ئاسایشی نەتەوەیی

ئـەوەی بـووەتـە پـاسـاوی سەرەکیی لە ئاشکرانەکردنی زۆر زانـیـاریـدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستاندا، مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەییە، لە کاتێکدا ئەم بابەتە تاوەکو ئێستا هیچ ناساندن و دیاریکردنێکی نییە بە تایبەت لە سایەی نەبوونی یاسایەکدا کە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی ڕێکبخات و ئەو زانیارییانە بناسێنێت، کە پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، لە بارودۆخێکی وادا ئەوەی پێی دەوترێت ئاسایشی نەتەوەیی، بووەتە پاساوی پێنەدانی زۆر زانیاریی سادە، کە ڕەنگە هیچ پەیوەندییەکی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە نەبێت.

سـەرەڕای نەبوونی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، لە زۆرێک دامودەزگای حکومیدا کار کار بە کۆمەڵێک ڕێنمایی و ڕێوشوێنێک دەکرێت کە ئاستەنگن لەبەردەم پێدانی زانیاریی، یان پرۆسەی وەرگرتنی زانیاریی ئەوەندە دوورو درێژ دەکات کە لایەنی داواکاریی زانیاریی سەرکەوتوو نابێت لە دەستکەوتنی زانیاریی پێویستدا.

سـەرەڕای خـراپـیـی بـارودۆخـی دەستکەوتن و بڵاوکردنەوەی زانیاریی لە زۆر ڕووەوە لە هەرێمی کوردستاندا، هاوکات بەشێکی ئەو زانیارییانەی کە لە هەندێک دامودەزگای حکومییەوە دەبەخشرێت وردو ڕاست نین، هەندێک جار ئەم کارە بە مەبەست بۆ شـاردنـەوەی ڕاستییەکان دەکرێت و هەندێکجاریش پەیوەندیی بە سیستمی هەڵگرتن و ئەرشیفکردنی زانیارییەکانەوە هەیە لە لایەن دامودەزگاکانەوە، کە سیستمەکەیان ئەوەندە دواکەوتووە، کە نەک هەر کار دەکاتە سەر ئاستی دروستیی زانیارییەکان، بەڵکو پرۆسەی وەرگرتنی زانیاریی دوورو درێژ دەکات و تەنانەت مەترسیی هەیە بۆ سەر ئاسایش و مانەوەی خودی زانیارییەکان.

## ڕێوشوێنی زۆر و گرفتەکان

هەندێک لە بەرپرس و فەرمانبەرانی حکومەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە هەر لایەنێک داوای زانیاریی بکات، پێویستە نـووسـراویـان ئاراستە بـکـات و خۆیان بـەتـەواوی بناسێنن ئەوکات زانیارییان پـێـدەدەن، بـەڵام دەیـان ڕۆژنامەنووس و دەزگای ڕاگەیاندن گەواهی ئەوە دەدەن کە بە هەموو شێوەیەک داوای زانیارییان کردووەو پێیان نـەدراوە، لەوانەش: نووسراویان ئاراستەی دامودەزگاکان کـردووە، بەڵام زانیارییان پێنەدراوەو داواکارییەکەیان فەرامۆش کراوە، ئەوەی جێگەی نیگەرانییە هیچ دۆکیۆمێنت و دەزگایەکی داوەریی نییە، کە بتوانرێت پشتیان پێ ببەسرێت و سکاڵایان ببرێتە بەردەست بۆ وەرگرتنی زانیاریی.


ڕۆژنامەنووسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن؛ لە ئەنجامی لێپێچینەوەو سـزادان لەسەر بەخشینی زانیاریی بە ڕاگەیاندنەکان، یان هەر شێوە لێدوانێک لە پرسە گەرمەکان، بـووەتـە مایەی تـرس و نیگەرانیی لای سەرچاوەی زانیارییەکان، کە ناوێرن لە پاڵ زانیاریی و لێدوانەکانیاندا ناویان بهێنرێت، یان ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکرێت، ئەوە لەیەککاتدا هاوڵاتی و فەرمانبەرانی حکومیشی گرتووەتەوە، کە هەندێکجار فەرمانبەرو بەرپرسی باڵان لە حکومەتدا، چونکە بەپێی یاسای بەرزەفتکردنی کارمەندی حکومیی عێراقی سـەردەمـی بەعس سـزای ئەو بەرپرسانە دەدرێت، کە زانیاریی دەبەخشن.

گرفتێکی سەرەکیش کە هەم ڕووبەڕووی داواکـاری وەرگـری زانیاریی و خـاوەن زانیاریش دەبێتەوە ئەوەیە؛ بەشێکی زۆر لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گـیـرۆدەی ئـەوەن کە بانکی زانیاریی و سیستمێکی ئەرشیفکردنی پێشکەوتوویان نییە،. کە بەهۆیەوە هەم حکومەت بتوانێت زانیارییەکانی تێدا بپارێزێت و هەم کەناڵێکیش بێت لە بەردەستی هاوڵاتی و ڕاگەیاندنکاران، کە بەهۆیەوە بتوانن بەردەوام ئەو زانیارییانەی کە پێویستیان پێیەتی لە کارەکانیاندا دەستیان بکەوێت.

لەگەڵ ئەوەی کارکراوە بۆ ئەوەی کار بە سیستمی کۆمپیوتەریی و ئەلکترۆنی بکرێت بۆ هەڵگرتن و پاراستنی زانیارییەکان، بەڵام ئەو هەوڵانە تا ڕادەیەکی زۆر سنووردارن و تەریب نین بە ژمـارەی ئەو دامودەزگا حکومییانەوەو قەبارەی ئەو زانیارییانەی پێویستیان بە پاراستن هەیە.

داخستن و شاردنەوەی زانیارییەکان لە هاوڵاتییان و ڕاگەیاندنکاران، دەرفەتی دروستبوون و بـڵاوبـوونـەوەی هـەواڵ و زانیاریی نادروستی ڕەخساندووە، کە دواتر بووەتە هۆی ڕووبـەڕووبـوونـەوەی ئەو ڕاگەیاندنانە بە کێشەو دادگاو سکاڵای لایەنە حکومییەکان، هەندێکجار سزاکان لە سزای کۆمەڵایەتی و دارایـی تێپەڕیان کردووەو گەیشتوونەتە ئاستی دەستگیرکردن و چەندین ڕۆژنامەنووسیش ڕووبـەڕووی هەڕەشەی کوشتن بوونەتەوە.

**سوود لە بڵاوکراوەی بەدەستهێنانی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان وەرگیراوە کە لەلایەن کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان (PDA)ەوە لە ساڵی (٢٠١٠)دا دەرکراوە**



# ئازادیی رادەربڕین وەک زامنی ئارامی



بابەکر دڕەیی

دەوڵەتانی دنیا، بەتایبەت دەوڵەتانی دنیای سێ، لە چوار رێگاوە حوکمڕانییان درێژە پێدەدەن و بە چوار شێواز سەرەداوی کــاروبـــاری سیاسی لە دەستی خۆیاندا دەهێڵنەوە کە بریتین لە:

ــــ پارە
ــــ یاسا
ــــ ئایدیۆلۆژی
ــــ توندوتیژی

بەکارهێنانی ئــەم چــوار جومگەیە لە زۆربـــەی دەولــەتــە نادیموکرات و نیمچە دیموکراتەکانی دنیادا بۆتە رێسایەکی چەسپاو و تەنانەت دەتوانین بڵێین کەم حکومەتی وڵاتە دواکەوتووەکان هەیە کە هەر کام لەو چوار ئامرازە (کەم و زۆر) نەخاتە خزمەتی مانەوەو درێژەدان بە تەمەنی.

لە وڵاتــە پێشکەوتووەکانیشدا پارەو یاسا و توندوتیژی پۆلیس و « ئایدیۆلۆژیا» سودیان لێ وەردەگیرێ و دەخرێنە خزمەتی مانەوەی دەسەلات، بەڵام هیچ حکومەتێکی دیموکراتی جیهان بۆی نییە لە دەرەوەی یاسا چەسپاوەکاندا پارەو پولی میللەت و سامانی بەدەستهاتوو لە باج و داهاتە نەتەوەییەکان بەپێی میزاج ســەرف بکات، توندوتیژی بەکاربهێنێ یاخود رەواج بۆ بیروباوەرێکی دیاریکراو پەیدا بکات، یاسای وڵاتانی دیموکرات تا رادەیەکی زۆر توندوتۆڵو کاربرە، بەڵام ئەم یاسایانە بە ئەندازەیەک عادلانە و ملکەچی دەستورو رێساو عورفە یاساییەکانی وڵات و بەرژەوەندی مادی و مەعنەوی میللەتن، کە هاوڵاتی بە ئاسانی هەست بە مەغدوریی و تەریک کەوتن و بێکەسی ناکات لە بەرامبەریاندا.

لە وڵاتانی دیموکراتدا جگە لە سەروەری بەها دیموکراتییەکان لە ئاستی سیستمی وڵاتدا، ئایدیۆلۆژیەکی چەسپاو وجودی نییە. سەرجەم بیروباوەڕەکان قابیلی رێزگرتنن مەگەر ئەو بیروباوەڕە فاشیستی و نازیانە نەبێ کە خەریکی ئــەوەن لە چوارچێوەی فیکرو ئایدۆلۆژیا بێنەدەر و وەک رێکخستن و سیاسەت سەرلەنوێ مێشکی هاوڵاتیان بەپەتای مرۆڤکوژی دووچاری گەندەڵبوون بکەنەوە.

لە وڵاتــی ئێمەدا ــ بــەوپــەڕی داخ و خەفەتەوە ــ هەر چوار ئامرازی ناوبراو بێکەم و زیاد، لەکاتی جیاجیاداو بەپێی زروفـو بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی، وەک دەمانچەی کاوبۆیەکانی سەدەی نۆزدەیەمی ئەمریکا دێنە بەکارهێنان و وەگەڕخستن.

ئایدۆلۆژیای دەســەڵاتـداری کــورد لەم هەرێمەدا ناسیونالیزمی کرکەوتووە لە سەر پارەی گەندەڵی، نەتەوەپەرستییەکی هاشوهوشکەرە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەو کێشە نەتەوەییە ستراتیژییەکاندا.

لەکاتی ئاساییدا وئەو کاتانەی دنیا بێ قڕەیە، دروشمی ناسیۆنالیستی دەسەڵاتدارانی کورد «پاراستنی دەستکەوتەکان»ە، ئەو دەستکەوتانەی کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییەو تەنها دەتوانین ئاماژە بە داهاتی لەژمارنەهاتووی نەوت و ڕێــژەی ١٧٪ی بودجەی عێراق بکەین کە چ جۆرە دەستکەوتێکی بێهاوتای بۆ ئەم بەڕێزانە هێناوەتە ئاراوە، تا بەوپەڕی جدییەتەوە پاسەوانی لێبکەن.

بــەڵام کاتێک هەلومەرج دەگــۆڕێ و بــاس دێــتــە ســەر ڕووبــەڕووبــوونــەوەی یاسایی یاخود سیاسی لەگەڵ شۆڤینیست و ناحەزانی حوکمرانی واقعی کورد لە سنوورە راستەقینەکانی نەتەوەی کورددا، سیاسەتی «نەتەوەپەرستی» حاکمانی کــورد دەبێتە قیژەقیژێکی تۆقێنەری بەتاڵ و بێئەنجام کە جگە لە زارۆک و مرۆڤە ترساوەکانی هەردوو بەرەی ناکۆک، کەسی تر حساباتی جیدی بۆ ناکات و فارس گوتەنی «برایش ترە خرد نمیکند».

توندوتیژی لە وڵاتــی ئێمەدا ئەگەر بەرەسمی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئەنجام نەدرێ (کە گومانی زۆر لەسەر ئەنجامدانی هەیە...) کوشتنی ژنان و رۆژنامەنووسان وەک نەریتێکی قــێــزەون و ترسناک لە جەوهەردا دەکەوێتە ئەستۆی دەولــەت و دەزگا دەسەڵاتدارەکان کە رێگای پێ بگرن نەک کەس و لایەنی تر.

بەکارهێنانی پارە لەلایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمەوە بۆ کڕینی ویــژدان و وەلائی خەلک و نوخبە، بەڕاستی شایانی ئەوەیە دەیان و سەدان وتاری لەسەر بنووسرێو هەزاران هەزار نووسین لە ئاستی سیاسەتی بەکارهێنانی پارە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کــوردەوە بۆ بــەرژەوەنــدی و مانەوەی خۆیان، وەک دلۆپێکە بۆ کەشفکردنی دەریای گەندەڵی.

هیچ کەس نییە لەم وڵاتــەدا نەزانێ کە دەســەڵاتـدارە حزبییەکان بە چ شێوازێکی حاتەمیانە و بە چ میزاجێکی شەخسی و ســەروو یاسایی، بــەدوور لە هەر رێساو یاسایەک، بەوپەڕی چاوقایمی و سڵنەکردنەوە لە چاوی خەڵک، پارەو سامانی میلەتیان داوە بە پیاوە حزبی و حکومی و جوجەکانی خۆیان و دەوڵەمەندیان کردوون.

هەموو کەس دەزانێت کە دەسەڵاتدارانی کوردستان تاوانبارن بەوەی ملیۆنەها ملیۆن دینار و دۆلاریان داوە بە کەسانی نالایەق لە ڕوی فیکری و سیاسی و کارگێڕیەوەو سەدان و هەزاران خێزانی شەهید و ئەنفال و پیاوی بەڕێزی ئەم گەلەیان خستۆتە تاریکستانی فەرامۆشی و پەراوێزەوە و لە برسان زەلیلیان کردوون.

لە هەمووی کارەساتبارتر بەکارهێنانی یاسایە لە وڵاتی ئێمەدا.

تاقمێک لە دەسەڵاتدارانی ئێمە پێیانوایە ئــازادیــی و دیموکراسیەت لــە هەرێمی کوردستاندا گیایەکی بێگانەیە کە ناشێ لە خاکی کوردستاندا بڕوێ و سەردەربێنێت.

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کــوردســتــان نموونەی ئەو سیاسەتمەدارانەیە کە لەڕێگای شکاتکردن و گرتنی رێگای یاسایی دژ بە رۆژنامە ئازاد و ناحزبیەکان، دەیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی خەڵک بەوەی گوایە ئەو بە یاسا ململانێ دەکات و بە یاسا رێگا لە رکەبەرەکانی حزبەکەی دەگـرێ کە بە پێی لێکدانەوەی هەڵەی ئەو گوایە تەشهیر بە پارتەکەی دەکەنو زیان بە سومعەی دەگەیەنن.


لێرەدا پێویستە بە بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی بڵێین کە ئەو داوا یاساییانەت دژ بە رۆژنامە و گۆڤارە ئازادەکانی ئەم وڵاتە رێکیخستوون، تەنها لەیەک چوارچێوەدا واتا دەدەن بە دەستەوە کە بریتیە لە دەمکوتی ئازادیی و دیموکراسیەت بەپێی یاسا، هەڵبەت ئەویش نەک یاسای کاری رۆژنامەگەریی کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، بەڵکو یاسای سزادان کە پەیوەندی بەکاری رۆژنامەوانیەوە نییەو لەسەردەمی بەعس و قەتلوعامی ئازادیخوازانی عێراقدا نووسراوە.

بۆیە هەقە لەم مینبەرەوە بە سکرتێری پارتی بوترێ: پارەی گەندەڵی و ئایدۆلۆژیای نــەزۆک و توندوتیژی دەولەتی و یاسای سزادانی سەردەمی کۆن، ناتوانن رێگربن لە هەقانیەتی ئازادیی رادەربڕین و خواستی ژیانێکی عادلانەتر بۆ خەڵکی کوردستان.

ئەو یاسایانەی قابیلی جێبەجێبوون نین نرخیان لە هەموو دنیادا وەک ئەو پارەو ئەسکەناسەیە کە لە کاتی هەڵاوسان و قەیرانی ئابووریدا حکومەتەکان چاپیان دەکەن.

دەڵێین: ئازادیی رادەربڕین زامنی ئارامی کوردستانە، هەقە ئەو «زامنی ئارامی»یە (صمام أمــان) ڕێــزی بگیرێ و لەڕێگەی داواکردنی قەرەبووی نــارەواوە سەرکوت نەکرێت و دەرگاکانی دۆزەخ بۆ خەڵک نەخرێنە سەر پشت.

# رۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەرجەستەکردنی سیستمی فیدراڵیدا



پشتیوان ئەحمەد

دەولــەتــی عــێــراق لــە ســەرەتــای دروستبوونییەوە لەساڵی (١٩٢١)، دەوڵەتێکی تۆتالیتاریی بووە، بەتایبەتی پاش ١٩٥٨/٧/١٤ ئەمە بە روونــی دەرکــەوت و لەسەردەمی سەدام حسێن گەیشتە لوتکە.

پاش نەمانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩ عــێــراق پــێــی نـــایـــە قۆناغێکی تـــازەوە، سیاسەتمەداران و پسپۆڕان و ئەکادیمیستەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دەبێت عێراقی نوێ، عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵیی و لامەرکەزیی بێت و ئەم سیستمە هەموو دەسەڵاتەکان بگرێتەوەو لەیەکدیش جیایان بکاتەوە، هەر وڵاتێک وەکو عێراق فرە مەزهەب، فرە ئایین، فرە نەتەوە بێت، سیستمی دیموکراتی تیایدا سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر ئەو دیموکراتییەتە بەشێوەی دیموکراتی فیدراڵیی نەبێت.

چونکە فیدراڵییەت، ئالییەت و زامنی پاراستنی باڵانسی نێوان جیاوازیی و یەکگرتنەو ئەگەر ئەو باڵانسە لاسەنگ بێت، وڵات بەرەو زاڵبوونی ئیستیبداد دەچێت، یان بەپێچەوانەوە بەرەو پەرتەوازەیی و لەتبوون ملدەنێت.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە چەند قۆناغێک لە گەشەکردنی دیموکراتیی فیدراڵیی بدەین، کە عێراق پاش رزگاربوونی لە ستەمی بەعس هەنگاوی بۆ هەڵناوە.

**قۆناغی یەکەم:**

لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی کاتیی ئیئتیلاف بڕیاری ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی دەرکرد، دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان (السلطات المحلية) لەم بڕیارەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە: عێراق کۆمارێکی فیدراڵیی فرەیی دەبێت و دەسەڵات لەنێوان حکومەتی فیدراڵیی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانییەکان دابەشدەکرێت.

**قۆناغی دووەم:**

بە دەنگدان لەسەر پرۆژەی هەمیشەیی دەستووری عێراق دەستپێدەکات، مادەی یەکی دەستوور دەڵــێــت: کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵیی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، سیستمی حوکمڕانیی تێیدا کۆماریی نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسییە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت، دیسان دەستوور لە مادەی (١١٦) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە سیستمی فیدراڵیی لە کۆماری عێراق لە پایتەخت و چەند هەرێمێک و چەند پارێزگایەکی لامەرکەزیی و دەسەڵاتی لۆکاڵیی پێکدێت، لەمادەی (١١٧)ەش هاتووە:

یەکەم: ئــەم دەســتــوورە لە بــەرواری پیادەکردنییەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئــەو دەســەڵاتــەی ئێستایدا دەنــێــت وەک هەرێمێکی فیدراڵیی.

دووەم: ئەم دەستوورە دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت کە بەگوێرەی بڕگەکانی دەستوور دادەمەزرێنرێن.

لەکاتێکدا مادەی (١١٨) ئاماژە بەوە دەکات: دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران لەماوەیەکی دیــاریــکــراودا بەمەرجێک شــەش مانگ زیاتر تێنەپەڕێت بەسەر یەکەم دانیشتندا، بەزۆرینەی ئاسانیی (الأغلبية البسيطة) یاسایەک دەربکات بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێوشوێنە جێبەجێکارییانەی تایبەتن بە پێکهێنانی هەرێمەکانەوە، لەبەر رۆشنایی ئەم مادەیە، ئەنجومەنی نوێنەران–لیژنەی هەرێمەکان و لە بەستنی یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران جێبەجێ بکرێت و بە زۆرینەیەکی ئاسانیی (الأغلبية البسيطة) ژمارەی ئامادەبووان.

لەبەر رۆشنایی ئەم مادەیە، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەنجومەنی نوێنەران–لیژنەی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لەدەرەوەی هەرێمن–هەستان بە دارشتنی پرۆژەیاسایەک، دوای خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆی، لە بەرواری ٢٠٠٦/١٠/٢٠ خرایە دەنگدان و سەرکەوتنی بەدەستهێناو لە بــەرواری ٢٠٠٨/٢/١١ لە رۆژنامەی فەرمیی– (الوقائع العراقيه) بە ژمارە (١٣) بڵاوکرایەوە.

دەرکردنی ئەم یاسایەو جێبەجێکردنی، گرنگییەکی تایبەتی و ستراتیژیی هەیە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

– ماف بە دانیشتووانی پارێزگایەک یاخود چەندین پارێزگایەک دەدات هەرێمێکی تایبەت بە خۆیان پێکبهێنن.

– دروستکردنی هەرێم، رۆڵی پۆزەتیڤ لە ئەکتیڤکردنی پرۆسەی دیموکراتی دەگێڕێت و زەمینە بۆ هاوڵاتییان دەرەخسێنێت خۆیان رێوشوێنی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان بگرنەبەر.

– دروستبوونی چەند هەرێمێک هیوابڕی شۆڤێنیستانی عێراق دەکـات، کە بیر لەوە بکەنەوە عێراق بگەڕێننەوە بۆ دۆخی جاران و نائومێدو هەناسەسارد دەبن.

– دروستبوونی چەند هەرێمێک، زەمینەی بابەتیی فەراهەم و مەیسەر دەکات، بەمەبەستی سەقامگیربوونی ئاسایش لەو هەرێمانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی، چونکە دەستوور ماف بەو هەرێمانە دەدات پاسەوانی تایبەت بە خۆیان هەبێت و ئەو رێگە ئەمنییانە بگرنەبەر کە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمەکەیان دەسازێت، بەڵام مەخابن و لەبەر چەندین هۆی ناوخۆیی و دەرەکی، تاکو ئێستاو لەبەر رۆشنایی ئەم یاسایە هیچ هەرێمێک لە عێراق دروستنەبووە.

بــە پــشــتــبــەســتــن بــە مــادەکــانــی (١٢٢،١١٥،١١٤،١١٠)ی دەستووری عێراق، ئەنجومەنی نوێنەران–لیژنەی هەرێمەکان و پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم، هەستا بە ئامادەکردنی پــرۆژەیــەک سەبارەت بە چۆنێتی دیــاریــکــردن و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان ئەنجومەنەکان و یەکە کارگێڕییەکان لە ئاستی پارێزگا لەلایەک و لەنێوان ناوەندو قەزاو ناحیەکان لەلایەکی دیکەوە، پاش وەرگرتنی پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان و راوێــژکــارانــی سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیــران و سازدانی چەندین کۆنگرە لە چەندین پارێزگاو گوێگرتن لە داواو خواستی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، پرۆژەکە خرایە دەنگدان و دەنگی یاسایی بۆ دراو بوو بە یاساو بە یاسای پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم ناسرا، پاش ئامادەکردنی پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن لیژنەی هەرێمەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی و تەواوکردنی هەموو رێوشوێنە یاساییەکان، پرۆژەکە خرایە دەنگدان و وەکو یاسا ئیقرار کراو لە بەرواری ٢٠٠٩/١/٣١ هــەڵــبــژاردن لە زۆریــنــەی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم (تەنیا لە کەرکوک نەبێت) ئەنجامدراو یاسای پارێزگاکان چووە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم رۆڵێکی گەورەی لە بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵیی بینی و دانیشتووانی ئەو پارێزگایانە توانییان سەرلەنوێ متمانەی خۆیان بەو کەسانە ببەخشن، کە شایەنی ئەو پۆستانەن، بەهەمان شێوەش بەپێی دەستوور دەسەڵاتێکی زۆری لە ناوەند بڕی و دابەشی کرد بەسەر پارێزگاکان و عێراقی خستەسەر سکەی فیدراڵیی و لامەرکەزیی.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە رۆڵی گرنگی لیژنەی کارو خزمەتگوزاریی بدەین، ئەوان بە خستنەڕووی چەندین پرۆژەیاسا توانییان دەسەڵاتی ناوەند کەمبکەنەوەو پشتگیریی ئەو یاسایانە بکەن کە لەلایەن لیژنەی هەرێمەکانەوە دەرکرابوون، لەوانە پرۆژەیاسای هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی شارەوانیی لە عێراق و رێگەگرتن لە داستاندنی پرۆژەی وەزارەتی شوێنەوارو گەشتوگوزار. بە پشتبەستن بە بڕگەکانی دەستووری عــێــراق، کە کــاروبــاری گەشتوگوزار بۆ هەرێمەکان و پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی بەجێهێشتووە.

بەمەبەستی تــەواوکــردنــی هەیکەلی فیدراڵیی لە عێراق، ئەرکی ئەندامانی ئەم خولەی پەرلەمانە–خولی دووەم- بەگشتیی پەرلەمانتارە کوردو دیموکراتیخوازەکانە، بەتایبەتی کە هەستن بە راپەڕاندنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە:

– دروستکردنی ئەنجومەنی فیدراڵیی، پێویستە ئەندامانی ئــەو ئەنجومەنەو پێکهاتەکەی بەشێوەیەک بێت، قەرەبووی ژمارەی کەمیی ئەندامانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران بکاتەوە.

– دەرکــردنــی یاسایەک سەبارەت بە رێکخستن و پێکهێنانی دەزگایەکی فیدراڵیی، ئەرکەکەی پاراستنی مافی هەرێمەکان و پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم دەبێت لە بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی دەزگـا فیدراڵییەکان و بەشداریکردن لە کۆنفرانسە نێودەولەتییەکان و نــاردنــە دەرەوەی خوێندکاران بە پشتبەستن بــە مـــادەی (١٠٥)ی دەستوور.

– هــەولــدان بەمەبەستی دارشتنی یاسایەک، رێگە دەدات هەیئەیەکی فیدراڵیی دروستبکرێت بە بەشداریی شارەزایانی هەرێمەکان و پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم، ئەم هەیئەیە جێبەجێی ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەکات:

یەکەم: وردبوونەوەلەچۆنێتیدابەشکردنی ئەو قەرزو یارمەتییە نێودەولەتییانە، کە دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان هەرێمەکان و پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم دابەشبکرێت.

دووەم: وردبوونەوەو چاودێریکردنی چۆنێتی بەکارهێنانی داهاتی فیدراڵیی بەشێوەیەکی زانستییانەو ڕێوشوێنی دابەشکردنی.

سێیەم: دابینکردنی شەفافییەت و دادپــەروەریــی لــەکــاتــی دیــاریــکــردن و دابەشکردنی بودجە لەنێوان هەرێمەکان و پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر: ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری
شــاخــەوان ئەنوەر
٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦
shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤



نەبەز گۆران دەینووسێت

قەڵەمی ژەنەراڵێک

# چۆن نەبینە سێبەر؟

لەدەرگای تر دەدەم، لەو دەرگایانەی خەڵکی دی، بەجۆری دیو شێوەی تر لێیان دەدەن، لەبری ئەوەی ئەوان بە بەهێزی بە دەرگاکەدا بکێشن، خۆمان لێبدەین باشترە، لەبەر هیچ نا، لەبەر ئەوەی کە نەبینە ئەوان، هەمیشە بۆئەوەی نەبیتە سێبەری ئەوانی تر، دەبێت بە شوێن درزەکانی لەشتا بگەڕێیت، لەهەر شوێنێک بۆشاییەکت بینی، پڕیبکەیتەوە، بەرلەوەی ئەوان قوڕی خۆیان بگرنە بۆشاییەکانی لەشت، خۆت بەدەستەکانی خۆت، ئەو بۆشاییانە پڕبکەرەوە باشترە لە پڕکردنەوەی نەیارە سەختەکانت کە جگە لەخراپەوتن، شتێکی دی نازانن. قسەکردن لەسەر ئۆپۆزسیۆن، تەنیا ئەرکی خودی ئۆپۆزسیۆن خۆیەتی، قسەکردن لەسەر ئازادیی، تەنیا ئەرکی ئەوانەیە بە ئازادیی دەژینو بە ئازادیی بیردەکەنەوە، هەرگیز کۆیلە تەفسیری بۆ ئازادیی نییە، ئەگەر هەشیبێت، بە هەناسەیەکی کورتەوە هەیەتی کە جگە لە شێواندنی، ڕەنگێکی تری پێ نابەخشێت، ئەگەر دەسەڵاتو قەڵەمەکانی تەفسیری ئۆپۆزسیۆنو ئازادیی بکەن، جگە لە وێنەیەکی شێواو هیچی دی پیشانی ئەوی دی نادەنو هەرگیز ناتوانین وێنەی ڕاستەقینەی هیچ شتێک لە زمانی دەسەڵاتەوە ببینین. ئەزموونی ڕابردوومان، بەردەوام ئەو زەنگە دەدات بەگوێماندا کە بتەوێت هەرشتێک ئاراستەی خۆی وەرنەگرێت، بیدەرە دەست پیاوانی دەسەڵات، ویستت هەر شتێک لە ئەسڵەکەی خۆی داماڵرێتو بە درۆی بچووکو گەورە دەوری بگیرێت، لە ماڵی پیاوانی دەسەڵات جێی بهێڵە.

لـەم گۆشەیەوە، تەنیا دەستکاری ئەو شتانە دەکەم کە بەردەوام دەسەڵات خەریکی ناشیرینکردنیانە، کەم مەملەکەتیش هەیە لەئێستای ئەم سەرزەمینەدا، دەسەڵاتەکەی وەک دەسەڵاتی کوردی داهێنەربێت لە ناشیرینکردنی بەرامبەرەکەی، ئـەوەی ئەم دەسەڵاتەشی شێواندووە، دەسەڵات نییە بە مانا گەورەکەی، بەڵکو حیزبە بە دیوە ستالینینەکەی، بۆئەوەی هەموو پنتەکانی ژیان لەژێر زمانە زبرەکەی پیاوانی دەسەڵاتدا تووشی شەلەل نەبێت، دەبێت کەسانێک هەڵسن مانا بەو شتانە بدەن کە خۆیان بەشێکن لە دروستکردنی، لەخۆمانەوە دەستپێدەکەم، لە برینەکانو هەڵەکانی خۆمانەوە، لە باشیو خراپییەکانمانەوە، لەئایندەو ئێستامانەوە، تا هیچ نەبێت مۆدێلێکی تری نووسین دروستبکەین، کە بریتیبێت لەوەی، بەرلەوەی زمانی ئەوانی تر بەربێتە جوانییەکانمان، خۆمان خراپەکان چاک بکەین، ڕەنگە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنو ڕۆژنامەگەریی ئازادیش هەر ئەمە بێت کە دەست بۆ چاکەو خراپەکانی خۆیان ببەن، ئینجا سەریان بەرزبکەنەوە بۆئەوانی دی.

ئـەم پـەنـجـەرەیـە کـە لـەم ڕۆژنـامـەی ئۆپۆزسیۆنەدا کردوومەتەوە، بۆ قسەکردنە لەسەر ئۆپۆزسیۆنو بۆ قسەکردنیشە لەسەر دەسـەڵاتو جیاوازییەکان، ئەم هەوڵە لەم ڕۆژنامەیەوە، شکاندنی ئەو دیوارانەیە کە چارەکە سەدەیەکە لەم هەرێمەدا، دەسەڵات ئیش بۆ هەڵچنینیان دەکات. قەت نەمان دیوە کە هێزێک هەبێتو ڕێگەبدات لە پەنجەرەکانی خۆیەوە، قەڵەمێک هەبێتو قسە لەسەر هەڵەکانی بکات، دەشێت ئۆپۆزسیۆن ئەو ڕێگەیە بدات، بۆیە ئێمە لێرەین، هەر لێرشەوە دەتوانین دەست بۆ ئەوانی تر ببەینو باس لە ئاوازەکانی خۆشمان بکەین، ئا لێرەدا لە ئۆپۆزسیۆنەوە دەستپێدەکەم، لەسەر خوانەکەی ئۆپۆزسیۆن دادەنیشمو باس لە ماڵەکەی خۆیو دراوسێکانی دەکەم، باس لەو هێزە گەورەیەی خەڵک دەکەم کە هێزی گۆڕانە، باس لە ئازادییەکانو ستەمو فاشیەتی ئەوانی تر دەکەم. یەکەمین زەنگی من بۆ ڕەخنەگرتن لەسەر هەڵەکانی ئۆپۆزسیۆن، لە ڕۆژنامەکەی خۆیەوە دەستپێدەکات، ئەگەر کەسانێک نیگەران بن لێم، یان نا، دەستمپێکردووەو تا ئەو شوێنەی بینینی من دەڕوات، ناوەستم.

من ناڵێم، دەبێت گۆڕان چی بکات، من دەڵێم، دەبوا گۆڕان ئەمە نەکات، هەر ئەمەیە پەیامی من کە لەم پەنجەرەیەوە، دەست بۆ ئەو سێوانە دەبەم کە مرۆڤ لە بەهەشتەوە فڕێدەدەنە سەر سەختی ئەم سەر زەمینە. بۆئەوەی نەبینە سێبەر وەک ئـەوان، دەبێت لە ڕێگەی وشەکانەوە، خۆمان بدەینە بەر هەتاو.

# پرسی نەوت: کێ داوای لێبووردن لە کێ بکات؟



خالید ڕەزا – هۆڵەندا

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا بەکورتی باسمان لە داهاتی نـەوتو ئەنجومەنی هـەرێم بۆ پرسی نـەوت کـرد، لێرەدا هەوڵدەدەم دیسان بەکورتی تیشک بخەمە سەر لایـەنـێکی تـری یـاسـای ژمـارە (٢٢)ی نەوت. ڕەنگە هەبێت بڵێت ئەم کابرایە بۆ لەخۆیەوە سەری بێ دەلاک دەتاشێو هەقی ئەم پرسەی چییە؟، پرسیارێکی بەجێیە، بەڵام کێ هەیە لەبەردەم ناهەقی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان، شکاندنی یاساکانو تاڵانکردنی سامانی نیشتمانیدا خۆی پێبگیرێت؟، ئەمانە بەرد دێننە قسە.

مرۆڤ کاتێک کە ئەم یاسایە دەخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە ئەم یاسایە تەنیا لایەنێکی پیشەسازیی نەوت باس دەکات، ئەویش مەسەلەی ئیستیغلالکردنی نەوتی خاوە، ئەمیش خۆی لە پرۆسەی دۆزینەوە، پەرەپێدان، دەرهێنانو هەناردەکردن (تسویق)دا دەبینێتەوە!، ئەم لایەنەش تەنیا بۆ تێرکردنی خواستی بازاڕی جیهانیی نەوتە.

پرسیار ئەوەیە، ئەی کوا ڕێوشوێنە پێویستەکان بـۆ تێرکردنی بـازاڕی کوردستانو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هاوڵاتییانی کوردستان هەر لە بەنزین، غـاز، گـازوایـل تـا نـەوتـی سپی (کیرۆسین)و غازی شل؟، ئەوەی کە گرنگی پێنەدراوەو لە کولەکەی تەریشا باسی نەکراوە، پێداویستییە ژیانییەکانی خەڵکی کوردستانە!، بـەداخـەوە یاساکە وەک مانگایەک بۆ دۆشین مامەڵەی لەتەک خاکدا کردووە!، وەک ئەوەی کوردستان خاکێکی سوتماکی بێ گەلو خەڵک بێت!، یاساکە کە باس لە کۆمپانیاکانی نەوت دەکات، تەنیا باسی مامەڵەکردن دەکات لەگەڵ نەوتی خاو، واتە ئەو لایەنەی کە بازاڕی دەرەوە پێویستییەتیو کۆمپانیاکان پەیوەندییان بەشێوەیەکی نایاسایی!، جا ئیتر چش با خەڵکی کوردستانیش بۆ کڕینی تەنەکەیەک نەوتی پلیتەکوژو، بوتڵێک غازی بۆگەن لە قاچاخچییەکان! بە دیار سەرەگرتنەوە گەرمای هاوین بیانپڕوکێنێو سەرمای زستانیش بیان تەزێنێت.

لەدوای ئەو پێشەکییە ئێستا با بەشێنەیی سەرنج لە بەشی پێنجەمی یاسای ژمارە (٢٢) بدەینو هەندێک لەو کۆمپانیایانەی کە لە یاساکەدا هاتووە، بەسەربکەینەوە:

مـادەی دەیـەم: یـەکـەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت (KEPCO)، کە کۆمپانیایەکی گشتیی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییەو سەربەخۆیە لە ڕووی دارایی کارگێڕییەوە.

مادەی یازدەیەم: یەکەم: کۆمپانیای کوردستانیی نیشتمانیی نەوت (KNOC) دادەمـەزرێـت، کە کۆمپانیایەکی گشتیی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییەو سەربەخۆیە لە بواری کارگێڕیو داراییەوە.

مادەی دوازدەیـەم: یەکەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ بـەبـازارکـردنـی نەوت (KOMO) دادەمـــەزرێـــت، وەکـــو کۆمپانیایەکی گشتیی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییەو سەربەخۆیە لە بـواری کارگێڕیو داراییەوە.

بەپێی برگە هاوبەشەکانی دوو، سێ لە مادەکانی (١٠–١٣)، سەرۆکو ئەنجومەنی کارگێڕیی ئەو کۆمپانیایانە ئەنجومەنی وەزیران دایاندەمەزرێنێت، ئەویش دوای ئـەوەی کە متمانەی زۆرینەی ڕەهای پەرلەمان بەدەستدەهێنن، بەمەرجێک لە وەزارەت سەربەخۆبنو پسپۆڕبن لە بواری نەوتدا!، سەرۆکو ئەنجومەنی کۆمپانیاکان بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ دیاریدەکرێن، بەڵام بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای پەرلەمان دەتوانن بۆیان درێژبکرێتەوە.

زانیارییە داراییە پێویستەکانی پەیوەست بە مۆڵەتەکانو گرێبەستەکان بدات بەم سندوقە.

من نازانم ئایا ئەم سندوقە دامەزراوە یان نا؟، ئەی داهاتی سندوقەکە چەندەو لە کام بانکی کوردستان، عێراق، یان جیهان دانـراوە؟، بەپێی برگەی دووەمی مادەی پانزەیەمیش، سەرۆکو ئەندامانی سندوقی کوردستان لەلایەن زۆریـنـەی ڕەهـای پەرلەمانەوە متمانەیان پێدەدرێتو دەکەونە ژێر لێپرسینەوەی پەرلەمانەوە، ئیتر بۆچی کاکی وەزیـری نـەوتو بڕیاربەدەستە سیاسییەکانی کوردستان ئەم یاسایانە پێشێل دەکەن، مەگەر هەر خواو خۆیان بزانن ئەم داهاتانە چەندنو لای کێن؟

خاڵێکی سەرنجڕاکێشی تر ئەوەیە، کە بەپێی برگەی پێنجەم لە مادەی پانزە، ئەگەر کردنەوەی سندوقی کوردستان (KOTO) دواکەوت، وەزارەت دەبێت (دوو حسابی بانک)ی دیکەی هەبێت. یەکەمیان بۆ داهاتە بەدەستهاتووەکانی نەوتە لە کێڵگەکانی ئێستا، کێڵگەکانی ئێستا بەپێی برگەی شازدەیەم لە مادەی یەکەمی یاسای ژمارە (٢٢) بەمجۆرە پێناسی دەکات: «کێڵگەی ئێستا: ئەو کێڵگە نەوتییەی کە تا پێش ٢٠٠٥/٨/١٥ بەرهەمی بازرگانیی هەبوو».

جارێکی تر سەرنجی خوێنەر بۆ بەرهەمی بازرگانیی، وەک لە برگە مادەییەکەدا هاتووە، ڕادەکێشم.!!

دووەم حسابی بانک بۆ بەرهەمە نەوتییەکانی کێڵگەکانی ئایندەیە، کێڵگەکانی ئایندەش بەپێی برگەی حەڤدەیەم لە مادەی یەکەمی یاسای ژمـارە (٢٢) بەمجۆرە پێناسە کراوە: «کێڵگەی ئایندە: ئەو کێڵگە نەوتییەی کە تا پێش ٢٠٠٥/٨/١٥ بەرهەمی نەبووەو هەرکێڵگەیەکی نەوتی دۆزراوە یان لە ئەنجامی پرۆسەکانی دۆزینەوەی

ئەم قسەیە دوای زیاتر لە سێ ساڵ دێت بەسەر ئەو کابینە یەکگرتووەی کە بارزانی سەرۆکی بوو، ئێستا با بزانین لە کارەباو سووتەمەنیدا سەربەخۆین؟

کارەبای پارێزگای دهۆک لە تورکیاوە دێت!، کارەبای دوو قەزای گەورەی وەک پێنجوینو حاجی ئۆمەرانیش لە ئێرانەوە!، بەشێکی زۆری کارەبای کوردستانیش لە حکومەتی فیدراڵەوە!، دانیشتووانی هەر سێ پارێزگاکە پێویستیان بە نزیکەی (٢٠٠٠) مێگاوات کارەبا هەیەو بەرهەمی ناوخۆش حاڵی حازر نزیکەی (٩٧٠) مێگاواتێکە!، نەوتو بەنزینو غازیشمان لە دەوڵەتانی دراوسێو بەغداوە بۆ دێت!، بۆ جیاوازی نرخو کوالێتی بەنزینو نەوت لەنێوان عێراقو کوردستانیش بۆ خۆتانی جێ دەهێڵم، چونکە ئێوە ڕۆژانە دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن؟

سەربەخۆیی لە کارەبا چ مانایەکی دەمێنێت کاتێک گوێت لە ڕیکلامی (کۆمپانیای باڵەخانەکانی نزیک لە بەرپرسان) دەبێت، کە پێش ئـەوەی باسی کوالێتی بیناکان بکەن، باسی کارەبای بەردەوامەمان بۆ دەکەن، ئەویش بە مۆلیدە!

لـێـرەدا جـێـی خـۆیـەتـی لـێـدوانـە ڕۆژنامەوانییەکەی وەزیری نەوتیشتان بـیـربـخـەمـەوە، کـە بـۆ چـــاووڕاوو بەرپەرچدانەوەی ئۆپۆزسیۆن کردی، وتی: ئەو بەرهەمانەی کە دەیفرۆشین لە ناوخۆی کوردستان زیادە!، هەر ئەم قسەیەش بوو کە هانی وەزیری نەوتی عێراق، حسێن شەهرستانی دا (٥٠٪)ی سووتەمەنی کوردستان کەم بکاتەوە. بەڵێ خەڵکی کوردستان بەتەنیا ماڵو سامانیان نابرێت، بەڵکو دەبێت باجی هەڵەی بەرپرسانیش بدەن.

ئێستا من وەک هاونیشتمانییەکی کوردستانی بە مافی خۆمی دەزانم، پرسیار لە داهاتی ئەو دوو کۆنتۆیەو هەموو داهاتی نـەوت بکەمو وەزیـری سامانە سروشتییەکانیش بەپێی برگەی شەشەمی مادەی پانزە «سەیرکردنی ئەو داهاتانە بۆ هاوڵاتییان ڕەوایە»، ئەگەر بیەوێت ڕێز لە یاساکانی پەرلەمانەکەی خۆمان بگرێت، دەبێت بۆم ئاشکرا بکات، بەڵام بەداخەوە نە کاکی وەزیرو نە کاربەدەستە سیاسییە باڵاکانی هەرێم، کە لە پەنجەکانی تەنیا یەک دەست کەمترن، ئەم مافە نەک هەر بە منی هاوڵاتیو ڕۆژنامەنووسان ڕەوا نابینن، بەڵکو وەڵامی پەرلەمانی کوردستانو دەزگای دادوەرییش نادەنەوە، ئەی چارە؟، ئەمە دەبێت خەمی هەموومان بێت.

ئـاشـتـی هـــەورامـــی، وەزیـــری سامانە سرووشتییەکان، لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەی ٢٠١٠/٨/١٩–دا، دەڵێت: «دەبێت ئەوانەی بە نەشارەزایی کەیسی نەوتیان وروژانـــدووە، داوای لێبووردن بکەن»!.

ئێستا با بپرسین: کێ داوای لێبووردن لە کێ بکات؟ ئەوانەی دەیانەوێت پرسی نەوت وەک پرۆژەیەکی بازرگانیی ڕووت مامەڵە بکەن، یان ئەوانەی دەیانەوێت پرسی نەوت وەک کۆڵەکەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟

کێ داوای لێبووردن لە کێ بکات؟ ئـەوانـەی دەیانەوێت پرسی نـەوت بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستان بەکاربێت، یان ئەوانەی دەیانەوێت لە کەمترین ماوەدا زۆرترین سەرمایە دوور لە چاوی خەڵک کەڵەکە بکەن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەو زۆری تریش کە ڕەنگە ئەم وتارە لای خوێنەرانو خەڵک دروستی بکات بۆ خۆتانی جێدەهێڵم.

دەستم لە هەویرە تا بەشی سێیەم هەر ئەوەندەم لەبیرە.

* سوودم لە وتارێکی دکتۆر محمد عەلی زینی، پسپۆڕی نەوتو ئابووریی لە مەرکەزی دیراساتی وزەی جیهانیی–لەندەن وەرگرتووە.

تێبینییەکی پێویست: داڕشتنی مادەو برگە یاساییەکان بەبێ دەستکاریکردن ڕامگواستوون، هەر ناڕێکوپێکیو هەڵەیەکی ڕێزمانیی لە ملی زمانزانەکانی پەرلەمانی کوردستانە.

**ئایا ئێستا لە کوردستان ئەم کۆمپانیایانە کە بە یاسا دیاریکراونو دامەزرێنراون، متمانەی ڕەهای پەرلەمانیان بۆ دانانی سەرۆک و ئەنجومەنەکانیان دراوەتێ؟ یان کۆمپانیای نایاسایی جێی گرتوونەتەوەو کەس نازانێت ژمارەیان چەندنو هی کێنو سەرمایەو داهاتیان چەندە؟**

بە پێداویستییەکانی خەڵکەوە نییە بۆ بەرهەمە نەوتییەکان، تا کۆنتراکتەکانیش ئاشکرا نەکرێن ئەم لایەنە وەک مەتەڵێک دەمێنێتەوە.

بەندە بۆ ئـەوەی زانیاریی پێویستم دەسـتـکـەوێـت، سـەرم کـرد بـە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زۆرێـک لە کۆمپانیا گـەورەکـانـی نـەوتـداو چوومە پێگەی ئەلیکترۆنیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تا زانیارییەکم لەسەر وەزارەتی نەوتی کوردستان دەستبکەوێت، لە (٢١) وەزارەت، تەنیا (١٣) وەزارەتیان ماڵپەڕی تایبەت بە خۆیان هەبوو، ئەویش وەزارەتی نەوتی تێدانەبوو!

ئێستا ئەگەر تەماشای کۆمپانیا جیهانییە گەورەکانی نەوت بکەین لە بابەتی شێڵ (Shell)ی هۆڵەندی، تۆتاڵی فەرەنسی، (BP)ی بەریتانی، یان کۆمپانیاکانی نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوین لەبابەتی کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیە، کۆمپانیای نەوتی کوەیتیو کۆمپانیای نەوتی ئێرانی، دەبینین ئەم کۆمپانیایانە بەشێوەیەکی ستوونی متکامل (Vertically integrated) هەم بەدوای سەرچاوە (upstream) گەڕانو دۆزینەوەو گەشەپێدان، بەرهەمهێنانو دۆزینەوەی بازاڕ بۆ نەوتی خاو دەگەڕێن، هەم خەریکی (downstream) پاڵاوتنی نەوتو گەیاندنی بەرهەمە نەوتییەکانن بە هاوڵاتییەکانی خۆیان، شانشینی عەرەبیی سعودیو کوەیت لەدوای داگیرکردنیشەوە، نەک هەر بەشی ناوخۆی وڵاتەکانیان، بەڵکو بەرهەمە نەوتییەکان (بەنزین، دیزل...) بۆ دنیای دەرەوەش دەنێرن، لە ڕاستیدا ئەمە ئەرکی نۆرماڵیی هەر کۆمپانیایەکی نەوتە!، بەڵام کۆمپانیاکانی ئێستا لە کوردستان، کە دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا بۆ خۆیانیان قۆرغکردووە، بەتەنیا لە خزمەتی بـازاڕی دەرەوەدان، ئەویش

خـوێـنـەری ئـازیـز، سـەیـری ئەو کۆمپانیایانەی سەرەوە بکە هەر هەموویان کۆمپانیان بۆ دۆزینەوەی نەوتو دەرهێنان، دۆزینەوەی بـازاڕ بۆ فرۆشتنی نەوتی خاو، بێئەوەی لە خەمی بەرهەمهێنانو پاڵاوتن، دابەشکردنو تێرکردنی بازاڕی کوردستانو خەڵکەکەیدا بن!، بۆیە ئەم یاسایە زیاتر بۆ بازرگانیکردنە بە نەوتەوە، خـڕکـردنـەوەی داهاتێکی بێشومارە کە تەنانەت پەرلەمانیش نازانێت ئەو ملیاران دۆلارەی کە لە فرۆشتنی نەوت دەستدەکەوێت چەندە، لای کێیەو لەکوێیە!.

پرسیار ئەمەیە: ئایا ئێستا لە کوردستان ئەم کۆمپانیایانە کە بە یاسا دیاریکراونو دامەزرێنراون، متمانەی ڕەهای پەرلەمانیان بۆ دانانی سـەرۆکو ئەنجومەنەکانیان دراوەتێ؟ یان کۆمپانیای نایاسایی جێی گرتوونەتەوەو کەس نازانێت ژمارەیان چەندنو هی کێنو سەرمایەو داهاتیان چەندە؟، ئەی کێ دەزانێت کۆمپانیای عێراق ئۆیەڵو (دی ئێن ئۆ)هی کێن؟، کە بەپێی ئەم یاسایە دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەیان پێ درابـێـت؟، بەپێی مادەی چواردەش، ڕێکخستنی ئەم کۆمپانیانەی ناو یاساکە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سپێردراوە.

لە بەشی شەشەمی یاساکەشدا بەم جۆرە باسی بەڕێوەبردنی داهاتو بەشە تایبەتییەکان دەکات:

مـادەی پـازدەم: یـەکـەم: سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان (KOTO) دادەنرێتو کەسایەتی مەعنەویی هەیەو سەربەخۆیە لە بواری داراییو کارگێڕیی، میکانیزمی دانانی سەرۆکو ئەنجومەنی ئەم سندوقەش وەک هی کۆمپانیاکانی سەرەوەیە.

بـرگـەی سێیەمی مـادەی پـازدە وەزارەت پابەند دەکات، کە دەبێت هەموو ئایندەدا دەدۆزرێتەوە».

بەپێی بـرگـەی پێنجەمی مـادەی پانزەیەمیش، هەردوو حسابەکە بەشێک لە داهاتی گشتیی هەرێم پێکدێنو دەکەونە ژێـر چاودێریی پەرلەمانەوە، هەر بۆ بیرخستنەوە، داهاتی نەوت لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمدا هیچ جێگەیەکی نییە!، وا ساڵیش بەرەو کۆتایی دەڕوات، تۆ بڵێی داهاتەکانی نەوت، کورتهێنانەکەی ساڵی پاری پودجە، کە (٨٣٠) ملیار دینار بوو، بۆ ساڵی ئایندە پڕبکاتەوە؟ کێ لە جێبەجێنەکردنی ئەم یاسایانە بەرپرسیارە؟ حکومەتو حیزبو وەزیری پەیوەندیدار؟، یان خەڵکی تر؟

نێچیرڤان بارزانیش لە چاوپێکەوتنەکەی ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٢٥ دا، کە لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە کردوویەتی، لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووسەکەدا، دەڵێت: داهاتەکە من خۆم ئاگادارمو لە حسابی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دانـراوەو (٢٠٠–٢٥٠) ملیۆن دۆلارە!، لە ڕاستیدا بەپێی مادە یاساییەکان کە ئێمە مەبەستمانە قسەی لەسەر بکەین، هیچ حسابێک نییە ناوی حسابی وەزارەتی نەوت بێت!، لەیاساکەدا هەر ئەو ناوانە هاتوون کە ئاماژەمان پێداون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونی ناکاتەوە کە ئەو بڕە پارەیە هی کام لەو کۆنتۆیانەیە، هی کێڵگەکانی ئێستا؟، ئەوانەی ئایندە؟، یان سندوقی کوردستان؟، تۆ بڵێی ئەو پارەیە کە وەک جێگری سەرۆکی پارتی باسی دەکات لەو ماوە زۆرەدا، کە چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە، هیچ زیادی نەکردبێت؟

هەر لە هەمان چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا، نێچیرڤان بارزانی باسی پرسی نەوت دەکاتو دەڵێت: «ئێمە دوو پرەنسیپی گرنگمان دارشـت، یەکەم: سەربەخۆیی لـە کـارەبـا، دووەم: سەربەخۆیی لە سووتەمەنی».

khalidramin@live.nl

# ئازادیی رادەربڕین.. ئازادیی فیکرو بۆچوون



بێستون محەمەد ساڵح

هەرێمی کوردستان پاش نۆزدە ساڵو سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانیو زیاتر لە شەش کابینەی حکومەت لەلایەک، لەلایەکی تر داهێنانی پۆستی سەرۆکی هەرێمو دارشتنی یاسای تایبەت بەخۆی (یاسای ژمارە/١سالی ٢٠٠٥)، یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان بە ژمارە (٣٥)ی سالی (٢٠٠٧) لە مادەی (٩)دا، لە (سێ) برگەدا موخالەفەو سزاکانی دیاریکردووە.

لێ دەسەڵات گەرەکییە بڵێت؛ ئەوە ئێمەین لە دەروازەی دادگا دەدەین بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاسا!، بەڵام کاتێک شەنو کەوی ئەو داوایانەی لەسەر کۆمەڵێک گۆڤارو رۆژنامە بەرزکراونەتەوە، کار بە دەقەکانی یاسای رۆژنامەگەریی کوردستان ناکرێت، بەڵکو کار بە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی سالی (١٩٦٩) دەکرێت.

لەکاتێکدا رێسایەکی یاسایی پێماندەڵێت: (الخاص یقید العام)، واتە لەکاتی بوونی یاسایەکی تایبەت بۆ بوارێکی تایبەت، لە هەمان کاتدا یاسایەکی گشتیی هەبێت، ئەوا ئەو رێسایەی سەرەوە پەیرەو دەکرێت. دیارە گەمەی دەسەڵات سەبارەت بە سەروەریی یاسا خۆڵکردنە چاوە، زیاتر تەسککردنەوەی دەنگو رەنگو قەڵەمە ئازادو کەسە دڵسۆزو خەمخۆرەکانی ئەم وڵاتەیە.

گەر بە دەسەڵات بێ، کۆچو رەوی نەیارو دەنگە زوولاڵەکان، مادام لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەوان دەدات، حەزیان وایە بە جەهەننەم بچن.

مەفهومی موخالیف، بۆ بۆچوونو ئەدای بەرێوەبردنی ئەوانو رەخنەگرتن لە کارو کردەوەیان هەرگیز لێخۆشبوونی نییە.

کایەی دەسەڵات کایەیەکی هەردەم داخراوە، زۆنگێکە پڕیەتی لە هێڵی سووری بێ تامو بێ بۆنو بێ رەنگ. قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی کوردی عەجایەبی زۆرترە وەک لە یەکگەیشتن، ئەوان نایانەوێت گوێگر بن، هەمیشە سەردەستەو پلەیەک خۆیان دەنوێنن.

پیرۆزییەکان، هەرەسی بە میکانیزمی عەقلی تەکنۆکراتو فیکری لیبراڵ هێناوە.

مەخابن هێندە بە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبییەوە خەریکن، چارەکە هێندێک بیر لە بەرژەوەندیی باڵای گەلو نیشتمانەکەیان ناکەنەوە. کاتێکیش دێتە سەرباس، کاڵای سیاسییان بە خەڵکی رەشو رووتی ئەم وڵاتە دەفرۆشنەوە، بزانن کۆنگرەو کۆنفراسە حیزبییەکانیان بودجەی زلو زەبەلاحیان بۆ تەرخان کردووە.

قۆناغی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی کوردی گەلێک مەترسیدارە، زیانلێکەوتووی پلە یەک خۆیان دەبن.

کار بەوە گەیشتووە، وێڕای هەموو کەلێنو کورتیو نەدارییو کەمیی خزمەتگوزارییو تەشەنەکردنی لەرادەبەدەری فەسادی ئیداریو سیاسیی، گەل دانی بەخۆیدا گرتووە، چونکە بە مەفهومی خۆماڵیی کوردایەتی تەسکبینو حیزبایەتی تایبەت، باشترە لە هەیبەتی بێگانە.

وەلێ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بیری لێ دەکاتەوە پێ دەچێت دوا بزماری تابووتی مێژووی بەرخۆدانی بەرژەوەندییەکان بێت. دەنا بەشەرمەوە زاتی ئەوەی نەدەکرد بیر لەوە بکاتەوە، ئازادیی لە تەعبیرو فیکرو رادەربڕین چ بە قسەو چ بە نووسین بقەو گۆمێک بشلەقێنێت، مەحاڵە گەل ئەرێی بۆ بکات.

جون ستیوارت میل، بەر لە دوو سەدە وتوویەتی: (گەر هەموو بەشەرییەت تەنیا خاوەنی رایەک بن، وەلێ کەسێک هەبێ رایەکی جیاوازی هەبێت، بێدەنگکردنی ئەو کەسە هیچ جیاوازییەکی نییە لەوەی کە هەموو بەشەرییەت لەلایەن ئەو کەسەوە بێدەنگ بکرێت، ئەگەر هێزی بۆ دابین بکرێت).

تەنیا شتێک سەروەریی بێ بۆ قارەمانێتی ئەم گەلە، ئەوەیە گەلێک چۆکی بۆ بەعس نەدا، بە ئەنفالو کیمیابارانو تەهجیرو تەبعیسو تەرحیل لەناو نەچوو، مەحاڵە ئێستا لە ساتو قۆناغی قەڵەمڕەوی حیزبی کوردیدا، بەو گەلە بوترێت، ئازادییەکان کۆتو بەندو مەرجدارە!، قسەو نووسینو بۆچوون ئازاد نییە.

ئەمە کارەساتو قەیرانە حیزبی کوردی پێدا دەگوزەرێت، وەلێ خۆشحاڵ دەبووین لە پەیرەو و پرۆگرامی کۆنفراسو کۆنگرەکانی سەدەی بیستویەکتان، بێ عەیەبی نەبێ (مادەو برگە)ی سەبارەت بە جۆری ئازادییەکان رەشکەنەوە، تا نوێبوونەوە مانای ئازادیی تێدا نەبێت، ئەوسا چارەنووسی خۆتان ئۆباڵی لە ئەستۆی خۆتانە.

nalia co.
www.naliagroup.com

## هەلی کار لە کۆمپانیای نالیاوە

کۆمپانیای نالیا پێویستی بە ژمارەیەک کارمەندە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. بەرێوەبەری کارگێری
٢. ئەندازیاری شارستانیی
٣. ئەندازیاری تەلارساز
٤. ژمێریار
٥. پارێزەر
٦. کارمەندێک بۆ بەشی کارگێری
٧. کارمەندێک بۆ بەشی فرۆشتن.

تێبینی بۆ سەرجەم پۆستەکان: مەرجە ئەو کەسانەی CV پێشکەش دەکەن هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ بن و ئەزموونی کارکردنیان لە بوارەکەی خۆیاندا لە پێنج ساڵ زیاتر بێت. جگە لە بەرێوەبەری کارگێری کە دەبێت ئەزموونی کارکردنی لە ١٠ ساڵ زیاتر بێت.

دوابەروار بۆ پێشکەشکردنی CV ١٠/١٠/٢٠١٠ یە.
ناونیشان: سلێمانی ـ ناو گوندی ئەڵمانی ـ ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای نالیا.

www.naliagroup.com




چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩